گایاتری سپیڤاک

# ژێردەستە دەتوانێ قسەبکا؟

وەرگێڕانی: پ.ی.د. سەنگەر حاجی

لـە بڵاوکراوەکانـی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتـی دیموکراتـی
کوردسـتان

**ناوی کتێب:** ژێردەستە دەتوانێ قسەبکا؟
**نوسینی:** گایاتری سپیڤاك
**وەرگێڕانی:** پ.ی.د. سەنگەر حاجی
**دیزاینی ناوەوە و بەرگ:** دیار سەعید پیرانی
**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی
**ساڵ و شوێنی چاپ:** ٢٠٢٢ - هەولێر
**چاپخانە:** ڕۆکسانا
**تیراژ:** ٢٠٠٠ دانە

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی سپاردنی (٨٤٦) ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە**

# پێشەکی

زۆرن ئەوانـەی بـە ژێردەسـتە و پاشـکۆ و پەراوێـز و خەڵکـی جیهـانی دووەم و سـێیەم و چـوارەم ناویـان دێ. ئـەم زۆرانـە دەکـرێ ئافـرەت بـن و بچەوسـێنرێنەوە، دەکـرێ بەنـدە بـن و خاوەنەکەیـان، بەهـۆی هـەژاری و ڕەنگـی پێسـتیان، بووبێتـە خاوەنیـان و چـۆنی بـوێ وا مامەڵەیـان لەگەڵـدا بـکا و دەشـکرێ یاریزانێکـی تۆپـی پـێ یـان باسـکە بـێ و لـە دونیای پۆسـتمۆدێرن و پۆسـت- پۆسـتمۆدێرندا خوێنـی کڕدرابـێ و مامەڵـەی ژێردەسـتەیەکی لەگـەڵ بکـەن، ڕەنگیشـە تاکێـک بـێ، بەدیـار شاشـەی تەلەفزیۆنێـک یـان مۆبایلێک دانیشـتبێ و کۆنترۆڵێکـی لەدەسـت گرتبـێ، یـان پەنجـە ببزێـوێ و وردە ورەدە کەناڵـەکانی تەلەفزیـۆن یـان پـەڕە ئەلیکترۆنییـەکان هەڵداتـەوە و ئومێـدی ئەوەبـێ کـە ئـەم ئـەو ئامرازانـە و لـە ڕێـی ئەوانیشـەوە جیهـانی کۆنترۆڵکـردووە، بـێ ئـاگا لـەوەی بووەتـە ژێردەسـتەی تەکنەلۆجیـا و تەکنەلۆجیـا کۆنترۆڵـی کـردووە.

مـرۆڤ بـە هەمـوو ئەوانـەی سـەرەوە و بـە زۆر ڕێـگا و شـێوازی دیکـەش دەبێتـە ژێردەسـتە و پاشـکۆ و لـە پەراوێـزدا دەبـێ، بـەڵام جۆرێکـی ژێردەسـتەیی و پاشـکۆبوون و پەراوێزبـوون هەیـە کـە لـە هەمـوو ئەمانـە سـەختتر و بەرفراوانتر و درێژخایەنتر و کارەسـاتبارترە، ئەویـش نەبـوونی دەوڵەتـە، چونکـە کـە نەتـەوە دەوڵـەتی نەبـوو، هەمـوو ئـەو جـۆرە بەندایـەتی و ژێردەسـتەییانە و بگـرە زیاتریـشی بەسـەردا دەسـەپێن. ئـەو نەتەوانـەی دەوڵەتییـان هەیـە، ئەگـەر ژێردەسـتەش بـن، ژێردەسـتەییەکەیان لـە ژێردەسـتەیی نەتـەوە بـێ دەوڵەتـەکان جیـاوازە، ئەگـەر داگیرکراویـش بـن، داگیرکرانەکەیـان لـە داگیرکـرانی خاکـی نەتـەوەی بـێ دەوڵـەت ناچـێ و ئەگـەر

تاکێکی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت لە ئۆلۆمپیاتێک میدالیایەکی زێڕ یان زیو بباتەوە، دووبارە سەرکەوتنەکەشی لەسەرکەوتنی تاکی نەتەوەی بێ دەوڵەت ناچێ.

دوا ڕستە لە کۆپلەی سەرەوە وەردەگرم و لەگەڵ ڕوانینێکی ‹‹هیگڵ›› لێکیان دەدەم کە دەڵێ ‹‹ئەو نەتەوەیەی دەوڵەتی نەبێ، دەکەوێتە دەرەوەی مێژوو››. کوردێک (عێراقی، سووری، ئێرانی، تورکیایی) میدالیاییەکی زێڕی لە ئۆلۆمپیاتێک وەدەستهێناوە، ئەگەر کورد بێ و ڕەگەزنامەی عێراقیی هەبێ، ئەوا بە فەرمی و لەسەر ئاستی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا سەرکەوتنەکە بۆ عێراق تۆمار دەکرێ و ناوی کورد لە هیچ کوێ نایێ، ئەوەی تۆمار دەکرێ مێژووە و کوردیش لە مێژوو، چونکە دەوڵەتی نییە، بەدەرکراوە، کەواتە ئێمە لەدەرەوەی مێژووین. ئەمە نموونەیەکی سادەیە، بەڵام دەکرێ لەسەر هەرچی ڕووداو و دیاردە هەیە کە پەیوەندیی بە نەتەوەی بێ دەوڵەتەوە هەیە، تاقیبکرێتەوە و لەسەر هەموویان ڕاست دەردەچێ.

ڕزگاربوون لە پەراوێزبوون و ژێردەستەیی تەنیا کاتێک ڕوودەدا کە نەتەوە بوو بە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، چونکە ‹‹دەوڵەت قۆناغێکی ڕاگوزەر نییە لە ژیانی مرۆڤدا و تێیپەڕێنێ، بەڵکو ئامانجی کۆتاییە››، ئەمەش قسەی ‹‹هیگڵ››ە و واتاکەی ئەمەیە، مرۆڤ کە بوو بە خاوەنی دەوڵەت، ئیدی دەبێ بە خاوەنی زۆر شت و زۆر شتیش چاوەڕێیەتی تا ببێ بە خاوەنی، چونکە بوون بە خاوەنی دەوڵەت، واتە کۆتایی مێژوو، واتە ئیدی لە پشت ئەم خاڵەوە خاڵێکی دیکە نییە، تا تێیپەڕێنێ، بۆیە هەموو ئەوەی ڕوودەدا لە چوارچێوەی بازنەی دەوڵەتدا دەبێ و لەوێ

بڕیاری لێدەدرێ. هەر ئەو دەڵێ ‹‹مەبەستی مێژوو دەوڵەتە و مەبەستی دەوڵەت ئازادییە و ئازادیش بەبێ دەوڵەت نییە››، ئەمەش وەڵامێکە بۆ ئەوانەی لە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لێرەولەوێ پاساوی ئەوەیان دەهێنایەوە کە ئازادی نییە، بۆیە دەنگ بە ‹‹بەڵێ›› نادەن. ئەوەی ئازادیی دەوێ، دەبێ یەکەمجار دەوڵەتی هەبێ، هەر ئازادییەک لە بێ دەوڵەتیدا، ئازادییەکی لەخشتەبەرە و لە وەهمێک زیاتر نییە و خۆ خەڵەتاندنە.

من ئەم کتێبەم لەبەر سێ هۆ وەرگێڕاوە: یەکەمیان لەبەرئەوەی باسی خەڵکی ژێردەستە و پاشکۆ و پەراوێزخراو دەکا، جا پاساو و هۆکاری ژێردەستەبوونیان هەرچییەک بێ، یان بووبێ. کورد نەتەوەیەکی ژێردەستە و پاشکۆ و پەراوێزخراوە، بۆیە پێویستە ئەم کتێبە بخوێنرێتەوە، تا پتر لەوە دڵنیابین کە ئێمە ژێردەستەین و هێشتا ئازاد نین و ئازادیش نابین، تا دەوڵەتمان نەبێ و بە تەواویش نابینە بەشێکی کاریگەر یان لایەنی کەم زیندووی ئەم جیهانە، چونکە ئەو جیهانەی لە سەدەی بیستەمدا داڕێژراوەتەوە، ئێمەی تێدا پەراوێزخراوین. بۆ ئەمە با لە ناوی بەرفراوانترین دامەزراوەی سەر ئەم زەویە ڕامێنین کە ‹‹نەتەوە یەکگرتووەکان››ە، ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین هەردوو زاراوەی ‹‹نەتەوە›› و ‹‹دەوڵەت›› وەک هاوواتای یەکتر بەکارهاتوون، ئەمە دانپێدانانێکە کە ئەوەی دەوڵەتی نییە، نەتەوەش نییە، ئەمەش دووبارە سەلمێنەری ئەوەیە، ئەوەی دەوڵەتی نەبێ، لەدەرەوەی چاکی و خراپی ئەم جیهانەیە. ڕیفراندۆم بۆ ئەوەبوو ئێمەش ببین بە بەشێک لەو چاکی و

هەواڵنامەی کتێب

خراپیانە و بڕیارمان هەبێ، نەک هەمیشە بڕیارمان لەسەر یان لەبارەوە بدرێ.

هۆی دووەمی وەرگێڕانی ئەم کتێبە ئەوەیە، سپیڤاک فەیلەسوفێکی پۆست-کۆلۆنیالە و وەک زۆرێک لە فەیلەسوفانی پۆست-کۆلۆنیال، باوەڕی بەوە هەیە کە ئەم ڕۆژهەڵاتەی ئێمەی تێدا دەژین، نە ئێمە دروستمانکردووە و نە ئێمە بڕیاری لێدەدەین و نە ڕای ئێمەش وەرگیراوە لەکاتی دروستکردنی، بۆیە ڕۆژهەڵاتی ئێستا، ڕۆژهەڵاتی ڕۆژئاواییەکانە، نەک هی خودی ڕۆژهەڵاتییەکان. ئێمەی کورد گەورەترین نەتەوەین کە زۆرترین کارەساتمان بەدەست کۆلۆنیالیزم و ئیستیعمار چەشتووە و زۆرترین باجیشمان داوە و دەدەین، بۆیە دەبێ بەشێکی کار و بیرکردنەوەمان بۆ قۆناغی پاش-ئیمپریالیزم تەرخان بکەین. ڕیفراندۆم ڕەتکردنەوەی پلانی سەت ساڵەی ئیستیعمار و ئەو ڕۆژهەڵاتەبوو کە ڕۆژئاوایی ویستوویانە و دەیانەوێ. ئێمە(زۆرینەمان) لەوێدا گوتمان ‹‹بەڵێ››، بەڵێیەک کە ڕێک تامی ‹‹نا››کەی کامۆی دەدا لە کتێبی ‹‹یاخی››. کامۆ پێیوایە مرۆڤ کاتێک ئازاد دەبێ کە فێربێ بڵێ ‹‹نا››، ئێمەش لە ڕیفراندۆمدا ئەوەمان گوت و لە ساتێکی مێژووییدا گوتمان ئێمە هەین و چەند ڕۆژێکیش بە ڕێگاوە بووین، تا بچینە ناو مێژوو و چیدیکە لە دەرەوەی مێژوو نەمێنینەوە و بۆمان هەبێ قسەبکەین، بەڵام نەیانهێشت...

لەم کتێبەدا سپیڤاک پێماندەڵێ، ڕۆژئاواییەکان بە هیچی ڕۆژهەڵاتییەکان قایل نین، ئەوان تاوانێک کە لە ڕۆژهەڵات دەکرێ زۆر گەورەی دەکەن و لە دژی دەوەستنەوە، بەڵام هەمان

تـاوان لای خۆیـان ئاسـایی وەردەگیـرێ. هەروەهـا ڕۆژئاواییـەکان هەمـوو ئـەو کارانـەی لەسـەر گـۆی زەویـدا هەن دابەشـیان کـردوون و ئـەوان بڕیـار دەدەن کـە کـێ چ کارێـک بـکا، بـۆ نموونـە کۆمپانیای دروسـتکردنی ئۆتۆمبێـل هـی ئەوانـە و دەیبـەن لـە وڵاتێـک کـە لـە جیهـانی دووەم یـان جیهـانی سـێیەم دایـە و کرێـی کرێـکار تێیـدا هەرزانـە، دروسـتی دەکـەن و بەرهەمـە باشـەکەی لـێ دەبەنـەوە وڵاتـانی جیهـانی یەکـەم و ئـەوانی دیـش بـە پلـە بـۆ جیهـانی دووەم و سـێیەم بەجێدێڵـن. لەنـاو ئـەو تێکەوڵێکـە ئابوورییـەی هەیـە، دووبـارە ئێمـە کـە بـێ دەوڵەتیـن، کەوتووینەتـەوە دەرەوەی کارەکە، چونکـە ئێمـە دەوڵەتمـان نییـە و خەڵکـی بـێ دەوڵەتیـش سـەر بـە جیهـانی چوارەمـن.

یەکێـک لـەو بابەتانـەی سـپیڤاک لـە قۆناغـی پـاش- ئیمپریالیـزم هەڵبـژاردووە، پرسـی ڕۆشـنبیرانی ڕۆژهەڵاتـە جا چ لـە وڵاتی خۆیـان بژییـن و چ ئەوانـەی لـە ڕۆژئـاوان، لەبارەیانـەوە دەنووسـێ: ‹‹لـە باشـترین حاڵەتـدا، هەواڵهێنـی ناوخۆییـن کـە ئەوەمـان بـۆ دەگوازنـەوە کـە ڕۆشـنبیرانی جیهـانی یەکـەم، ئەوانـەی بایـەخ بـە ‹‹دەنگـی ئـەوی دیکـە›› دەدەن، دەیڵێـن.›› ئـەو بـاسی دەسـتەبژێر و ڕۆشـنبیرانی هینـد دەکا، بـەڵام بەشـێک لـە ڕۆشـنبیرانی کـورد ئەمـەش ناکـەن و ئـەوەی دەیڵێـن دووبـارە دەبێتـەوە پەراوێـز بـۆ ئـەوەی لـە ڕۆژئـاواوە گوتـراوە، چونکـە ڕێـک چـی گوتـراوە نایگوازنـەوە، بەڵکـو بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان دەسـتکاری دەکـەن، یـان لەگـەڵ گوراحی سیاسـی و ڕۆشـنبیری خۆیـان دەیگونجێنـن، ئینجا دەیگوازنـەوە. هەروەهـا سـپیڤاک کاری قووڵـتر بـۆ ڕۆشـنبیران دیـاردەکا و پێیوایـە کاری ئـەوان ئەوەیـە ‹‹پێویسـتە ڕۆشـنبیران هەوڵبـدەن گوتـاری

کۆمەڵگاکانی دیکە بدۆزنەوە و بناسن.››، ئەم دۆزینەوەیە دەبێ بۆ خزمەتی وڵاتی خۆیان بێ، نەک ببنە گێڕەرەوەی ئەوانی دیکە و تەنیا سەرسامی خۆیان بە هەرچی لە ڕۆژئاوا بەرهەم دێ دەربڕن. ئەو پێوەرێک بۆ ڕۆشنبیرانی پاش-ئیستیعمار دیاردەکا کە بریتییە لەوەی ‹‹ڕۆشنبیرانی پاش-ئیستیعمار ئەوە فێردەبن کە ئیمتیازیان بریتییە لە زیانلێکەوتنیان. ئەمانە نموونەی ڕۆشنبیرانن››، لێرەدا و بە قسەی سپیڤاک بێ پێوەر ئەوەیە ڕۆشنبیر زیانی لێبکەوێ، نەک لە پەراوێزی ڕۆشنبیرانی جیهانی یەکەم و دووەمدا خۆی مەڵاس بدا و خۆی لە ئاوازێک بخوێنێ و نەتەوەکەشی لە ئاوازێکی دیکەدا. سپیڤاک ئاوازی نەتەوە و جەماوەری پێ دروستترە لە ئاوازی ڕۆشنبیر و ئەمە دەڵێ: ((جەماوەر بە ڕوونی دەزانێ چی دەوێ))، ئێمە جارێکی دیکە بەرەوڕووی ‹‹بابەتی لەخشتەنەبران››- دەبینەوە، جەماوەر زۆر باشتر لە (ڕۆشنبیران) لە بابەتەکە تێدەگەن و ئەمەش بە ڕوونی دەڵێن))، مەبەستی سپیڤاک لێرەدا ئەمەیە کە جەماوەر باشتر دەزانن کۆمەڵگا لە چ کاتێک پێویستیی بە چ جۆرە دەسەڵات و نەریت و کەلتور..هتد هەیە و لەو ڕووەوە ئەوان لە ڕۆشنبیران حاڵیترن.

هۆی سێیەم کە من ئەم کتێبەم وەرگێڕاوە، ئەوە بوو: ویستم هەموو ئەمەی لەسەرەوە نووسیومە بیڵێم..

سەنگەر حاجی

ناونیشـانی ڕەسـەنی ئـەم وتـارە: ((دەسـەڵات، خواسـت، بەرژەوەندیـی))[١] بوو، لەڕاستیشـدا، بە چاوپۆشـین لـەو ڕەهەندانەی چەمکـی دەسـەڵاتی قەڵەمـڕۆ بـۆ ئـەم ناونیشـانە لەخۆیـان دەگـرێ، دواتـر لـە لێڕامـان و لـە ڕێـی وتـاری دیکـەدا دەتوانـرێ لێکبدرێتەوە. شـایەنی ئاماژەپێکردنـە ئـەوەی ئێمـەی هانـدا بۆ نووسـینی ئـەم وتارە و دواتریـش ناچاربوویـن دەسـتکاری بکەیـن، تێکەڵەیەکـە لـە نێـوان ئەوانـەی بایـەخ بـە کاروبـاری سـیاسی دەدەن و بۆچـوون و تێڕوانینی ئێمەیـان ڕەتکردووەتـەوە، ئەمـە لەلایـەک، لاکەی دیکـەی ئەوەیە کە خواسـتەکانمان لـە ڕووی تیۆرییـەوە خورتییـان لـێ کردووین، تـا لـەم وتارەدا جێیان بکەینەوە. هەرچی شـێوازی ناونیشـانەکەیە کە لە سـێ هەنـگاو پێکـدێ، چ لە سـەر ‹‹گوتـاری پابەندبـوونی یەکلاکـەرەوە›› و چ لەسـەر گوتارێـک کـە لەمیـش شـاراوەترە، پراکتیزە دەکـرێ، چونکە ئەمـە شـوێنپێی ئـەوە هەڵدەگـرێ کـە ئەڵتۆسـێر بـە لێزانی نـاوی ناوە ‹‹فەلسـەفەی شێوان(شـێواوی)- Philosophies of denegation››[٢].

مـن ڕێـگای خـۆم بـەم شـێوازە ڕووگیـرە دەستنیشـانکردووە، بـە مەبەسـتی زەقکردنـەوەی حەقیقەتێـک کـە سـوودەکەی ئەوەیـە، لـە کۆتاییـدا پێگـەی بانگەشـەی هێنـانی لێکۆڵـەر بـۆ گۆڕەپـانی پرسـیار، تەنیـا وەهمێکـە و واتاکـەی تـەواو نابـێ، ئەگەر بێ و لـە چوارچێوەی دەربڕینـە ڕەخنەییـەکانی ئـەم دواییـە کە لەبـارەی بابەتی سـەروەرییە،

(١) مـن سـوپاسی خاشـل تولیـان دەکـەم کـە یەکەمجـار ئـەم وتـارەی خوێندنـەوە و بـەوردی لەبارەیـەوە نـووسی.

(2) Louis Althusser, lenin and philosophy and Other Essays, trans, Ben Brewster (New York: Monthly Review Press, 1971). P66.

پاشەکشە بکا. بەمشێوەیە و سەرەڕای ئەوەی من بەدرێژایی ئەم وتارە هەوڵدەدەم زەمینە بۆ بنیاتنانی هەڵوێستە پەرتەوازەکەم بڕەخسێنم و بیخەمەڕوو، بەڵام لەوە دڵنیام کە ئەو جۆرە دەستپێشخەرییانە سنووردارن و بەس نین.

ئەم وتارە، ئەوەندەی پێویست بکا، ڕێچکەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگرێتەبەر. لە ڕەخنەگرتن لە هەوڵە هەنوکەییەکانی ڕۆژئاواوە دەستپێدەکا بۆ ڕاکێشانی بابەتەکە، تا دەگاتە پرسی چۆنیەتی نوێنەرایەتیکردنی جیهانی سێیەم لە چوارچێوەی گوتاری ڕۆژئاواییدا. هەروەها بە درێژایی ڕێچکەی ئەم توێژینەوەیە، دەرفەتی ئاماژەدان بەوەم بۆ دەڕەخسێ کە بڵێم، کردەی دوورخستنەوەی بابەت لە ناوەند(مەرکەز)، تا ئێستاش بەشێوەیەکی توند ئامادەیە، بە دیاریکراویش لای هەر یەک لە مارکس و دریدا.

ڕەنگە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، باسی ئەو پرسەش بکەم کە بەرهەمهێنانی فیکری ڕۆژئاوا، لە زۆر لایەنەوە، هاوکار و پشتەوانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایە. لە کۆتاییشدا شرۆڤەیەکی جێگرەوە پێشکەش دەکەم لەبارەی گوتارەکانی ڕۆژئاوا و ئەگەری قسەکردن لەبارەی (یان لە پێناو) ئەو ئافرەتەی ژێردەستەیە، بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە هیندەوە پشتڕاستی دەکەمەوە، بۆ گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەبارەی پێگە تایبەتە دژەکەی ڕەتکردنەوەی یاسای قوربانیدانی بێوەژن[1] لەلایەن بەریتانیای داگیرکەر.

(١) ئاماژەیە بۆ ‹‹ساتی››، سروتێکی ئاینیە لای هەندێک هیندۆس کە ئەو ژنەی مێردی مردووە، خۆی دەسووتێنێ.

# ١

ئـەو ڕەخنـە زۆر تونـدەی لـەم ڕۆژگارەدا لـە ڕۆژئـاواوە بەرهـەم دێ، بەرەنجامـی ویسـتی ڕامنەکـراوی پاراسـتنی بابـەتی ڕۆژئـاوا، یـان ڕۆژئــاوا وەکــو بابــەتی لێوردبوونەوەیــە. ((بابەت-ئەنجــام))[1] کــە تیـۆری هەمەجـۆری (لویـس ئەلتۆسـێر)ە، وەهمێـک دێنێتەئـارا کـە لـە سـەر سـەرووەری تاک دەوەسـتێ، ئەمـە لەکاتێکـدا گەلێکجـاران ئـەم پرسـە مەعریفیـە پەردەپـۆش دەکا، چونکـە مێـژووی ئەورووپـا -وەکــو بابەتێــک- پێگەیەکــی گرنگــی لــە گێڕانــەوە یاســایی و ئابووریــی ســیاسی و ئایدۆلۆجیــای ڕۆژئــاوادا هەیــە، ئــەم بابەتــە شـاراوەیە بانگەشـەی نەبـوونی ((ڕێـکارە جیۆ-سیاسـییەکان)) دەکا. بـەم پێیـە ڕەخنەیـەک کـە پـتر ئاشـکرایە لەبارەی بابـەتی سـەروەری، لەڕاسـتیدا لـە نـاو خـودی خۆیـدا بابەتێکـی دیکـە دروسـتدەکا. بــۆ پاڵپشــتیکردنی ئــەم دەســتکەوتە، دەقێــک کــە هــی دوو لــە گەورەتریـن ڕەخنەگرانـە و ناونیشـانەکەی ((ڕۆشـنبیران و دەسـەڵات: گفتوگۆیــەک لــە نێــوان میشــێل فۆکــۆ و جیــل دۆلــوز))[2]ە، بــۆ

---

(١) بڕوانە:
Louis Althusser, ((Trois notes sur la theorie des discours)), in Ecrits surla psychanalyse, trade. de. F. Matheron, Paris, Stock, p. 131-132.

(2) Michel Foucault, Language, Counter-Memory, Practice: Selected Essays and interviews, trans. Donald F. Bouchard and Sherry

گفتوگـۆ لەبارەوەکـردن دەهێنمـەوە.

(Intellectuals and Power: a conversation between Michel Foucault and Gilles Deleuze)

ئـەم گفتوگـۆ هێمنـەی نێـوان چـالاکانی فەلسـەفەی مێـژووم بۆیـە هەڵبـژاردووە، چونکـە بەریەککەوتنـی نێـوان بەرهەمهێنـانی تیۆریـی دەسـەڵاتخواز و پەیڕەوکـردنی بـە ئاشـکرای گفتوگۆ پوچـەڵ دەکاتەوە، کـە ڕێ بـۆ مـرۆڤ واڵا دەکات، تـا چاوێـک لـە ڕەوتی ئایدۆلۆجیـا

Simon (Itacha Cornell University Press, 1997), pp.205-217

لێـرە بـەدوا بـە FD ئاماژە بەنـاوی ئـەم سـەرچاوەیە دەکـرێ، من دەسـتکاریی دانـە ئینگلیزییەکـەی ئـەم دەقـەم کـردووە، هـەروەک هەمـان شـتم لەگـەڵ سـەرچاوە ئینگلیزییـەکانی دیکـەش کـردووە، چونکـە ئەمـە وەفاییّکـە بـۆ دەقـە ڕەسـەنەکە. ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە، تێبینـی ئـەوە بکەیـن کـە ‹‹کاریگـەری››ی ڕۆشـنبیرە ئەوروپاییـە ڕۆژئاواییـەکان لەسـەر مامۆسـتایانی زانکـۆ و قوتابیـانی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان لـە ڕێـی چەنـد وتارێکـەوە بـووە، نـەک لـە ڕێـی وەرگێـڕانی کتێبـی قەبـارە گـەورە، لەنـاو ئـەو وتارانەشـدا، (وتـاری دریـدا: بنیـات و نیشـانە و گەمـە) لـە وتـارە هـەرە دیارەکانـن لـە تێڕوانینـی بەرهەمهێنـانی تیـۆری و دووبـارە بەرهەمهێنانـەوە ئایدۆلۆجیـادا. بەمپێیـە، ئـەو گفتوگۆیـەی لەبەرچاوگیـراوە نەگـۆڕدراوە (نووسـەر بـۆ ئـەم پەراوێـزە لـەو وتـارەی لـە سـاڵی ٢٠١٠دا نووسـیویەتی، ئـەوە زیـاد دەکا) کـە لـە چوارچێوەیەکـی بەرهەمهێنـانی پـووچ، چاوپێکەوتنـەکان کـە جۆرێکـن کەمـتر پشـتیان پـێ دەبەسـترێ، جەماوەریبوونێکـی موحریجیـان بـۆ دروسـتکردووم کـە نەمتوانیـوە کتێبـی هاوشـێوەی (ململانێـی کەلتـورەکان)ی سـامویل هنتگتـۆن و (دووبـارە داڕشـتنەوەی سسـتەمی جیهـانی (نیویـورک: سـیمۆن و چوسـتەر،١٩٩٦)) بنووسـم، بـۆ بەرەوڕووبوونـەوەی ئەمـە، دواتـر بایەخـی پـتر بـە هنتگتـۆن دەدەم.

بکا. هەردوو بەشدارەکە لەم گفتوگۆیەدا جەخت لە گرنگترین بەشدارییەکانی تیۆری فەرەنسی دوای بنیاتگەری دەکەنەوە: یەکەم، تۆڕی دەسەڵات/ خواست/ بەرژەوەندیی، تا ئەو رادەیە لەگەڵ یەک ناتەبان، بچووکردنەوەیان لە باسکردنێکی پوختدا، دەبێتە هۆی دەسکەوتنی ئەنجامی پێچەوانە، بگرە بەردەوام پێویستیان بەوەیە کە رەخنەیان لێبگیرێ. دووەم، پێویستە رۆشنبیران هەوڵبدەن گوتاری کۆمەڵگاکانی دیکە بدۆزنەوە و بناسن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوولا بە بەرنامە پرسی ئایدۆلۆجیا و تیۆەگلانی کەسیی خۆیان لە مێژووی فیکری و ئابووری پشتگوێدەخەن.

سەرەڕای ئەوەی کە یەکێک لە بیردۆزە سەرەکییەکان لەسەر پرسی رەخنەگرتن لە بابەتی سەرووەری پێکدێ، ئەوا گفتوگۆ لە نێوان فۆکۆ و دۆلوز لە رێی دوو بابەتی وەک یەکی گومناو لە چوارچێوە دەدرێ و لە چوارچێوەیەکی شۆڕشگێرانە دادەبەزن کە چوارچێوەی ‹‹ماوی›› (FD , 205) و ‹‹تێکۆشانی کرێکاران››ن (FD , 217). لەگەڵ ئەوەشدا، پێناسەی رۆشنبیران و دەرخستنی جودابییەکانیان تەواوبووە، هەتا ئەگەر ئەوەشمان بۆ زیادکرد کە رێبازی ماویی چینی چیدیکە لە هیچ شوێنێکی جیهان بەکارنایەت. فیکری ماوی لێرەدا، بە سادەیی، خەرمانەیەک لە تایبەتمەندیی گێڕانەوە دێنێتە ئارا، رەنگە ناسکێکی رەوانبێژیانەی بێ ئازاربێ، ئەگەر ناوی گونجاوی ‹‹ماوی›› خاوەنداریەتی دیاردەیەکی نامۆ لە دەرەوەی بنکەی فیکریی ‹‹ماوی››ی فەرەنسی نەکا، لەگەڵ ئەوەی لە ‹‹فەلسەفەی نوێ›› بەدوای خۆیدا دەهێنێ کە وا پیشاندەدا ‹‹ئاسیا›› روونە(شەفافە)[1].

(١) شەپۆلی ماوی لە فەرەنسادا لە ساڵی ١٩٦٨، بنڕوانە:

ئامـاژەی دۆڵـوز بـۆ تێکۆشـانی کرێـکاران، کێشـەیەک کـە هەمـان ئاسـتی هەیـە، دروسـتدەکات، کە بێگومـان بریتییە لـە ‹‹خۆچەماندن بـۆ دەسـەڵات-Genuflection››: ((ئێمـە لـە هیـچ قۆناغێـک لـە قۆناغـەکانی پراکتیزەکردنیـدا توانـای ئەوەمـان نییـە دەسـتکاریی (دەسـەڵات) بکەیـن، بەبـێ ئـەوەی خۆمـان لـە بەرەوڕووبوونـەوەی ئـەم کوتلـە بەربـڵاوە ببینینـەوە، بەجۆرێـک خواسـتەکانمان دەگەنـە ئاسـتێک کـە دەمانـەوێ بـە تـەواوی دەریانبخەیـن. هەمـوو هێـرش یـان بەرگرییەکـی شۆڕشـگێڕانەی پاژیـی لەمجـۆرە، پەیوەسـتە بـە تێکۆشـانی کرێـکاران)) (FD ,217) ئـەو ناسـکییە ڕوونـەی لێـرەدا هەیـە، ئاماژەیـە بـۆ ‹‹نکۆڵیکـردن-Disavowal››.[1] ئـەم گوتەیـە ئەو دابەشـکارییە نێودەوڵەتییـەی کـە بـۆ کار کـراوە، پشـتگوێ دەخـات، ئەمـەش شـێوازێکە بـە زۆری تیـۆرە سیاسـییەکانی دوای بونیاتگـەری

---

Michel Foucault 'On Popular Justice A Discussion with Maoists' Power/Knowledge Selected Interviews and Other Writing 1972-77, trans. Colin Gordon et al (New York Pantheon), p 134.

لێـرە بـەدوا بـە PK ئامـاژە بـەم کتێبـە دەکـرێ، لێکدانـەوەی سـەرچاوەکە، تێڕوانینـم لـە ڕێـی ڕوونکردنـەوەی میکانکیـی خاوەندارێـەتی بەهێـز دەکا، چونکـە پێگـەی چیـن لـەم گفتوگۆیـەدا نموونەییـە. ئەگـەر هاتـوو فۆکـۆ خـۆی لەڕێـی ئـەم گوتەیـەوە بێبـەری کردبـێ: ‹‹مـن هیـچ لەبـارەی چینـەوە نازانـم››، ئـەوا ئەوانـەی لەگەڵـی دەدوێـن ئـەوە بـۆ چیـن وەدیاردەخـەن کـە دریـدا نـاوی نـاوە ‹‹لاگیریـی چیـن››.

(١) ئـەم خەسـڵەتانە زۆر زیاتـرن، هـەروەک ئیریـک Eric Wolf لێیـان دەدوێ لە :

Europe and the people without History (Berkeley. University of California Press, 1982)

پـێ دەناسرێنـەوە.

بانگەشـەی تێکۆشـانی کرێـکاران، سـەرەڕای ئـەو پاکییـەی تێیدایە، کارێکــی ئازارهێنـە، چونکــە لـە توانایــدا نییــە مامەڵــە لەگــەڵ ســەرمایەداریی جیهانیــدا بــکا کــە ئەمانــەی تێدایــە: پەیوەندیــی بابەت-بەرهەمهێنــان لای کرێــکاران و بێــکاران لــە چوارچێــوەی ئایدۆلۆجیــای ناوەندیــی دەوڵەتێکــی قەومــی، هەروەهــا پێشــنیازی زۆری چینــی کرێــکار کــە خــۆی لــە پەراوێزدایــە، هەروەهــا بــۆ وەدەستخســتنی بەهــای زیاتــر و هاوکاتیــش پێشــنیازکردنی ڕێچکــەی ‹‹مرۆڤگەرایــی-humanistic›› لەبــارەی بەکاربــردن و هەبــوونی ڕێژەیەکــی بەرفــراوانی کرێــکاری نیمچــە ســەرمایەدار و بــە هەمــان شــێوە بارودۆخــی نارێکــی پەیکــەری جووتیاریــی لــە پەراوێــزدا، بــۆ ئەمــە ئێمــە لەبــەردەم پشتگوێخســتنی ‹‹دابەشــکاریی نێودەوڵەتیــی کاردایــن››، لەگــەڵ هەوڵــدان بــۆ دوورخســتنەوەی ئاسـیا و (هەندێکجاریـش ئەفریقیـا) لـە گەندەڵـی، مـادام لـە شـێوە زاهیرییەکەیـدا بابەتەکـە ‹‹جیهـانی سـێییەم›› و دووبـارە بنیاتنانەوەی بابـەتی یاسـایی سـەرمایەداریی کۆمەڵایـەتی نییـە- ئەمـەش هەمـووی لـە هەمـان ئاسـتدا کێشـەیەکی هاوبەشـە لەنێـوان ژمارەیەکـی زۆری لێکۆڵـەران لەنـاو تیـۆری پاش-بونیادگـەری و بونیادگەریـدا. بۆچـی لەسـەرمان پێویسـتە ڕێ لەمجـۆرە حاڵەتانـە بگریـن، بەتایبـەتی لای ئـەو ڕۆشـنبیرانەی کردوومانـن بـە سـەرداری خۆمـان بـۆ داکۆکیـردن لـە ‹‹خۆکردنـە قوربـانی›› و ‹‹ئـەوی دیکـە››[1]؟

پێکبەسـتی تێکۆشـانی کرێـکاران لـە خواسـتی تەقینـەوە بـە ڕووی

---

(١) ‹‹ئەوی دیکە›› بریتین لە هەموو ئەوانەی کە ڕۆژئاوایی نین.

دەسەڵات لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنیدا، پێگەی خۆی وەردەگرێ. وا دەردەکەوێ ئەم پێگەیە پشت بە هەڵسەنگاندنێکی ساکاری خواستی تێکدەریی هەر دەسەڵاتێک دەبەستێ. لەم چوارچێوەیەدا ‹‹والتەر بنیامین›› لە ڕێی تێکهەڵکێشێکەوە لەگەڵ بۆچوونێکی ‹‹مارکس›› قسە لەبارەی سیاسەتەکانی ‹‹بۆدلێر›› دەکا:

مارکس لە چوارچێوە وەسفی ‹‹پیلانگێڕە پیشەگەرەکان›› بەمشێوەیە درێژە بە بابەتەکەی دەدا: ((... ئەوان هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە، بێجگە لەوەی دەیانەوێ حکومەتی ئێستا بڕوخێنن، ئەوان تا ئەو پەڕەکەی ڕکیان لە ‹‹ڕۆشنگەریی تیۆریی›› کرێکارانە، لەوەی کە پەیوەندیی بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیانەوە هەیە. بەمشێوەیە، توڕەیی ئەوان توڕەییەکی پرۆلیتاریانە نییە، بەڵکو توڕەیی گەلە- دژی چاکەتە ڕەشەکان، هەروەها ئەو کەسانەی کەمتر یان زیاتر خوێندوویانە و ئەوانەش کە نوێنەرایەتی بەشێکی بزاوتەکە دەکەن و هەرگیز ناتوانن بە تەواوی لێیان جودابنەوە، هەروەها ناشتوانن لە نوێنەرە فەرمییەکانی حیزب جودابنەوە)). بۆچوونی سیاسی ‹‹بۆدلێر›› بەشێوەیەکی بنەڕەتیی سنووری بۆچوونی ئەو کەسە پیلانگێڕە پیشەگەرانە تێناپەڕێنێ... ڕەنگبێ بیتوانیبایە ئەو مانیفێستەی ‹‹فلۆبێر›› بگرێتەخۆ کە دەڵێ، ((من لەنێوان هەموو سیاسەتەکاندا، تەنیا لە یەک شت تێدەگەم ئەویش: شۆڕشە))(1)

هەواڵنامەی کتێب

(1) Walter Benjamin, Charles Baudelaire A Lyrics Poet in the Era of High Capitalism, trans. Harry Zohn (London Verso,1983) p12.

بـە گرێـدانی ئەمـە بـە تێکۆشـانی کرێـکاران، بەسـادەیی، لـە ‹‹خواسـت››ی ئـەوان خـۆی دەبینێتـەوە. هەریـەک لـە ‹‹دۆڵـوز›› و ‹‹گۆتـاری›› لـە وڵاتی دیکـەدا هەوڵـی ئەوەیـان داوە، پێناسـەیەکی جێگـرەوە بـۆ خواسـت دابنێـن و بـەو پێناسـەیەدا بچنـەوە کـە دەروونناسـەکان دەیخەنـەڕوو: ((خواسـت پێویسـتی بـە هیچ شـتێک نییـە، ئـەو پێویسـتی بـە مەبەسـتێک نییـە، بەڵکـو بابـەت پێویسـتی بـە خواسـت هەیـە، یـان خواسـت پێویسـتی بـە بابەتێکـی جێگیـر هەیـە، چونکـە جگـە لـە ڕێگـەی داپڵۆسـین repression ڕێگایەکـی دیکـە نییـە. خواسـت و مەبەسـتەکەی نوێنەرایـەتی یەکەیـەک دەکـەن کـە بریتییـە لـە ‹‹مەکینەکـە، وەک مەکینـەی مەکینـە- the machine, as a machine of a machine››)). خواسـت بریتییـە لـە مەکینـە و مەبەسـتەکەشی مەکینەیەکـە کـە پێیـەوە گرێـدراوە، بەجۆرێـک بەرهـەم لـە کـردەی بەرهەمهێنـان دەسـێنێتەوە و شـتێک خـودی خـۆی لـە بەرهـەم بـۆ بەرهەمهێـن دادەبڕێـت و پاشـماوەکانیش دەداتـە بابەتی(خەڵـك) بـێ وڵاتی بـێ مـاڵ- the vagabond, nomad subject‹‹[1].

نووسـەر لـە نوسـخەی ٢٠١٠ لـە هەمـان وتـاردا ئەمـەی زیادکـردووە: جێـی سـەرنجە کـە فۆکـۆ لای بۆدلێـر نموونـەی نموونەیـی نوێخـوازی ببینێتـەوە، بڕوانـە: (فۆکـۆ، ‹‹ڕۆشـنگەریی چییـە››، پـۆل ڕابینـۆ، خوێنـەری فۆکـۆ (نیویـۆرک: بانسـیۆن-١٩٨٠)لاپەڕە ٣٩-٤٢)

Foucault, 'What is Enlightenment', in Paul Rabinow, ed., The Foucault Reader (New York: Pantheon, 1984), pp. 39-42

(1) Gilles Deleuze and Felix Guattari, Anti-Oedipus, Capitalism and Schizophrenia, trans. Richard Hurley et al. (New York: Viking

ئـەم پێناسـەیە تایبەتمەندیـی «بابـەتی پەسـند» (یـان ئـەوەی لـە بابەتەکـە ماوەتـەوە- ئەنجـام) ناگۆڕێـت، کـە پەیوەندیـدارە بـە حاڵـەتی دیاریکـراو لـە خواسـت یـان بەرهـەم «مەکینـەی پەسـند». سـەرەڕای ئەمـەش، کاتێـک وا دادەنـرێ کـە ئـەوەی خواسـت و بابـەت بـە یەکـەوە دەبەسـتێتەوە، لەخۆوەیـە، یـان زۆر بەسـادەیی، دژن، ئـەوا ئـەو بابەت-ئەنجامـەی شـاراوە دەردەکـەوێ، تاڕادەیەکـی زۆر لـە بابەتێکـی ئایدۆلۆجیـی گشـتێنراوی تیۆرداڕێژەکـە دەچێـت. ڕەنگـە ئەمـە بابـەتی یاسـای سـەرمایەداریی کۆمەڵایـەتی بـێ کـە نـە دەکەوێتـە خانـەی کرێـکاران و نـە کارگێڕانیشـەوە، بەڵکـو هەڵگـری پاسـپۆرتێکی «بەهێـزە»، هەروەهـا دراوێکـی «بەهێـز» و «بەبەهـا»ش بەکاردێنـێ، لەگـەڵ ئەگـەری تێپەڕانـدنی ڕێـکارە یاسـاییە پێویسـتەکان. ئەمـە بـە دڵنیاییـەوە ئـەو بابەتـە پەسـندە نییـە لەبـارەی «ئـەوی دیکـە» کـە ئەوروپـی نییـە.

شکسـتی دۆڵـوز و گۆتـاری لەبـارەی لەبەرچاوگرتنـی پەیوەندیـی نێـوان خواسـت و دەسـەڵات و خـود، وایلێکـردوون، نەتوانـن بـە ڕوونی لەبـارەی تیـۆری بەرژەوەندییـەکان قسـە بکـەن. بـێ باکـی ئـەوان لەبـارەی ئایدۆلۆجیـا لـەم چوارچێوەیـەدا (کـە تیۆرێکـی پێویسـتە بـۆ تێگەیشـتن لـە بەرژەوەندییـەکان)، تەنیـا سـەرنجڕاکێش نییـە، بەڵکـو پتەویشـە. پابەندیـی فۆکـۆ بـە «مەزنـدەی وەچـەکان» ڕێـی لێدەگـرێ و نایەڵـێ پێگـەی خـۆی لـە چوارچێـوەی «نـاوە مەزنـەکان»ی هاوشـێوەی مارکـس و فرۆیـد بگـرێ، بەو پێیـەی خاڵی وەرچەرخانـە لـە ڕەوتی بەردەوامـی مێـژووی فیکـر[1]. ئـەم پابەندییـە

Press, 1977). P.26

(١) گۆڕینـەوەی بیـروڕا لەگـەڵ جـاک ئالان میلر لـە pk (لە وتـاری «دانپێدانانی

بەرەنگارییەکی هێناوەتە ئارا کە جێی داخە و وایکردووە کارەکەی فۆکۆ ‹‹تەنیا›› ببێتە ڕەخنەیەکی ئایدۆلۆجی. بیرکردنەوەی ڕۆژئاوا لەبارەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لاگیریی بۆ ئەم ڕەوتە باوە هەیە، لەم بارەیەشەوە ئەڵتۆسێر دەنووسێ: ((دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی کار، بە تەنیا پێویستی بە دووبارە بنیاتنانەوەی تواناکانی نییە، بەڵکو پێویستی بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ملکەچکردنیشەوە هەیە لەلایەن کرێکارانەوە بۆ ‹‹ئایدۆلۆجیای حاکم-The Ruling Ideology))، هەروەها دووبارە بەرهەمهێنانەوەی یاریکردن بە ئایدۆلۆجیای حاکم، بەشێوەیەکی دروست، لە ڕێی هەردوو هۆکاری قۆستنەوە(ئیستیغلال) و داپڵۆسین، تا ئەوکاتەی ئەوانیش (لە ڕێی وشە و لە ڕێگای وشەوە)[1] دەتوانن دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار بپارێزن.

کاتێک فۆکۆ ‹‹نارێکی- Heterogeneity›› بەرفراوانی دەسەڵات لە مێشکی خۆی دادەنێ، ئەوا ئەو نارێکییە بە دامەزراوەییکراوە بەربڵاوەی ئەڵتۆسێر هەوڵی پلان بۆ دانانی دەدات، پشتگوێی ناخات. بە هەمانشێوە، کاتێک لە کتێبی (هەزار گرد) قسە لەبارەی هاوپەیمانییەتییەکان و سستەمی نیشانەکان و دەوڵەت و مەکینەکانی شەڕ دەکا، ئەوا هەریەک لە دۆلۆز و گۆتاری، بە تایبەت، بە سەرئامەدی ئەم بوارە دادەنرێن. لەگەڵ ئەوەشدا فۆکۆ ناتوانێ بڕیار بدات کە تیۆرە پێشکەوتووەکەی ئایدۆلۆجیا لە بارەی بۆچوونەکانی لەسەر ‹‹بەدامەزراوەیی بوون-Institutionality››

جەستە›› The Confession of the Flesh )، لەوێ باسی ئەمە دەکا.

(1) Althusser, Lenin and Philosophy, pp 132-33

دان بـە بەرهەمـەکانی دادەنـێ، هەمـان بۆچوونیـشی هەیـە لەبـارەی ((ئامـرازە چالاکـەکانی پێکهێنـانی مەعریفـە و کەڵەکەکـردنی)) (102, PK)، چونکـە وا دەردەکـەوێ ئـەم فەیلەسـوفانە هەمـوو ئـەو جـۆرە پاسـاوانە ڕەتدەکەنـەوە کـە وایدەبینـن چەمکـی ئایدۆلۆجیا تەنیا چەمکێکـی پلاندارِشـتنە(تەختیتییە) لەبـاتی ئەوەی دەقـی بێ ‹‹Sche-matic Rather Than Textual››، ئەوان بە هەمان بڕ و بەشێوەیەکی میکانیکـی ناچـارن ئۆپۆزسـیۆنێکی بـە پـلان لـە نێـوان بەرژەوەنـدی و خواسـت بەرهەمبێنـن. بەمشـێوەیەش لەگـەڵ ئـەو کۆمەڵناسـە بۆرجوازیانـە پۆلێـن دەکرێـن کـە فـەزای ئایدۆلۆجـی پـڕ دەکـەن لـە ‹‹نائاگایـی›› بـەردەوام و ‹‹ڕۆشـنبیری›› نیمچـە خـودی. پەیوەندیـی میکانیکـی نێـوان بەرژەوەنـدی و خواسـت لـەم ڕسـتانەدا ڕوونـە: ((ئێمە هەرگیز خواسـتی شـتێک ناکەین کـە دژی بەرژەوەندییەکانمان بـێ، چونکـە بەرژەوەندیی هەمیشـە شـوێن خواسـتەکان دەکەوێت و خـۆی لـەو شـوێنەدا دەبینێتەوە کـە خواسـتەکان ئاڕاسـتەی دەکەن)) (FD ,215)، ئـەو خواسـتانەی کـە جیـاواز نیـن، ئـەوان ‹‹وەکیل- The Agent››ن و دەسـەڵات تێیـدا دەخلیسـکێت، تا ئەنجامـەکانی بەرهەم بێنێـت: ((دەسـەڵات ... کاریگەریـی ئەرێنـی لـە ئاسـتی خواسـت و هەروەهـا لـە ئاسـتی مەعریفـە بەرهەمدێنـێ)) (PK,59)

ئـەم بۆتە(قاڵبـە) ‹‹نیمچـە خودییـە-Parasubjective››، کـە لـە گۆڕانکاریـی دابـڕاوە، بابەتێکـی ناولێنەنـراو ڕادەگەیەنـێ، لایـەنی کەم بـۆ ئـەو ڕۆشـنبیرانەی بـە باڵادەسـتییە نوێکـەی خواسـت کاریگـەرن. پێشـبڕکێی ‹‹قۆناغـی کۆتایـی›› لەنێـوان ئابـووری و دەسـەڵات دایـە. لەبەرئـەوەی خواسـت تاڕادەیـەک لەنـاو خـودی خۆیدا لـە نموونـە ئەرتۆدۆکسـییەکەیدا سـنووردارە، ئـەوا بەشـێوەیەکی یەکانگیـر دژی

بیـردۆزی ‹‹هەڵخەڵەتانـدن›› دەوەسـتێتەوە.

لەلایــەن ئەڵتۆســێرەوە گومــان لــە ئایدۆلۆجیــا کــرا، بــەوەی ‹‹ئاگاییەکـی ناڕاسـتەقینەیە››. تەنانـەت ڤیلهیلـم ڕایچ لـە چوارچێوەی ئیـرادەی بـە کۆمـەڵ، لـە بـاتی دووانـەی لەخشـتەبردن و ئـارەزوو، لەخشــتەنەبراوە: ((ئێمــە پێویســتە هــاوارەکانی ڕایــچ قبــوڵ بکەیــن: نەخێـر، جەمـاوەر لەخشـتە نەبـراوە، بەڵکـو لـە سـاتێک لە سـاتەکان ئــەوان سســتەمێکی فاشــییان دەویســت)) (FD,215)

ئـەم فەیلەسـوفانە بـە هیـچ شـێوەیەک لـە شـێوەکان دڵیـان بـە ‹‹فیکـری پارادۆکسی بنچینەیـی›› خـۆش نەبـوو، چونکە بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان کـە نکۆڵـی لێناکـرێ، لـە گروپـی چـەپ جودادەبنـەوە. ئــەوان بــە نــاوی خواســتەوە، دووبــارە بابەتێکــی دابەشــنەکراوی گوتــاری دەســەڵات دەهێننــەوە نــاوەوە، واش دەردەکــەوێ کــە فۆکــۆ بــە زۆری هــەردوو چەمکــی ‹‹تــاک›› و ‹‹بابــەت›› تێکــەڵ دەکا[1] کـە ڕەنگـە کاریگەریـی لەسـەر خواسـتنی ئـەو دوو چەمکـە لەلایــەن شــوێنکەوتووەکانی زۆر بــە چــڕی دەربکــەوێ. هەروەهــا بـە هـۆی بەهێـزی وشـەی ‹‹دەسـەڵات››، فۆکـۆ دان بـە بەکارهێنـانی ((خواستنی(ئیســتیعارە) ئــەو خاڵــە دادەنــێ کــە بەدەورویپشــتی خۆیــدا پەرتدەبــێ)). ئـەم جـۆرە ‹‹خلیسـکانانە›› لـەلای ئەوانـەی حـەزەری کەمتریـان هەیـە، دەبێتـە بنەمـا و چەندبـارەی دەکەنـەوە، نـەک تەنیـا یەکجـار بیکـەن. خاڵـە پەرتوبڵاوبووەکـە، ئـەوەی کـە چالاکانــە گوتــاری ‹‹ناوەندێتــی خــۆر- Heliocentrism›› چــالاک

(١) بــۆ دەســتکەوتنی نموونەیــەک لــە نێــوان ژمارەیەکــی زۆری نموونــەدا، بڕوانــە PK، ل٩٨.

دەکات، شوێنە بۆشەکەی «بریکار» بە خۆری مێژووی تیۆرەکە پڕ دەکاتەوە، کە ئەویش بابەتی ئەوروپایە.[1]

فۆکۆ «پێویستییەکی دیکەی نکۆڵیکردن»یش دەردەبڕێ کە بریتییە لە ڕۆڵی ئایدۆلۆجیا لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: ئەمە بۆ چەوسێنراوان کە خۆیان بابەتێکن، نرخاندنێکە و بڕاوەتەوە، یان «هەبوونی بوونەوەر» هەروەک دۆلوز بە سەرسوڕمانەوە ئاماژەی پێدەکا، ((ڕەخساندنی بارودۆخێک کە زیندانییەکان خۆیان بتوانن قسە

---

(١) کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کە کارەکانی فۆکۆ چ ئەوانەی زوو و چ ئەوانەی دیکە، لەلایەن تێگەیشتنێکی سادەی داپڵۆسین پشتگیریی دەکرێن. لێرەدا ڕکابەرەکە فرۆیدە نەک مارکس. من ئەو باوەڕەم هەیە کە (بیرۆکەی داپڵۆسین) بەس نییە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو ڕێکارانەی دەسەڵات کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ جوداکردنەوەی ئێستا و کاریگەرییەکانی بەکاریان دێنێ (PK ,٩٢)
وردیی پێشنیازی فرۆید ئەوەیە کە لە ژێر داپڵۆسیندا ناسنامەیەکی ئیستینائی کاریگەرییە بێ سنوورەکان هەیە، چونکە ڕەنگە شتێکی بێزارکەر لای خەڵک پەسند بێ و پەیوەندیی نێوان ویست و بەرژەوەندی دووبارە لە ڕیشەوە بەیەکەوە گرێ بدەنەوە کە ئەمە لێرەدا بەتاڵ دەردەکەوێ.
بۆ خوێندنەوە لەبارەی داپڵۆسین، بڕوانە:
Jacques Derrida, Of Grammatology, trans. Gayatri Chakravorty Spivak (Baltimore Johns and Derrida, Limited mc .. abc,; Hopkins University press, 1976c ;,ore Johns and Derrida ,Limited mcه ..
کە ئەمە لێرەدا بەتاڵ دەردەکەوێ. لای خەڵک پەسند بێ و پەیوەندیی نێوان ویست و بەرژە)،
p 88f, trans. Samuel Weber, Glyph 2 (1997), p215

بکـەن)). فۆکـۆ ئـەوەشی دەخاتـە سـەر کـە ((جەمـاوەر بـە ڕوونی دەزانـێ چـی دەوێ))، ئێمـە جارێکـی دیکـە بـەرەوڕووی ‹‹بابـەتی لەخشـتەنەبران››- دەبینـەوە، جەمـاوەر زۆر باشـتر لـە (ڕۆشـنبیران لـە بابەتەکـە تێدەگـەن و ئەمـەش بـە ڕوونی دەڵێـن)) (207, 206, FD)

لـەم جـۆرە دەربڕینانـەدا دواڕۆژی ڕەخنـەی سـەروەریی چـی دەبـێ؟ ئـەم ‹‹ڕیالیزمـی نوێنەرایەتیکردنـە›› لـەلای دۆڵـوز، گەیشـتووەتە سـنوورەکانی خـۆی: (( واقیـع ئەوەیە کە لە کارگەیەک لـە کارگـەکان، یـان لـە قوتابخانەیـەک، لـە کەمپێـک یـان لـە زیندانێـک، یان لە هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس ڕوودەدا)) (212, FD) ئـەم بەربەسـت خسـتنەبەردەمەی ئەرکـی سـەختی بەرهەمهێنـانی ئایدۆلۆجیـی دژە باڵادەسـتی، سـەرکەوتوو نەبـوو. ‹‹ئەزموونگەرایـی وەزعـی- Positivist empiricism›› هاوکاریـی بنیاتنـانی پاسـاوی ئیسـتیعماری سـەرمایەداری پێشـکەوتوو و نوێـی کـرد، بـەوەی گۆڕەپانەکـەی ناسـاند کـە بریتییـە لـە ‹‹ئەزموونێکـی بەرجەسـتە- concrete experience››، واتـا ئـەوەی ‹‹بەڕاسـتی ڕوودەدا››. لـە واقیعـدا ئـەو ئەزموونـە بەرجەسـتەیە دەدۆزرێتـەوە کـە ڕاکێشـانی زیندانـی و سـەرباز و قوتابیـان لـە ڕووی سیاسـەوە لـە خۆدەگرێـت، لەڕێـی هەمـان ئـەو ئەزموونـەی ڕۆشـنبیر هەیـەتی، ئـەوەی کـە مەعریفـە دەستنیشـان دەکا.[١] پێدەچێ نـە دۆڵـوز و نـە فۆکـۆ ئـەو

(١) ڕەنگـە نوسـخەی ئەڵتۆسـێر لـەم بارەیـەوە زۆر پلانبۆدارێـژراو بـێ: بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا پێدەچـێ لـە بەرنامـەکانی بـۆ ئـەو ئەرگۆمێنتانـەی لێیـان دەکۆڵێتـەوە زۆر بـە حـەزەر بـێ. ‹‹غەریـزەی چیـن›› وەک ئەڵتۆسـێر دەینووسـێ خـودی و لەخۆوەیـە، هەڵوێسـتی چینایـەتی بابـەتی و عەقڵانییـە. بۆ



هەواڵنامەی کتێب

ئاگاییەیان نەبووبێ کە ئەو ڕۆشنبیرەی ئاماژە بە ئەزموونێکی بەرجەستە دەکا لە ناوەڕاستی سەرمایەداری کۆمەڵایەتیدا، دەکرێ پشتەوانی لە دابەشکاریی نێودەوڵەتی بکەن بۆ کار.

لەم ڕێیەوە پارێزگاری لەو دژبوونە دانپێدانەنراوە دەکرێ، لەو هەڵوێستەی کە ئەزموونی بەرجەستەی چەوساوەکان هەڵدەسەنگێنێ، بەڵام ڕەخنە لە ڕۆڵی مێژوویی ڕۆشنبیر ناگرێ، لەڕێی ‹‹هەرزەلینی وشەیی- verbal slippage››، لەسەر ئەم بنەمایەش دۆلوز دەربڕینە بەناوبانگەکەی دەخاتەڕوو: ((تیۆر وەکو سندوقی کەلوپەلەکان وایە، پەیوەندیی بە دەلالەتەکانەوە نییە)) (FD, 208). بە ڕوانین لە ‹‹وشەییبوونی دنیای تیۆری›› و چوونەناوی بۆ ناو هەر دونیایەکی دیاریکراوی دیکە، لە دژی ئەو بۆچوونەیە کە ئەمە ‹‹کردەیەکە›› ناتوانرێ ئاسان بکرێ، بانگەشەی لەمجۆرە تەنیا لەگەڵ ڕاڕایی ڕۆشنبیر و هەوڵەکانی دەگونجێ، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کاری فیکری وەکو کاری دەستی وایە. کاتێک واز لە ئەرکەکان دەهێنرێ، تا خۆیان بایەخ بەخۆیان بدەن، ئەوا ئەم لاگیرییە وشەییانەی ڕوودەدەن. ‹‹نوێنەرایەتی›› کردنی دال نموونەیەکە لەمبارەیەوە. بە هەمان لەرەی ڕەتکەرەوە کە پەیوەندی تیۆر بە دال ڕەتدەکاتەوە، دۆلوز ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ((هیچ نوێنەرایەتیکردنێکی دیکە نییە، تاکە شت کردارە))- ((کرداری تیۆری و کرداری

---

گەیشتن بە هەڵوێستی چینایەتی پرۆلیتاری، غەریزەی پرۆلیتارییەکان تەنیا پێویستی بە فێربوون هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە غەریزەی بۆرجوازی بچووک و غەریزەی ڕۆشنبیران پێچەوانەی ئەمەیە، تا ئەوکاتەی لاگیریی دەکا (لینین و فەلسەفە: ل١٣)

هەواڵنامەی کتێب

مومارەسەکردن کە هەردووکیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەو پێیەی دوو قۆناغن و چەند تۆڕێک پێکدەهێنن)) (-206 ,7 FD)، بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ خۆی ڕەپێش دەکا: بەرهەمهێنانی تیۆریش مومارەسەیە، جیاوازبوون لەنێوان تیۆرێکی ئەبستراکت و مومارەسەی ‹‹پراکتیکی›› زۆر ئاسان و خێرا و خۆبەدەستەوەدەرە.[١]

ئەگەر ئەمە بەڕاستی ئەرگۆمێنتی دۆلۆز بێ، ئەوا دەربڕینەکەی کێشەیە، چونکە دوو دەلالەتی نوێنەرایەتیکردن بەیەکەوە دەخاتە کار: نوێنەرایەتیکردن بەوەی ئەوە ‹‹قسەکردنە لەبارەی-Speaking for ›› هەروەک ئەوەی لە شوێنێک لە بواری سیاسەت دەیبینین، هەروەها نوێنەرایەتیکردن لەوەی ئەو ‹‹دووبارە نمایشکردنەوەیە -re-presentation›› هەروەک لە بواری هونەر و فەلسەفەدا دەیبینین. بەو پێیەی کە تیۆریش بە تەنیا ‹‹کار››ێکە، ئەوا تیۆرسین نوێنەرایەتی گروپە چەوساوەکان ناکات و ‹‹قسەیان لەبارەوە›› ناکا. بەڕاستی وا لە بابەتەکە ناڕواندرێ کە بریتی بێ لە هۆشیارییەکی نوێنەرایەتیکەر (ئەو مرۆڤەی دووبارە واقیع بەشێوەیەکی تەواو پێشکەشدەکاتەوە). ئەم دوو واتایەی نوێنەرایەتیکردن -لەناو پێکهاتەی دەوڵەت و یاسا لەلایەک و لە بابەتی پێشبینیکردن لەلایەکی دیکەوە، بەیەکەوە گرێدراون، بەڵام بەشێوەیەک لەیەک دابڕێندراون و ‹‹بەشێوەیەک پارچەکراون کە جارێکی دیکە پارچە ناکرێنەوە-

(١) لێکدانەوەی دواتری فۆکۆ (PK ,١٤٥) لە مانیفێستی دۆلۆز لە بیرۆکەی دریدا نزیکدەبێتەوە کە دەڵێ: ناکرێ تیۆر پۆلێنێکی هەمەلایەن بێ و هەمیشەش لەڕێی پەیڕەوکردنەوە پێکدێ.

irreducibly discontinous››. ڕوماڵکـردنی دابڕیـن بەپێـی پێوەرێکی دیاریکـراو، وەکـو بەڵگەیـەک پێشـکەش دەکـرێ کـە جارێکـی دیکـە پێچەوانـەی بابەتـە پەسـندەکەیە[1]، چونکـە ((ئـەو کەسـەی قسـەدەکات و کاردەکات... هەمیشـە لـە حاڵەتێکـی هەمەجـۆری دایـە، ((فیکـری تیـۆری ... یـان حـزب یـان ... یەکێتییـەک)) ناتوانـێ لـەو ((کەسـانە بێـزار بـێ کـە کاردەکـەن و زەحمـەت دەکێشـن)) (FD ,206) ئایـا ئەوانـەی کاردەکـەن و زەحمـەت دەکێشـن لاڵـن، بـە پێچەوانـەی ئەوانـەی کاردەکـەن و قسـەدەکەن (FD ,206)؟ ئـەم کێشـە مەزنانـە لەنێـوان ‹‹خـود››ی وشـەکان حەشـاردراون: ئاگایـی و ویـژدان (هەردووکیـان لـە زمـانی فەرەنسـیدا بەیـەک شـێوە دەنووسرێـن conscience) بـە هەمانشـێوە نوێنەرایەتیکـردن ‹‹ representation›› و دووبـارە نمایشـکردن ‹‹ representation››. ئێسـتا دەتوانیـن لەنـاو پێکهاتـەکانی دەوڵـەت ڕەخنەیـەک بێنینەئـارا، بـۆ بنیاتنـانی بابـەتی ئایدۆلۆجـی و ڕێکخسـتنی ئابووریـی سـیاسی، هـەروەک دەکـرێ هەمـان شـت بـۆ مومارەسـەکردنی ‹‹وەرچەرخـانی

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: چەمکـە ناڕەخنەییـەکان بەشـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش لـە نوێنەرایەتیکـردنی پێشـوازیلێکراو لـە pk، ل١٨٨،١٤١. دوا تێبینییـەکانی مـن بـۆ ئـەم برگەیـە کـە ڕەخنـە لـە نوێنەرایەتیکـردنی ڕۆشـنبیران دەگـرێ بـۆ چەنـد کۆمەڵەیەکـی ژێردەسـتە، پێویسـتە لـە سیاسـەتی هاوپەیمانیـی بـە وردی لەیـەک جیابکرێنـەوە کـە چوارچێوەکـەی لـە سـەرمایەداریی کۆمەڵایـەتی لەبەرچـاو دەگیـرێ، هەروەهـا یەکخسـتنی خەڵکی نـەک لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـە چەوسـێنراوەن، بەڵکـو لەسـەر ئـەو بنەمایەی کـە ئیسـتیغلال کـراون. ئـەم نموونەیـە لەنـاو دیموکراتیـی پەرلەمـانی باشـتر کاردەکا، چونکـە نوێنەرایەتیکـردن ڕەتناکاتـەوە، بەڵکـو بەشـێوەیەکی لێزانانـە ڕێکدەخـرێ.

ئاگایــی- The Transformation Of Consciousness›› بکــرێ کــە تیۆرێکــی چالاکــە. لاوازیــی لێکۆڵینــەوەی چەپــەکان لەبــارەی ناســینی خــود و پاڵپشــتیکردنی ژێردەســتە، پــەردە لەســەر ڕووی فێڵــی ســیاسی ڕادەماڵێــت، ڕۆشــنبیران ئــەو کاتــەی نوێنەرایــەتی ژێردەســتەکان دەکــەن، خۆیــان بێگەرد(شــەفاف) دەردەخــەن.

ئەگــەر دەســتبەرداری ئــەم جــۆرە ڕەخنەیــە و ئــەم جــۆرە پرۆژەیــە نەبیــن، ئــەوا ســڕینەوەی جیاوازییــە گــۆڕاوەکانی نێــوان نوێنەرایەتیکــردن لەنــاو دەوڵــەت و ئابووریــی ســیاسی لەلایــەک و تیــۆری بابــەت[1] لەلایەکــی دیکــەوە، هیــچ ســوودێکی نابــێ. بــا تەماشــای ئــەو یارییــە بکەیــن کــە لــە وشــەی ‹‹vertreten›› (نوێنەرایەتیکــردن بــە واتــای یەکــەم) و ‹‹darstellen›› (دووبــارە نمایشــکردنەوە بــە واتــای دووەم) لــە کۆپلــەی بەناوبانگــی وتــاری ‹‹کودەتــای هەژدەیەمینــی لویــس پۆناپــارت- The Eighteenth Brumaire of Louise Bonaparte›› ڕوویــداوە کــە تێیــدا مارکــس زاراوەی ‹‹چیــن›› دەوروژێنــێ، بــەو پێیەی تێگەیشــتنێکی وەســفییە و تاڕادەیــەک بەشــێوەیەکی ئاڵۆزتــر گــۆڕاوە، کــە ڕێگــە بــە دەرکەوتنــی ئــەو جیاوازییــە دەدا کــە ئەڵتۆســێر لــە نێــوان ویســتی چینایــەتی و هەڵوێســتی چینایەتیــدا پێشکەشــیکردووە.

لێــرەدا مارکــس ئــەوە دەخاتــە بەربــاس کە پێناســەکردنی وەســفیی چینایــەتی، پێناســەکردنێکە پەســەندکردنی تێدایــە، کــە دەکــرێ لــە نێــوان تــەواوی چینــەکانی دیکــەدا هاوێربکــرێ و جودابکرێتــەوە: ((تا

(١) نووســەر ڕێنووســێکی تایبــەت بەکاردێنــێ، بــۆ نموونــە لــە Subject دا پیتــی (S) بــە کەپیتــەڵ دەنووســێ بــۆ گەورەپێشــاندانی بابەتەکــە.

ئەوکاتەی بە ملیۆنان خانەوادە لە بارودۆخێکی ئابووری وادا دەژیێن کە شێوازی ژیان و بەرژەوەندی و پێکهاتەکەیان لەچاو چینەکانی دیکە و بارودۆخیان لە بەرەوڕووبوونەوەی شەڕانگێزی دایاندەبڕێ، ئەوا چینێک پێکدەهێنن))[1]. لێرەدا هیچ جۆرە کارکردنێک بە ‹‹ویستی چینایەتی›› لە گۆڕێ نییە. لە ڕاستیدا، دەکرێ لێرەدا کۆبوونەوەی بوونی خێزان بە ‹‹گۆڕەپان››ی ویستێک ناوبێنین کە سەرەڕای سەرقاڵیی لەڕێی دابڕینی پەسندکردنی چینێک بەسەر ئەوی دیکەدا، دابەش نەبووە. لەم چوارچێوەیەدا و لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، نموونەیەکی دیکە هەیە کە پتر پەیوەستە بە فەرەنسا لەچاو لایەنە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، کە تێیدا پێکهاتنی چینێک، دەستکرد و ئابوورییە و بریکارنامەیەکی ئابووری یان بەرژەوەندییەکی کەسی نییە، چونکە سستەماتیکە و هاوئاهەنگ نییە. ئەم بریکارنامە یان بەرژەوەندییە، پەیوەندیی هەیە بە ڕەخنەی هیگل لە بارەی بابەتی تاک، چونکە لەم چالاکییە بەتاڵەدا ئاماژە بە شوێنێک دەکا کە بێ بابەتە، ئەویش مێژوو و ئابووریی سیاسییە. لێرەدا سەرمایەداری بە ((لەخۆگری ئاگایی (Trager) دادەنرێ لە بزاوتی بێ سنووری سەرمایەدا))[2].

من بۆچوونم وایە کە مارکس کار لەسەر دروستکردنی بابەتێکی دابەشنەکراو ناکا کە تێیدا ویست و بەرژەوەندی هەماهەنگ بن، چونکە ئاگایی چینایەتی کار بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ناکا.

---

(1) Karl Marx, Surveys from Exile, trans. David Fernbach (New York, Virtage Books, 1974), p.239.

(2) Karl Marx, Capital: A Critique of political Economy, vol, 1 trans. Ben Fowkes (New York Vantage Books, 1997), p254.

لـە هـەردوو بـواری ئابـووری (سـەرمایەداری) و سـیاسی (هـۆکاری مێژوویی-جیهـانی)دا، مارکـس ناچـارە بـۆ بابـەتی دابەشـبوو و لەبەریەکهەڵوەشـاوە نموونـەی وا بنیاتبنـێ کـە پاژەکانیـان بەیەکـەوە نەلکابـن و لەگـەڵ یـەک بەیەکـەوە نەبەسـترابنەوە. ئـەم بڕگـە ئاهەنگئامێـزەی کـە وا وەسـفی سـەرمایە دەکا، بـەوەی دڕندەیەکـی شـەڕانگێزی فاوسـتییە، وا دەکا ئـەم بابەتـە پـڕ بـێ لـە زیندووێتـی.[١]

کۆپلـەی داهاتـوو کـە هـەر لـە وتـاری کودەتـای هەژدەیەمینـی لویـس پۆناپـارت وەرگیـراوە، لەبـارەی بابـەتی چینایەتییـە و لەسـەر بنەمـای بنیاتگەریـی ئیـش دەکا ((پەرتوبـڵاو و لەبەریـەک هەڵوەشـاوە- Dispersed And Dislocated ))یـە: ئاگایـی (بـە کۆمەڵـی نائامـادە)ی چینـی خـاوەن زەوییـەکان لـە کرێـکارە بچووکە گوندنشـینەکان خـۆی وەک ‹‹نوێنەرێـک›› دەبینێتـەوە کـە ئەویـش بـۆ بەرژەوەندیـی کەسـێکی دیکـە کاردەکا. لێـرەدا وشـەی ‹‹نوێنـەر›› بـە واتـای وشـەی Darstellen نایـێ، ئەمـەش جیاوازییەکـە لـە نـاو هەرزەلینـە وشـەییەکە زیاتـر دەکا کـە هەریـەک لـە فۆکـۆ و دۆڵـوز باسـیانکردووە. بـا بـۆ نموونـە جیاوازیـی نێـوان ‹‹بریـکار- proxy›› و ‹‹تابلـۆ- Portrait›› باسـبکەین[٢]. بێگومـان ئـەم دووە پەیوەندیـی لەنێوانیانـدا هەیـە، پەیوەندییـەک کـە لـەڕووی سـیاسی و ئایدۆلۆجی تەژییـە لـە دابونەریتـی ئەوروپـی، لایـەنی کـەم لـەو کاتـەوەی وایـان دانـاوە شـاعیر و سـۆفی و نوێنـەر و وتاربێـژ زەرەرن.

---

(1) Marx, Capital, I, P 302.

(٢) سـپیڤاک ئـەم نموونانـە و هـی دیکەشـمان بۆیـە بـۆ بـەراورد دەکا، تـا کاتێـک دێتـە سـەر لێکدانـەوەی تێکسـتە سانسـکریتییەکان، پێـمان بڵـێ وشـە لـە کۆنتێکسـتدا دەکـرێ واتـای بگـۆڕێ.

لەبـەر سـێبەری ئـەو وەسـفەی پاش-مارکسـییەکان بـۆ دیمـەنی دەسـەڵاتیان کـردووە، دووچـاری گفتوگۆیەکـی زۆر پێشـکەوتووتر دەبیـن: لەنێـوان نوانـدن و ڕەوانبێژیـدا، بـەو پێیـەی کـە هـەم خوازەییـن و هـەم قەناعەتپێکـەر. وشـەی ‹‹Darstellen›› سـەر بـە گروپـی یەکەمـە، هەرچـی وشـەی ‹‹Vertreten››ە، ئەوا پێشـنیازێکی بەهێزتـر دەخاتـەڕوو کـە واتـای جێگـرەوە دەدا، بەمپێیەش بـێ، ئەوا سـەر بـە گرووپـی دووەمـە. دووبـارە دەیڵێینـەوە کـە هەردووکیـان بەیەکـەوە گرێـدراون و بەیەکـەوەش کاردەکـەن، بەتایبـەتی لـەو بارەیـەوە کـە لـە پشـت هەریەکێکییانەوە چەوسـاوەکان قسـەدەکەن و کاردەکـەن و خۆیـان دەناسـن، ئەمـەش بـەرەو ‹‹سیاسـەتی یۆتۆپیی جەوهەر››مـان دەبـات.

ئەمـە ئـەو بڕگەیەیـە کـە مارکـس نووسـیویەتی، بەبەکارهێنـانی وشـەی vertreten کـە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا وشـەی -repre sent ‹‹نوێنەرایـەتی دەکات›› بـەکاردێ بـۆ گفتوگۆکـردن لەبـارەی ‹‹بابـەت››ی کۆمەڵایـەتی کـە ئاگایـی و جێگرەوەکـەی ‹‹-Vertre tung››ە (کـە پـتر بـە واتـای جێگـرەوە دێ نـەک نوێنەرایەتیکـردن) ((لەبەریەکهەڵوەشـاوە و ناڕێـک)): خـاوەن زەوییـە بچووکـە کرێـکارە گوندنشـینەکان ناتوانـن ((نوێنەرایـەتی خۆیـان بکـەن، بۆیـە پێویسـتە نوێنەرایەتییـان بکـرێ و پێویستیشـە نوێنەرەکەیـان لـە هەمـان کاتـدا ببێتـە لێپرسراویشـیان و دەسـەڵاتی بەسـەریاندا هەبـێ و دەسـەڵاتێکی حکومـی کـۆت نەکراویـش لـە گرووپـەکانی دیکـە بیانپارێـزێ و لەسـەرەوە بارانیـان بـۆ ببارێنـێ و تیشـکی ڕۆژیـان پـێ بـدا. لێـرەدا کاریگەریـی سـیاسی (لەبـاتی بەرژەوەندیـی چینایـەتی، کـە بابەتێـک نییـە هەمـوو لەبارەیـەوە کـۆک بـن) دەردەکـەوێ.

خـاوەن زەوییـە جووتیـارە گوندنشـینە بچووکـەکان دوا دەربڕینـی خۆیـان دەدۆزنـەوە و (لێـرەدا زنجیرەیـەک جێگـرەوە ‹‹بەدیـل»ی -Vertretungen- بەهێـز) لـە دەسـەڵاتی جێبەجێـکار تێوەدەگلێـن کـە کۆمەڵگـە دەکاتـە پاشـکۆی خـۆی (Exekutivgewalt- ئەمـە لـە زمـانی ئەڵمانیـدا وشـەیەکە هێـزی کەمـترە)[1]

بابەتەکـە بـە تەنیـا ناوەسـتێتە سـەر ئـەوەی نموونـەی لەمجۆرەی ‹‹پێچوپەنـای کۆمەڵایـەتی- social indirect›› بهێنینـەوە کـە کەلێنـە پێویسـتەکان دەکاتـەوە لـە نێـوان سـەرچاوەی ‹‹هەژمـون››، (لـەم حاڵەتـەدا خـاوەن زەوی لـە جووتیـارە گوندنشـینە بچووکەکانـە) و ‹‹نوێنەریش›› لویس ناپلیۆنە و دیاردەی مێژوویی-سیاسی (دەسـەڵاتی جێبەجێـکار)ە- تەنیـا لەبـەر ئـەوە پێویسـتە ڕەخنـە لـە بابەتەکـە بگیـرێ، چونکـە تاقانـە بریـکارە، بـەڵام ڕەخنەیەکیشـە لـە خودێتـی وەکالـەتی کۆمەڵایـەتی. ئامێـری لەبەریەکهەڵوەشـاوەی مێـژوو لـەکاتی پێویسـتدا جووڵـە دەکا، چونکـە ‹‹ناسـنامەی بەرژەوەنـدی››ی ئـەو خـاوەن زەوییانـە ‹‹ شکسـتدێنێ لـەوەی هەسـتکردن بـە ‹‹کۆمـەڵ- Community››، یـان پەیوەندییـە نەتەوەییـەکان، یـان ڕێکخسـتنی سـیاسی بەرهەمبێنـێ. ڕووداوی نوێنەرایەتیکـردن Vertretung (لـە

---

(١) ئـەم پەراوێـزە لـەو دانەیـەدا هەیـە کـە لـە سـاڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتـەوە: ئـەم کۆپلەیـە شـایەنی گاڵتەپێکردنـە لـە کتێبـی مارکـس، لـە چوارچێـوەی ‹‹نوێنەرایەتیکـردن››ی لەخشـتەبەر کـە لویـس ناپلیـۆن کردوویـەتی و بەرژەوەندیـی بۆرجوازییـەکانی بـۆ ‹‹جووتیـارە شۆڕشـگێڕەکان›› بـە ڕێکخـراوی داپڵۆسـاندووە (ڕاپـرسی، ل٢٣٩). زۆر لـە خوێنـەرە سـەرپێییەکان باوەڕیـان وایـە کـە مارکـس پاڵپشـتیی ئەمـە دەکا، وەک بـاوەڕی تایبـەتی خـۆی لەبـارەی تـەواوی جووتیـاران!

گروپــی ڕەوانبێــژی بــەوەی کــە قەناعەتپێکــەرە rhetoric-as-per- suasion) نموونــەی Darstellung (بــەوەی کــە خوازەیــە rhet- oric-as-trope)، شــوێنی خــۆی لــەو کەلێنــەوە جێدەکاتــەوە کــە دەکەوێتــە نێــوان شــێوەی ‹‹وەســفی›› چینەکــە و نەبــوونی شــێوەی چینــی ‹‹ئاڵوگــۆڕ››: ((مادامەکــی ملیۆنــان خانــەوادە لــە بارودۆخێکــی ئابــووری وا دەژییــن کــە شــێوازی ژیانیــان پەراوێــز دەخــا... ئــەوا چینێــک پێکدەهێنــن. هەروەهــا... بــەو ڕادەیــەی کــە لــە دەستنیشــانکردنی ناســنامەی بەرژەوەندییــەکانی لــە بەرهەمهێنــانی هەســتکردنی بەکۆمــەڵ شکســتدێنێ... ئــەوا لــە پێکهێنــانی چینێکــی دیاریکــراو دووردەکەوێتــەوە)). ئاڵۆزیــی هــەردوو وشــەی Ver- treten و Darstellen، واتــە ناســنامەکەیان وەکــو شــوێنێک بــۆ مومارەســەکردن- چونکــە ئــەم پیلانگێڕییــە ڕێــک ئەوەیــە کــە پێویســتە مارکســییەکان بیدۆزنــەوە، ئــەوەی کــە مارکســیش لــە وتــاری کودەتــای هەژدەیەمینــی لویــس پۆناپــارت کــردی- ناتوانــرێ هەڵبســەنگێندرێ، ئەگــەر لەڕێــی لاگیریــی وشــەکەوە تێکــەڵ نەکرێــن.

ڕەنگــە ئــەو کێشمەکێشــەی لێــرە هەیــە، تەنیــا لاگیرییەکــی بــە مەبەســت بــێ بــۆ دەقــی مارکــس کــە وای لێــدەکا بــۆ پیــاوی ڕەشــۆکی و قوربانیــی ‹‹هەســتی دروســت›› و ئــەو پیــاوەی بــە قووڵی ڕووچووەتــە نــاو میــراتی ئەرێنــی بەردەســت نەبــێ، بەجۆرێــک تەرکیــزی مارکــس قابیــلی لاگیــری نییــە لەســەر کاری نەرێنــی و پێویســتیی شــکاندنی بتــی درک کــە بــەردەوام لەڕێــی بەهێزتریــن ڕکابەریــەوە لێــی دادەپڵۆســێنرێ: ‹‹دابونەریتــە مێژووییــەکان››،

ئەوانـەی وەکـو ئاگـری نـاو جەنگـەڵ بڵاوبوونەتـەوە.[١] دەمەویسـت ئامـاژە بـەوە بکەم کـە ‹‹مرۆڤ›› نائاشـنایە، فەیلەسـوفی مومارەسـەی هاوچەرخـە و هەندێکجـار هەمـان میـراتی ئەرێنـی وەدەردەخاتـەوە.

مەترسـیی کێشـەکە ڕوونـە، ئەگـەر مـرۆڤ بڕیـاری ئـەوەی دا کـە گەشەسـەندنی ‹‹ئاگایـی›› چینـی گـۆڕاو، لـە ‹‹هەڵوێسـت››ی چینـی وەسـفی، نوێنەرایـەتی ئەرکی بەشـداریپێکردنی ئاسـتی زەمینـی ئاگایی نـاکات لای مارکـس. ئاگایـی چینایـەتی دەوەستێتەسـەر هەسـتکردن بـەو کۆمەڵـەی کـە ئینتیـمای هەیـە بـۆ پێکبەسـتە نەتەوەییـەکان و ڕێکخسـتنە سیاسـییەکان و ناوەستێتەسـەر هەسـتکردنی ئـەوی دیکـە بـە کۆمـەڵ و نموونـە بنیاتییەکـەی کـە لـە خێزانـدا خـۆی دەبینێتـەوە. لێـرەدا خێـزان سـەرەڕای ئـەوەی لەگـەڵ سروشـت کـۆک نییـە، هاوشـێوەی کۆمەڵـە ئەسـتێرەیەکی گونجـاو لەگـەڵ یـەک نەخشـێنراوە کـە مارکـس نـاوی نـاوە ‹‹ئاڵوگـۆڕی سروشـتی-natural exchange››، کـە لـە لایـەنی فەلسـەفییەوە بریتییـە لـە ‹‹ توخمـی جێگـر- placeholder›› لـە نرخـی بەکارهێنانیـدا.[٢]

---

(١) پێناسـەی پوخـت و نایـاب و گفتوگـۆی هەسـتی دروسـت لـەم سـەرچاوەیە ببینە :

Errol Lawrence, “Just Plain Common Sense: The ‘Roots’ of Racism” In Hazel V. Corby et al, The empire Strikes back, Race and Racism m 70s Britain (London: Hutchinson, 1982) p48.

(٢) دەکـرێ ‹‹بەهـای تیـۆری›› لای مارکـس وا پیشـانبدرێ کـە ‹‹خەیاڵـی تیۆری››یـە، بەوپێیـەی بەشـێکی گـەورەی پارادۆکسی شـیمانەکراوە لـە نموونەی ‹‹ئاڵوگـۆڕی سروشـتی››، هەوڵمـدا لەبـارەی بابەتی بەهـا، پەرە بـەم بیرکردنەوانە بـدەم کـە دەستنووسـێکە لـە ژێـر چاودێـری نیشـانەکانی پێکهاتـن دایـە.

‹‹ئاڵوگۆڕی سروشتی›› لەگەڵ ‹‹پەیوەندیکردن بە کۆمەڵگە›› دژی یەکن، بەجۆرێک وشەی ‹‹پەیوەندیکردن›› (Verkehr) بریتییە لەو وشەیەی کە مارکس بەردەوام بەکاریدەهێنا و مەبەستیشی لێی ‹‹بازرگانی›› بوو. بەمشێوەیە ‹‹پەیوەندیکردن›› شوێنی ئەو ئاڵوگۆڕییە دەگرێتەوە کە بەرەو ئەو بەرهەمەمان دەبا کە نرخەکەی لەسەرەوەیە و لە ڕووبەری ئەو پەیوەندیکردنەشدا پێویستە پەرە بە هەستکردن بە کۆمەڵ بدرێ کە بەرەو وەکالەتی چینایەتیمان دەبا، چونکە وەکالەتی چینایەتی تەواو (ئەگەر هەبێ)، بریتی نییە لە وەرچەرخانێکی ئایدۆلۆجیی ئاگایی لە ئاستێکی سەرەکیدا. هەروەها ناسنامەی پێداگریی وەکیلەکان و بەرژەوەندییەکانیان- ناسنامەیەکە ڕەنگە ئامادەنەبوونی هەریەک لە فۆکۆ و دۆلوز هەراسان بکا. ئەوە جێگرەوەیەکی سەر بەکێشەیە، بەو پێیەی ‹‹خاوەنداریەتی›› تەواوکردنی شتێکی ‹‹دەستکرد›› دەکات کە بەو ((بارودۆخە ئابوورییەی شێوازی ژیانیان پەراوێزدەخات)) دەستپێدەکا. ئەو پێکهاتانەی مارکس باسیان دەکا، ڕوانینێکی بە ئاگای ڕەخنەی ڕسکاو دەردەخات ((بۆ هەریەک لە بریکارە خودی و کۆمەڵەکان))، لای ئەو پرۆژەی ئاگایی چینایەتی و ئاڵوگۆڕی ئاگایی دوو پرسی لەیەکدابڕاون. بە پێچەوانەی ئەمە، داهێنانە هاوچەرخەکانی ‹‹ئابووریی لیبیدی›› و ویست، بەو پێیەی کە بەرژەوەندییەکە یەکلابووەتەوە، بە بەراورد بەو سیاسەتە کارەکییەی ئەو چەوساوانە دەیکەین کە ((لەبارەی خۆیانەوە دەدوێن)) (لە ژێر پەردەی سەرمایەداریی کۆمەڵایەتی)، بابەتی باڵادەستیی دەگەڕێنێتەوە سەر عەرشی ئەو تیۆرەی کە زۆربەی جار وای دەردەخا پرسیاری لەبارەوە دەکا.

گومـانی تێـدا نییـە، دوورخسـتنەوەی خانـەوادە، ئەگەرچـی خانـەوادە لایەنگیـری پێکهێنـانی چینایەتییەکـی دیاریکراویـش بـکا، هێشـتا بەشـێکە لـەو چوارچێـوە نێرسـالارییەی کـە مارکسـیزم تێیـدا گەشـەی کـرد و ڕسـکا.[1] بـە درێژایـی مێـژوو و ئێسـتاشی لەگەڵدابـێ ڕۆڵـی خانـەوادە لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـە باوکسـالارەکاندا، هاوئاهەنـگ نییـە و بگـرە کێشـە لەسەریشـە، بـە تەنیـا بـە گۆڕینـی خانـەوادە لـەم ناجێگیرییـەدا، چوارچێـوە نابەزێنـدرێ. چارەسـەریش لـەوەدا نییـە کـە نـاوی ژمارەیـەک ‹‹ئافـرەت››ی هاوئاهەنـگ، ئەوانـەی کـە کەسایەتییەکی پتەویـان هەیـە و دەتوانـن لەبـارەی خۆیانـەوە قسـە لـە دژی هەمـان ‹‹سسـتەمی بـاو›› بکـەن، لـە لیسـتی ئافرەتـانی چەوسـاوە کۆبکرێنـەوە.

لـە چوارچێـوەی گەشەسـەندنی ‹‹هۆشـیاری››ی سـتراتیجی دەسـتکرد لـە ئاسـتی دووەم، مارکـس بـە بەردەوامـی چەمکـی ‹‹ڕەچەڵەکـی باوکسـالارانە- the patronymic concept›› لـە چوارچێوەیەکـی فراوانـتری چەمکـی نوێنەرایەتیکـردن -Vertretung بەکاردێنـێ، بـۆ نموونـە: جووتیـارە گوندنشـینە خاوەنزەوییـە بچووکـەکان ناتوانـن بەرژەوەندیـی چینەکەیـان بەنـاوی ڕاسـتەقینەی خۆیـان بـە چالاکـی بهێڵنـەوە، جـا چ لـە ڕێگـەی پەرلەمانـەوە بـێ،

(١) دەکـرێ کتێبـی ‹‹بازنـەی زمانیـی لـە جنێـف›› کـە هـی دریدایـە و بەتایبـەت لاپـەڕە ١٤٣، ڕێگایـەک بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئـەو شـوێنە بڕەخسـێنێ کـە ناتوانـرێ لـە مۆرفۆلۆجیـای پێکهاتنـی چینایەتیـدا لـە خانـەوادە دابـڕدرێت. بڕوانـە:

Margins of Philosophy, trans. Alan Bass (Chicago University of Chicago Press, 1982).

یـان لـە ڕێـی ڕێککەوتنێکـەوە. نەبـوونی ناوێکـی دیـاری دروسـتی بەکۆمەڵـی دەسـتکرد کـە هـی خانەوادەیـەک نەبـێ، تاکـە ڕێـگا کـە دروسـتی دەکات، بریتییـە لـە ‹‹تەقلیـدە مێژووییەکـە››- خـودی ڕەچەڵەکـە باوکێتییەکـە- نـاوی بـاوک: ((دابونەریتـە مێژووییـەکان لای جووتیـارە فەرەنسـییەکان ئـەو بـاوەڕەی دروسـتکرد کـە پەرجـو ڕوودەدا و ئـەو پیـاوەی کـە نـاوی ناپلیۆنـە هەموو سـەروەرییەکانیان بـۆ دەگەڕێنێتـەوە))، پاشـان تاکێـک دەرکـەوت کـە وەکـو تـاک تەماشـای خـۆی دەکـرد و هەمـوو ئـەو پرسـیارانەی بریکاریـان بـۆ دەگیـرا و ئـەوەشی کـە پەیوەندیـی بـە بریـکار و بەرژەوەندییـەوە هەبـوو، لەناویـبرد- ((کـێ ڕێ بەخـۆی دەدا ببێتـە ئـەو پیـاوە)) (ئـەم خـۆ پیشـاندانە، بـە پێچەوانـەی ئـەوەی دیکـە، ئەوەمـان پـێ دەڵـێ کـە تاکـە وەکیلایـەتی ئەوکاتەیـە کـە وەکالەتـت پـێ بـدرێ)، چونکـە ئـەو (وشــەی tragat هەڵدەگـرێ کـە وشــەیەکە لـە پەیوەندیــی نێـوان سـەرمایەداریی بـە سـەرمایەدار بـەکاردێ) و کـۆدی ناپلیۆنییـە کـە لای فەرمانـدەکان گـەڕان بــەدوای باوکســالاریدا قەدەغەیــە. ئەمـە لەکاتێکدایـە پێدەچـێ مارکـس لێـرەدا لەچوارچێـوەی خـوازە پاتریارکییـەکان کار بـکا، بۆیـە لەسـەر مـرۆڤ پێویسـت دەبـێ بـە وردی لـە دەقەکـە ڕابمێنـێ. یاسـای بـاوک ‹‹کـۆدی ناپلیـۆن››ە کـە بـە شـێوەیەکی پێچەوانـە ناهێڵـێ خەڵـک بـەدوای باوکـی سروشـتیدا بگـەڕێ. بەمشـێوەیە بەپێـی کۆتوبەنـدە پتـەوەکانی یاسـای مێژوویـی بـاوک، بـاوەڕی ئـەو چینـەی کـە پێکهاتـووە، یـان ئـەوەی هێشـتا بـە باوکـی سروشـتییەوە پێکنەهاتـووە، بـە دەسـتکەوت دادەنـرێ.

ئــەم کۆپلەیــەی مارکــس ماوەیەکــی درێــژ وەســتاندمی، وەک ئــەوەی لەنـاوی مابمـەوە، چونکـە جووڵـەی نـاوەوەی وشـەی -Ver

tretung، یــان نوێنەرایەتیکــردن لــە چوارچێــوە سیاســییەکەیدا ڕووندەکاتــەوە. هەرچــی نوێنەرایەتیکردنــە لــە چوارچێــوە ئابوورییەکەیـدا، ئـەوا بریتییـە لـە Darstellung، ئەمـە لەکاتێکدایـە چەمکــی فەلســەفیی نوێنەرایەتیکــردن کــە نمایــشی تێدایــە، یــان بەڕاسـتی دەلالـەتی تێدایـە، بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ پەیوەندیـی بـە بابەتێکـی دابەشـکراوەوە هەیـە. ئـەو کۆپلەیـەی کـە زۆر ڕوون و بەناوبانگـە، بریتییـە لەمـەی خـوارەوە: نرخـی ئاڵوگـۆڕی کاڵامـان لـە کـردەی ئاڵوگۆڕکردنـدا بـۆ دەردەکـەوێ، بە تـەواوی دوور لـەو کارەی بـۆی بەکاردەهێـنرێ، بـەڵام ئەگـەر هاتـوو نرخـی بەکارهێنانیـمان لـە بەرهەمهێنــەری کارەکــە پــرسی، ئــەوا دەزانیــن نرخەکــەی چەنــدە، هــەروەک ئێســتا کردمــان. ئــەو توخمــە هاوبەشــەی نوێنەرایــەتی خـۆی دەکا لـە پەیوەندیـی گۆڕینـەوەدا، یـان لـە نرخـی گۆڕینـەوەی کاڵادا، ئــەوا نرخــی خۆیــەتی.[1]

بەپێــی مارکــس و لــە ژێــر ســێبەری ســەرمایەداریدا، نــرخ دیاردەکــرێ، هــەروەک چــۆن بەرهەمهێنــانی لــە کرێکاریــی پێویسـت و زیـادە تـەواو دەبـێ، ئەمـە نوێنەرایەتیکردنـە/ نیشـانەی کرێکاریـی بەرجەسـتەیە (کـە لـە هەمـوو کارێکـی دیکـە وردتـرە کـە مرۆڤایـەتی ڕایدەپەڕێنـێ)، بـە پێچەوانـەی ئەمەشـەوە و لـە سـێبەری تیــۆری ئیســتیغلال وەکــو دەســتکەوت (بەرهــەم) و موڵکــداری و وەدەســتهێنانی نرخــی (زیاتــر) کــە بریتییــە لــە نوێنەرایەتیکــردنی دەســەڵاتی کار، پێویســتە وا ســەیری قۆستنەوە(ئیســتیغلال)ی سـەرمایەداریی بکەیـن، بـەوەی گروپێکـی هەمەڕەنگن لە باڵادەسـتی (میکانیزمـی دەسـەڵات لـەم ڕێگەیـەوە). دۆڵـوز ئـەوە پێشـنیازدەکا:

(1) Marx, Capital, I, P128.

پاڵنـەری دروسـتبوونی مارکسـیزم بریتـی بـوو لـە دەستنیشـانکردنی پێکهاتـە (ئەویـش بریتییـە لـەوەی دەسـەڵات پـتر لـە بنیـاتی ئیسـتیغلالکردن و پێکهاتنـی دەوڵـەت) لەلایـەنی بەرژەوەندییـەوە (لەژێـر قەڵەمڕۆی چینـی فەرمانڕەوادایـەوە و بەبەرژەوەنـدی ئەوان دیاردەکـریێ) (FD214)

مـرۆڤ ناتوانـێ ڕێگـری لـەم پوختـە سادەیەی پـرۆژەی مارکـس بـکا، هـەروەک ناشـتوانێ ئـەوە پشـتگوێبخا کـە دۆڵـوز و گۆتـاری لـە هەندێـک بـەشی کتێبـی دژی ئۆدێـپ، هەردووکیـان بانگەشـەکەیان لەسـەر تێگەیشـتنێکی زۆرجـوان، ئەگـەر نەشـڵێین ‹‹شـاعیرانە››، لەبـارەی تیـۆری مارکـس لـە ‹‹بۆتـەی پـارە- money form›› بنیاتدەنێـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێمـە بەمشـێوەیە پاڵپشـتی لـە ڕەخنەکەمـان دەکەیـن: پەیوەندیـی نێـوان سـەرمایەداریی جیهـانی (ئیسـتیغلال لـە ئابووریـدا) و هاوپەیـمانی لـە نێـوان دەوڵـەت و گەلـدا (باڵادەسـتیی لـە جوگرافیـای سیاسـیدا)، بـە پلەیـەک میکرۆلۆجییـە کـە ناتوانـێ پێکهاتـەی میکرۆلۆجـی دەسـەڵات شرۆڤـە بـکا[1]. بـۆ جـووڵان بـەرەو ئەمجـۆرە لـە ئیعتیبـار، پێویسـتە مـرۆڤ بـەرەو تیـۆرەکانی ئایدۆلۆجیـا هەنگاوبنـێ، چونکـە پێکهاتـەی ئـەو بابەتـەی بەشـێوەی میکرۆلۆجـی کاردەکا، بـە زۆری بەشـێوەیەکی

(١) پەراوێزێکـە بـۆ دانـەی وتـاری سـاڵی ٢٠١٠ زیادکـراوە: بـارودۆخ لـە سستەمی جیهانیـی نـوێ گـۆڕاوە، بـا نـاو لـە بانکـی نێودەوڵـەتی و سـندوقی دراوی نێودەوڵـەتی و ڕێکخـراوی بازرگانیـی جیهـانی و هەمـوو ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ‹‹ئابووری››یـەوە هەیـە، هەروەهـا نەتـەوە یەکگرتـووەکان لایـەنی ‹‹سـیاسی››. لـە نێـوان ئـەم دووانـە دانوسـتان بـە نـاوی ڕەگـەز ‹‹کەلتـوری›› دەکـرێ کـە ڕەنگـە لـەم ڕووەوە میکرۆلۆجـی بـێ.

نارێک لە بەرژەوەندیدا کاردەکا کە بەهێزکردنی مایکرۆلۆجییەکانی لێدەکەوێتەوە. ناکرێ ئەم تیۆرانە چاو لە دەستەی نوێنەرایەتیکردن بە هەردوو واتاکەیەوە بپۆشن. دەبێ ئاگامان لە چۆنیەتی نمایشکردنی جیهان (واتە دیمەنە نووسراوەکەی) و نواندن و پێشاندانی، هەردوو کاری هەڵبژاردن و پێویستی بە «پاڵەوان» و وەکالەتی دایک و باوک و بەکرێگیراوانی دەسەڵات بۆ تەمسیلکردن Vertretungی هەڵوەشاندەوە بێ.

وایدەبینم کە پێویستە مومارەسەکردنی ڕادیکالیزم لەم نوێنەرایەتیکردنە دووهێندەبووەدا ئامادەیی هەبێ، لەباتی ئەوەی بابەتێکی تاکەکەسی لە ڕێگەی بەیەکەوە کۆکردنەوەی چەمکی دەسەڵات و ویست) پێشکەش بکرێتەوە. هەروەها بەپێی بۆچوونی من، مارکس، لەڕێی مانەوەی لە بواری مومارەسەی چینایەتی لە پلەی دووەمی تەجرید، دەیتوانی لەسەر ڕەخنەگرتن لە هیگل و (کانت) بمابایەوە، لە بابەتی تاک، بەو پێیەی وەکیلە.[1] هەرچەندە ئەم بۆچوونە ناچارم ناکا، ئەوە پشتگوێ بخەم کە خودی مارکس کاتێک پێناسەی خانەوادە و زمانی دایک دەکا، وایان دەبینێ ئاستی بنچینەیی بن و وا دەردەکەوێ کە

---

(١) من درک بەوە دەکەم کە پەیوەندیی نێوان مارکسیزم و کانتیزمی نوێ لە ڕووی سیاسییەوە بارگاوییە. من بۆ خۆشم ئەو ئەگەرە نابینم کە بتوانرێ پێکبەستێک لە نێوان دەقە تایبەتەکانی مارکس و ساتە ئەخلاقییەکانی کانتدا دروستبکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لای من وادەردەکەوێ کە لێپێچینەوەی مارکس لە تاک وەکو هۆکارێک بۆ مێژوو، پێویستە لە چوارچێوەی هەڵوەشانەوەی بابەتی تاکدا بخوێنرێتەوە، ئەوەی کە ڕەخنەی کانت لە دیکارت دەرگاکەی کردەوە.

ڕۆشـنبیری و دابونەریـت و هـۆکارە سروشـتییە تایبەتییـەکان لـە ڕێکخسـتنی داڕمانـدنی تایبـەت بـە ‹‹خـۆی››، لەسـەر پەتـە کۆنـەکان کاردەکـەن.[1] لـە چوارچێـوەی داواکارییـەکانی دوای بونیادگەریـی بـۆ ڕەخنەگرتـن، پێدەچـێ ئـەم بابەتـە بـە بـەراورد بـە نوێکردنـەوەی نهێنیـی ‹‹خودێتـی جەوهـەری- subjective essentialism›› پـتر قابیـلی ئـەوە بـێ بگەڕێنرێتـەوە.

گەلێکجـار کورتکردنـەوەی مارکـس لـە کەسـایەتییەکی مێژوویـی چاکەخـواز ‹‹benevolent››، خزمـەت بـە پەیدابـوونی تیۆرێکـی ڕاڤەیـی نـوێ دەکا. پێدەچـێ کێشـەی گفتوگـۆی نێـوان فۆکۆ-دۆلـوز، لـە دەوری نائامادەیـی نوێنەرایەتیکـردن کۆبووبێتـەوە، کـە هیـچ دەلالەتێـک نییـە (ئایـا وایدابنێیـن کە دال پێشـتر لـە سێدارە دراوە؟) کەواتـە ئەزمـوونی وەکارخسـتنی بنیـاتی نیشـانەکان لەگـۆڕێ نییـە و بـەم پێیـە مـرۆڤ دەکارێ سـیمۆلۆژیا بـۆ ئاسـوودەیی لەلایـەک دابنـێ؟)، تیـۆر بـە نـۆرە لەگـەڵ مومارەسـە کاردەکا و (بـەم پێیـەش گرفتـەکانی مومارەسـەکردنی تیـۆر بـۆ ئاسـوودەیی لەلایـەک دادەنـێ)، دەشـکرێ چەوسـێنەرەوەکان لەبـارەی خۆیانـەوە بدوێـن و خۆیـان بناسـن. ئەمەشـە کـە خسـتنەڕووی بابـەتی بنچینەیـی لایـەنی کـەم لـە دوو ئاسـت دووبـارە دەکاتـەوە: پـرسی ویسـت و دەسـەڵات، بـەو پێیـەی بیردۆزەیەکـە لەسـەر ڕێبازێـک دەڕوا و ناتوانـرێ بچووکـتر بکرێتـەوە، بەهەمانشـێوە بابـەتی چەوسـێنەرەوەکانیش کـە بابەتێکـی تاڕادەیـەک خودییـە، ئەگـەر نەشـڵێین سەتاسـەت

(1) Karl Marx, Grundrisse Foundations of the Critique of Political Economy, trans. Martin Nicolaus (New York, Viking Press, 1973), pp. 162-63

خودییە. سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕۆشنبیرانەی سەر بە هیچ یەک لەو بابەتانە نین،[1] لە پێشبڕکێی نۆرەدا شەفافن، چونکە ئەوان تەنیا ڕاپۆرتێک پێشکەش دەکەن کە نوێنەرایەتیکردنی تێدا نییە و کارەکان (بەبێ شیکارکردن)، (ئەو بابەتە ناولێنەنراوەی کە پێشتر بە شێوەیەک پێشبینی دەکرێ کە لەتوانادا نییە بچووکبکرێتەوە) لە ڕێی دەسەڵات و ویست لێکدەدەنەوە. ‹‹شەفافیەتی›› بەرهەمهێن شوێنی ‹‹بەرژەوەندی››ی دەگرێتەوە و لەڕێی نکۆڵیکردن پارێزگاری لێدەکرێ: ((ئێستا ڕۆڵەکە هی دادوەر و قازی و شایەتە کە ڕۆڵێکە من بە ڕەهایی لەخۆگرتنی ڕەتدەکەمەوە)). دەکرێ یەکێک لە بەرپرسیارییەتەکانی ڕەخنەگر لە خوێندنەوە و نووسین بە شێوەیەک بێ کە مامەڵە لەگەڵ مەحاڵدا بکا، لە شێوەی ئەم ڕەتکردنەوە تاکگەراییە، کە تۆمەتبارە بە ئیمتیازاتی دامەزراوەیی دەسەڵات کە پێشکەشی بابەتەکە کراوە، مامەڵەیەکی جدی لەگەڵدا بکا. ڕەتکردنەوەی سستەمی نیشانەکان ڕێ لەبەردەم تیۆرە پێشکەوتووەکانی ئایدۆلۆجیا دەگرێ. لێرە گوێبیستی ‹‹شێوە قسەکردنێکی ناوازەی نکۆڵیکردن دەبین. بە کارلێکردن لەگەڵ پێشنیازی جاک ئالان میلەر بەوەی ‹‹خودی دامەزراوە گوتارییە››، فۆکۆ وەڵامدەداتەوە ((بەڵێ، ئەگەر تۆ ئەمەت دەوێ، بەڵام ئەمە بەلای منەوە زۆر گرنگ نییە، چونکە بیرۆکەی من لەبارەی ئامێرەکان تەرکیز ناخاتە

(١) نووسەر لەو شوێنانەی باسی ناوەند و دەسەڵاتداران و خەڵکی خاوەن بڕیار و ئازاد دەکا، پیتی سەرەتای وشەکان دەکاتە کەپیتەڵ(گەورە)، بەڵام کە هەمان وشە بۆ ژێردەستە و پاشکۆ و پەراوێزخراوان بەکاردێنێ بە سمۆڵ(بچووک) دەیاننووسێ.

سـەر هێـزی گوتـن داخـۆ گوتاریـن یـان نـا... بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی کێشـەکەی مـن زمانـەوانی نییـە)) (PK ,198)، کەواتـە ئـەم هەمـوو تێکەڵکردنـەی نێـوان زمـان و گوتـار لـە پـای چـی لای بەڕێـز شرۆڤـەکاری گوتـار؟

لای فۆکـۆ ڕەخنەگرتنـی ئێـدوارد سـەعید لە دەسـەڵات بـەو پێیەی نموونەیەکـی جێـی سـەرنج و ناڕوونـە، ئـەوەی بـۆ دەرەخسـێنێ کـە (( ڕۆڵـی چینـەکان و ڕۆڵـی ئابـووری و شـۆڕش و ڕۆڵـی یاخیبـوون و هەڵگەڕانـەوە بسـڕێتەوە، کـە لێـرەدا نرخی زیاتـری بۆ دادەنـرێ)).[1] مـن بـۆ شرۆڤەکـەی سـەعید بیرۆکـەی بابـەتی شـاراوەی دەسـەڵات و ئـەو ویسـتەی کـە ئاماژە بـە شـەفافیەتی ڕۆشـنبیر دەکا، زیـاد دەکەم. ئـەوەی جێـی سەرسـوڕمانەوە ئەوەیـە پـۆل بـوڤی پێیوایـە سـەعید لـە جەختکردنـەوە لەسـەر گرنگی ڕۆڵـی ڕۆشـنبیر هەڵـەی کـردووە، ئەمـە لەکاتێکـدا ((لـە بنەڕەتـدا پرۆژەکـەی فۆکـۆ تەحدییەکـە بـۆ ڕۆڵـی سـەرکردایەتیکردن لەلایـەن ئـەو ڕۆشـنبیرانەی باڵادەسـت و ئۆپۆزسـیۆنن)).[2] مـن پێموایـە ئـەم «تەحەدییـە» لەخشـتەبەرە، چونکـە بەرپرسـیاریەتی دامەزراوەیـی ڕەخنەگـر پشـتگوێ دەخـات و - ئەمـەش ڕێـک ئەوەیـە کـە سـەعید جەختیلێدەکاتـەوە-.

ئـەم بابەتـە کـە وەکـو لەزگـە بـە شـەفافبوونەوە نووسـاوە و نکۆڵیکردنیـش پیسـیکردووە، سـەر بـەو گروپەیـە کـە دابەشـکردنی جیهانیـی کار دەقۆزنـەوە. مەحاڵـە ڕۆشـنبیرە هاوچەرخـە

(1) Edward W Said, The World, The Text, The Critic (Cambridge: Harvard University Press, 1983), p. 243

(2) Paul Bove, "Intellectuals at War: Michel Foucault and the Analysis of Power" Substance, 36137 (1983), p. 44.

فەرەنسییەکان جۆری ئەو دەسەڵاتە و ویستەی کە تێیدا دەژیێن، لەبارەی بابەتێکی دیاری نەکراو، بە مێشکیان دابێ، واتە ‹‹ئەوی دیکە››ی کە لە ئەوروپا جیاوازە. بابەتەکە تەنیا ناوەستێتە سەر ئەوەی کە هەموو ئەوەی دەیخوێننەوە، جا بابەتەکە ڕەخنەیی بێ یان غەیرە ڕەخنەیی، خراوەتە ناو ئەو گفتوگۆیەی لەبارەی بەرهەمهێنانی ‹‹ئەوی دیکە››یە کە یان پاڵپشتی ئەو بابەتە دەکا کە هاوشێوەی ئەوروپا پیتە سەرەتاییەکانی گەورە دەکا، یان لە دژی دەوەستێتەوە. بەهەمانشێوە لە کاتی بنیاتنانی ئەو ئەوی دیکەیە کە لە ئەوروپا جیاوازە، حەزەرێکی زۆر کراوە لە سڕینەوەی ‹‹پێکهاتە دەقییەکان- the textual ingredients›› کە بەهۆی ئەوەوە دەکرێ ئەم بابەتە وزە ئاگایی و زەینییەکەی وەبەربهێنێت، ڕەنگیشە ‹‹وەبەرهێنان›› ڕێچکەی خۆی بگرێت، نەک تەنیا لە ڕێی بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆجی و زانستی، بەڵکو لەڕێی دامەزراوەی یاساشەوە. هەرچەندە ئەم کارە شرۆڤەی ئابووری لاگیرانەی تێدابێ، ئەوا ڕۆشنبیرە فەرەنسییەکان ئەو مەترسییە لەبیردەکەن کە تەواوی ئەم پرۆژەیە لە بەرژەوەندیی بارودۆخێکی ئابووری ناجێگیر داڕێژراوە و پێویستی بەوەیە بێ بەزەییانە لە ڕێی بەرژەوەندی و پاڵنەر(ویستەکان) و دەسەڵات(مەعریفە) لەبەریەک هەڵبوەشێنرێتەوە. وەکو خستنەڕوویەکی ئەو لەبەریەکهەڵوەشانەوەیە، بەو پێیەی کە دۆزینەوەیەکی ڕیشەییە، پێویستە وامان لێبکات بارودۆخە ئابوورییەکە (ئەو بارودۆخەی بەشێوەیەکی وەسفی ‹‹چینەکان›› لەیەک جودادەکاتەوە) دەستنیشان بکەین، وەکو بەشێک لە مەکینە شرۆڤەکارە ڕێککەوت دیاریکراوەکە، کە ڕەنگە بەردەوامیدان بەم لەبەریەکهەڵوەشانەوەیە بە بێ مەبەست بۆ

ئەوەبێ ((هاوسەنگییەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی باڵادەستیی))[1] دەستەبەر بکرێ. دواتر دێمەوە سەر ئەو ئەرگۆمێنتە. لە پێشەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕۆشنبیر بەشدارە لە دروستکردنی ئەوی دیکەی بەردەوام وەکو سێبەری خود، چونکە شیمانەی مومارەسەی سیاسیی ڕۆشنبیر، هۆکاری ئابووری بەرەو سڕینەوە دەبا و وایدادەنێ ناتوانرێ بەرتەسک تر بکرێتەوە، چونکە تێکستی کۆمەڵایەتی تۆمار دەکا، تەنانەت ئەوکاتەی کە دەشسڕێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناتەواو، کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکا ئەو ((دەستنیشانکەری کۆتایی یان دەلالەتە بەرزەکە))یە.[2]

(1) Carby, Empire, P 34.

(٢) ئەم ئەرگومێنتە بە فراوانی لای سپیڤاک لە وتاری ‹‹پێکدادانە پەرتوبڵاوەکان- Scattered Speculations›› پەرەی پێدراوە، جارێکی دیکە کتێبی دژی ئۆدێپ Anti-Oedipus دەقی ئابووری، سەرەڕای ئەوەی دووبارە چارەسەرەکە لەم بارەیەوە خوازەییە و گوێزانەوە لە شیکارکردنی قەدەوە بۆ شیکاری ڕەگەکان لە کتێبی هەزار گرد (Paris Seuil ,١٩٨٠) بە کەڵک نەهات.

# ٢

ڕوونترین نموونەی بەردەست لەبارەی ‹‹توندوتیژیی مەعریفی epistemic violence›› ئەو پرۆژەیەیە کە لە دوورەوە هاوئاهەنگ دیارە و خۆشی لە پێکهێنانی بابەتی ئیستیعماری بەو پێیەی ‹‹ئەوی دیکە››یە، پەرتوبڵاو و ناڕێکە. هەروەها ئەم پرۆژەیەش سڕینەوەیەکی ڕێکوپێک نییە، بۆ بەدواداچوونی ‹‹ئەوی دیکە›› لە خودە ناجێگیرەکەی خۆی. ئەوەی کە زۆر ئاشکرایە ئەوەیە، فۆکۆ پێگەی توندوتیژی مەعریفی دیارکردووە، بەو پێیەی چاکسازییەکی هەمەلایەنە لە تیۆری مەعریفەدا لە دووبارە پێناسەکردنەوەی سەلامەتیی عەقڵی لە ئەوروپادا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا هەیە،[1] بەڵام چیدەبێ ئەگەر ئەم دووبارە پێناسەکردنەوە دیاریکراوە بۆ بەشێکی گێڕانەوە مێژووییەکانی ئەوروپا بێ و هەمان شتیش لە موستەعمەراتەکان ڕووبدا(بەرکار بێ)؟ چی دەبێ ئەگەر ئەم دوو پرۆژە چاکسازییەی مەعریفە وا کاربکەن وەک ئەوەی بەشی لەبەریەکهەڵوەشاوە بن و لەلایەن بزوێنەرێکی گەورەوە دانیانپێدانەنرێ؟ ڕەنگە ئەمە تەنیا داواکاریی بێ بۆ دانان بە دەقە لاوەکییەکانی دەستنووسە

(1) Michel Foucault, Madness and Civilization, A History of Insanity in the Age of Reason, trans. Richard Howard (New York: Pantheon Books, 1965), PP 251, 262, 269.

کۆپیکـراوەکان، ئەوانـەی ئیمپریالیـەت دەیانگێڕێتـەوە، بـەو پێیـەی ‹‹مەعریفەیەکـی خۆچەمێنـە››، ئەمانـە گروپێکـی تـەواوی زانیارین و دوورخراونەتـەوە، چونکـە بـە کەڵکـی ئەرکەکەیـان نایـەن، یـان وەکو پێویسـت وردنیـن بـۆی: زانیارییـەکان سـادە و سـاکارن و دەکەونـە بنـی ڕیزبەندییـە هەڕەمییەکـە و لـە ڕووی درککـردن و زانستیشـەوە ئاسـتەکەیان وەک پێویسـت نییـە. (PK ,82)

ئەمـە بـۆ وەسـفی ((ئـەو ڕێگایـە نییـە کـە بەڕاسـتی شـتەکان لەسـەری بـوون))، یـان بـۆ پەسـندکردنی گێڕانـەوەی مێـژوو نییـە، تـا بڵێیـن ئیمپریالیـزم باشـترین کۆپییـە لـە مێـژوودا،[1] بەڵکـو نمایشـێک بـوو بـۆ گێڕانـەوە لەسـەر چۆنیـەتی بنیاتنـانی لێکدانـەوە و گێڕانەوەی واقیـع کـە ئـەو پێوەرەکەیـە. بـۆ پـتر بەدواداچـوونی ئـەم بـوارە، بـا بـە کـورتی بیـر لـە بنچینـەکانی نووسـینی بەریتـانی بکەینـەوە بـۆ یاسـای هینـدۆسی.

---

(١) سـەرەڕای ئـەوەی مـن وای دەبینـم کـە فریدریـک جیمسـۆن لـە کتێبـی ‹‹نائاگایـی سیاسـی، گێڕانـەوە وەک هێـمای کۆمەڵایـەتی››

Political Unconscious, Narrative as a Socially Symbolic Act Ithaca: Cornell University Press, 1981

تێکسـتێکی لـە قەبـارەی ڕەخنـەی مـەزن پێشکەشـکردووە، ڕەنگیشـە لەبـەر ئـەوە بـێ کـە منیـش هەمـان کار دەکـەم. مـن دەمـەوێ بەرنامەکـەی مـن لێـرەدا لـە هـەر بەرنامەیەکـی دیکـە جیاوازبـێ، شـوێنەوارەکانی گێڕانـەوەی پەسـندکردن ڕێکبخاتـەوە ‹‹ئـەو لـە ئاشـکراکردنی شـوێنەواری ئـەو گێڕانـەوە لەیـەک دانەبـڕاوە و لـە گەڕاندنـەوەی ڕووکاری دەقـی داتەپیـو و واقیعـی لەگۆڕنـراو لـەم مێـژووە بنچینەییـەدا کـە تێیـدا ڕێبـازی نائاگایـی سیاسی ئـەرک و پێویسـتیی هەبـوونی خـۆی دەدۆزێتـەوە›› (ل ٢٠)

یەکـەم، چەنـد لـە ئەسـتۆ نەبـوونی بەرپرسـیاریەتی و پاکانـەی ئەسـتۆ پێشـکەش دەکـەم، ئێسـتا لـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا، قوتابخانـەی جیهـانی سـێیەم کـە بـە زۆری بەئاشـکرا نەژادیـن، بـوارە مرۆییەکانیـان داپۆشـیوە. مـن لـە هینـد لەدایکبوومە و خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و زانکۆشـم لـەوێ بـووە، بۆیـە دەکـرێ بـە هیندییەکـی نموونەیـی ‹‹وەدەسـتهێنانی نۆسـتالۆژیا›› دابنرێـم کـە ڕەچەڵەکـی ناسـنامەی تایبـەتی ونکـردووە. سـەرەڕای ئـەوەی دەزانـم مـرۆڤ ناتوانـێ بـە ئـازادی بچێتـە نـاو گروپێـک هانـدەرەوە، دەمـەوێ جەخـت لەوە بکەمـەوە کە پرۆژەی سـەرەکیم بریتییـە لـە ئاماژەکـردن بـە هەمەڕەنگیـی نموونەیـی ئەرێنـی بـۆ ئەو نۆسـتالۆژیایە. مـن بایـەخ بـە لێکۆڵینـەوەی بابەتـەکانی هینـد دەدەم، چونکـە لـە غیـابی پێکهاتەیەکـی ئەکادیمیـی پێشـکەوتوودا، ئـەو ڕووداوەی لەدایکبـوون و فێربوونـە، هەسـتی تابلۆیەکـی ‹‹قومـاشی مێژوویـی- the historical canvas›› و دەسـتگرتن بـە چەند زمانێکی بـاشی پەیوەندیـداری پێـداوم کـە ئامـرازی بـە کەڵـک بـۆ ‹‹مرۆڤـی لێهاتـوو›› دەڕەخسـێنێ، بـە تایبـەتی کاتێـک چەکـی گومانـەکانی مارکسی بەدەسـتەوەیە لەبـارەی ئەزمـوونی هەسـتیی، وەکـو بڕیـاری کۆتایـی و وەکـو ڕەخنەیـەک لـە پێکهاتـەی بـوارە ئەکادیمییـەکان. لەگـەڵ ئەوەشـدا ناکـرێ حاڵـەتی هینـد بکرێتـە نموونـەی تـەواوی وڵات و نەتـەوە و کەلتـورەکان و بابـەتی هاوشـێوەی ئەمانـە، بـە پلەیـەک دەکـرێ بـە خودێکـی دیکـەی جیـاواز لـە ئەوروپایـان بزانیـن.

ئێسـتا فەرمـوون، ئەمـە پوختەیەکی پـلان بۆ دانـراوی توندوتیژیی مەعریفییـە بـۆ نووسـینەوەی یاسـای هینـدۆسی. ئەگـەر ئـەم فیکرەی

توندوتیژیـی مەعریفییـە ڕوونبـووەوە، ئـەوا دوا گفتوگۆم کـە لەبارەی قوربانیـدانی بێوەژنانـە، بایەخـی زیاتـر وەردەگرێ.

لـە کۆتایـی سـەدەی هـەژدەم یاسـای هینـدۆسی تـا ئەوپەڕەکـەی سسـتەمێکی یەکانـە unitary system بـوو، لـە ڕێـی چـوار دەقـەوە کـە مەعریفییانـە «ڕێکخرابـوون» لـە چـوار بـەشی سـنووردار لەڕێـی بەکارهێنـانی بابـەت بـۆ یادگـە (زاکیـرە): sruti (بیسـتراو)، smriti (بیرهاتـوو)، sastra (ئـەوەی کـە لـە ئـەوەی دیکـە فێـری دەبیـن)، هەروەهـا vyavahara (ئـەوەی کـە دەبێتـە هـۆی ئاڵوگـۆڕ). ئـەو توخمانـەی گوێـمان لـێ دەبـن یـان لـە یادگەمـان دەمێننـەوە، مـەرج نییـە بـەردەوام و هاوشـێوە بـن. هەمـوو بانگەشـەیەک بـۆ بیسـتراوی sruti لـە ڕووی تەکنیکییـەوە ڕووداوی «بیسـتن»ی ڕەسـەن دەگێڕێتـەوە، یـان دەیدۆزێتـەوە (یـان بابـەتی بیسـتن دەکاتـەوە). وا تەماشـای هـەردوو دەقەکـەی دیکـە کـە - فێرخـواز و ئـەداکار-ن دەکـرا کـە لـە ڕووی جەدەلییـەوە بەردەوامـن. هەرچۆنێـک بـێ، تیۆرداڕێـژەکانی یاسـا و مومارەسـەکارانی دڵنیانەبـوون لـەوەی داخـۆ ئـەم بنیاتـە وەسـفی دەقـی یاسـایی دەکا، یـان وەسـفی چـوار ڕێگاکە دەکا بـۆ کۆتاییهێنـان بـە ململانێکـە. فێربـوونی شـەرعیەت لەسـەر بنیاتێکـی هەمەجـۆر بـۆ ئـەدای یاسـایی کـە لـە «نـاوەوە» ناڕێکـن و بـە هـەردوو چـاو بەسـەر لاکانیـدا دەکرێتـەوە، گێڕانەوەیەکـە بـۆ ئـەو تۆمـارەی وەک نموونـەی توندوتیـژی مەعریفـی پێشـکەشی دەکـەم.

گێڕانـەوەی جێگیریـی یاسـای هینـدۆسی و تۆمارکـردنی لـە چیرۆکـی پـەروەردەی هینـدی ناوبانگیـان کەمـترە، بۆیـە چاکـتر

دەبێ ئەگەر لەوێوە دەستپێبکەین.[١] با ‹‹هێڵە پرۆگرامییەکان-programmatic lines›› لە مێشکمان دابنێین کە زۆرجار لە وتاری ناوزڕاوی ‹‹خولەکێک لە پەروەردەی هیندی››ی مەکۆلی(Macaulay) ساڵی (١٨٣٥) بە نموونە دەهێنرێتەوە: ((پێویستە ئێستا تەواوی هەوڵەکانمان بخەینەگەڕ، تا چینێک دروست بکەین، ببێتە وەرگێڕ لە نێوان ئێمە و ئەو ملیۆنانەی ئێمە حوکمیان دەکەین، چینێک خەڵک، بە خوێن و ڕەنگ هیندین، بەڵام لە چێژ و بۆچوون و ئەخلاق و فیکردا ئینگلیزن. ڕەنگە لێبگەڕێین ئەو چینە ئەو شێوەزارانە بدرەوشێنێتەوە کە خەڵکی ڕەشۆکی لە وڵات بەکاریدێنن، چونکە دەوڵەمەندن بە مەرجی زانستی خوازراو لە ناونانە ڕۆژئاواییەکان و وایانلێبکرێ بە کەڵکی گوێزەرەوەکانی گواستنەوەی مەعریفە بێن بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان))[٢]. پەروەردەی موستەعمەرەکان بەرهەمەکەیان لە یاسادا تەواودەکەن. یەکێک لە کاریگەرییەکانی بنیاتنانی نوسخەی سستەمی بەریتانی بریتییە لە پەرەپێدانی ‹‹جودابوونەوە نائاسوودەکە›› لە نێوان پێکهاتنی دیسپلینیی لە لێکۆڵینەوەی سانسکریتی و ڕەسەنەکە کە ئێستا بووەتە جێگرەوەی ‹‹کەلتورە مەزنەکە››ی سانسکریتی. لە ڕابردوودا ئەو

---

(١) لە نێوان زۆر لەو سەرچاوانەی بەردەستن، ئاماژە دەکەم بە:
Bruse Tiebout McCully, English Education and the Origins of Indian Nationalism (New York: Colombia University Press, 1940)

(2) Thomas Babington Macaulay, Speeches by Lord Macaulay With His Minute on Indian Education, ed, G, M, Young (Oxford, Oxford University Press, AMS Edition, 1979), P 359.

لێکدانـەوە کەلتورییانـەی بەرهەمـی زانـا پشتپێبەسـتراوەکان بـوون، کـۆک بـوون لەگـەڵ توندوتیژیـی مەعریفیـی پـرۆژەی یاسـا.

لێـرەدا تیشـک دەخەمـە سـەر دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی ئاسـیایی لـە بەنـگال لـە سـاڵی ١٧٨٤ و پەیمانـگای هینـدی لـە ئۆکسـفۆرد لـە سـاڵی ١٨٨٣ و کاری شـیکاری و پۆلێنکـردنی زانایـانی وەک ئارسـەر ماکدونیـل و ئارسـەر بیریدیـلی کیـس ‹‹Arthur Machdonell and Arthur Berriedale Keith››، ئەمانـە هەردووکیـان لـە کارگێڕییـە ئیسـتیعمارییەکان و ڕێکخـەری پرسی سانسـکریتی بـوون. مەحاڵ بوو ئـەوە مەزنـدە بکـرێ کـە لـە نێـوان پلانـە سـوودگەیێنە باڵادەسـت و لەخـۆ دڵنیاکـەی قوتابیـان و زانایـانی سانسـکریتی، یـان قەڵاچۆکـردنی دوژمنانـەی سانسـکریتی لـە چوارچێـوەی پـەروەردەی گشـتیدا، یـان ‹‹دەرەبەگایـەتی›› لـە ڕادەبـەدەر بـۆ بەکارهێنانی سانسـکریتی لە ژیانی ڕۆژانەی براهمییە باڵادەستەکان لە هیند چی دەکرێ.[1] نوسـخەیەک لـە مێژووی وێناکـردنی براهمی[2] بەشـێوەیەکی پلەبەنـد پێکهێنرا، بەو

(١) کیـس، یەکێـک لـە کۆکـەرەوەکانی ئیندێکـسی ڤیـدا Vedic Index و نووسـەری کتێبـی درامـای سانسـکریتی و بنەچەکـەی و پێشـکەوتنی و تیـۆر و پەیڕەوکـردنی، سەرنووسـەری دیـاری Krsnayajurvedaی چاپخانـەی زانکـۆی هارڤـارد. هەروەهـا سەرنووسـەری چـوار بەرگـی گوتـار و بەڵگەنامـەی هەڵبژێـردراوی سیاسـەتی ئیسـتیعماریی بەریتـانی (١٧٦٣ تـا ١٩٣٧)، بـۆ کاروبـاری نێودەوڵـەتی (١٩١٨ تـا ١٩٣١) چەنـد کتێبێکـی لەبـارەی سـەروەریی بەریتانیا و تیـۆری بەدوایەکداهاتنـی وڵاتـان، لەگـەڵ ئاماژەیەکـی تایبـەت بـە زمـانی ئینگلیـزی و یاسـای ئیسـتیعماری نووسـیوە.

(٢) ناوێکـە لـە تاکـەکانی چینـی باڵادەسـت دەنـرێ کـە چینـی کەهنـوت و پیـاوانی ئاینییـە لای هیندۆسـەکان.

واتایەی هەمان نیيەتییان هەیە (و بەمپێیە شەرعیەتیان دا بە) بەریتانییە یاسادانەرەکان(مشرع): ((لە پێناو پاراستنی کۆمەڵگەیەکی هیندۆسیی تەندروست، لەسەر جێنشینەکان(براهمییە ڕەسەنەکان) پێویستە هەموو شتێک لە نووسیندا کورتبکەنەوە و وایلێبکەن پتر بەهێز بێ، ئەمەش بوو، سەرەڕای کۆمەڵێک پشێوی سیاسی و داگیرکاریی لەلایەن بێگانەوە، کۆمەڵگەی هیندۆسی پاراست))(1) ئەمە ئەو حوکمە بوو کە «مهاهوپادیا هاراپراساد شاستری Mahamaho-padhyaya Haraprasad Shastri›› دەریکردووە، زمانی سانسکریتیی هیندی خوێندووە، نوێنەرێکی دیاری دەستەبژێری ناوخۆ بوو لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی ئیستیعماریدا، کە داوای لێکرا چەند بەشێک لەبارەی ‹‹مێژووی بەنگال›› بنووسێ کە سکرتێری تایبەتی حاکمی گشتی لە بەنگال لە ساڵی ١٩١٦ چاودێریی بڵاوکردنەوەی دەکرد.(2) بۆ ئاماژەدان بە نەبوونی هەماهەنگی لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و شرۆڤەکردندا (پشت بەستن بە دەسەڵاتی ڕەچەڵەک و چین)، ئەمە لەگەڵ ئەو تێبینییە نووسراوە بەراورد بکە کە ‹‹ئێدوارد تۆمسنEdward Thompson››ی بیرمەندی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٢٨ نووسیویەتی: ((وەک دەردەکەوێ، هیندۆسیی مەزنترین

(1) Mahamahopadhyaya Hararasad Shastri, A Descriptive Catalogue of Sanskrit Manuscripts in the Government Collection under the Care of the Asiatic of Bengal (Calcutta Asiatic Society of Bengal, 1925), vol, 3, p, VIII.

(2) Dinesachandra Sena, Brhat Banga (Calcutta: Calcutta University Press, 1925), vol, 1. P.6.

شارستانیەتی سەرکەوتووە، جا چ لەگەڵ ئەکبەر Akbar بێ چ لەگەڵ ئینگلیز))[1] هەروەها ئەم کۆپلەیەش بۆ ئەمەی پێشوو زیاد دەکەم کە سەرباز و لێکۆڵەرێکی ئینگلیز لە نەوەتەکانی سەدەی نۆزدە لە نامەیەکدا ناردوویەتی: ((لێکۆڵینەوە لە زمانی سانسکریتی (زمانی خواوەندەکان)، لەو بیست و پێنج ساڵەی دواییدا لە هیند چێژێکی نەبڕاوەی پێ بەخشیم، بەڵام سوپاسی خوا دەکەم کە بەسەرمدا زاڵ نەبوو، هەروەک بەسەر هەندێکیان زاڵبوو، کە واز لەو باوەڕەی دڵم بێنم کە بە ئاینە مەزنەکەمان هەمانە)).[2]

ئەم دەسەڵاتانە باشترین سەرچاوەن تا ڕۆشنبیرێکی فەرەنسی ناپسپۆر بچێتە ناو شارستانییەتەکانی دیکە.[3] هەرچەندە من

---

(1) Edward Thompson, Suttee: A Historical and Philosophical Enquiry into the Hindu Rite of Widow-Burning (London: George Allen and Unwin, 1928), pp. 130, 47.

(٢) نامەیەکی دەستنووس (لە ج. أ یەعقوب بۆ پەیامنێرێکی گومناو) لە دیوی ناوەوە بە بەرگی پێشەوەی کتێبخانەی ستیرلینگی یادەوەری (زانکۆیییل) هەڵواسراوە.

Copy of Colonel G, A, Jacob, ed, Mahanarayana-Upantshad of the Atharva-Veda With the Dlplka of Narayana (Bombay Government Central Books Department, 1888)

گوللە بە تاریکییەوە نان لەبارەی مەترسییەکانی ئەم فێربوونە، لە ڕێی لادەرە نادیارەکان ورد نەبوون دەسەلمێنێ.

(٣) ئەم پرسەم بە وردەکاریی زیاترەوە گفتوگۆکردووە بە ئاماژەکردن بە:

Julia Kristeva's About Chines Women, Trans, Anita Barrows (London: Marlon Boyars, 1977), In "French Feminism In an International Frame" Yale French Studies, 62, (1981)

لێرە باسی ئەو ڕۆشنبیر و لێکۆڵەرانە ناکەم کە بەرهەمی دوای ئیستیعمارن، بۆ نموونە شاستری، کاتێک دەڵێم ئەوی دیکە بەو پێیەی بابەتێکە کە لای هەریەک لە فۆکۆ و دۆڵوز ڕێپێنەدراوە. من بیر لە خەڵکی گشتی دەکەمەوە ئەوانەی نە پسپۆرن و نە ئەکادیمی لە چوارچێوەی چینێکدا، ئەوانەی تیۆری مەعریفە لەپێناویاندا ئەرکی پرۆگرامی بێدەنگی تایبەتی خستووەتەگەڕ. با پرسیارێک بکەین، بەپێی کامە تۆڕی «قەڵاچۆکردن» بەبێ ئەوەی بڕواننە نەخشەی قۆستنەوە(ئیستیغلال)، ئەم گروپە جیاوازە دادەنێن؟

با ئێستا بچینە سەر لێکۆڵینەوە لە «پەراوێزەکان- The Margins» (کە دەکرێ مرۆڤ ناویان لێ بنێ بێدەنگی، یان ناوەندی بێدەنگی) لەو بازنەیەی بە توندوتیژیی مەعریفی دەناسرێتەوە، لە پیاو و ژن لەناو جووتیارە نەخوێندەوارەکان و هۆزەکان و چینەکانی دونیا لە لقەکانی چینی پرۆلیتاریای شارستانیی. بەپێی فۆکۆ و دۆڵوز (لە جیهانی یەکەم، لەبەر سێبەری یەکخستنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی، هەرچەندە پێناچێ ئەمان درکیان بەمە کردبێ)، ئەوا چەوساوەکان، ئەگەر هاتوو دەرفەتیان بۆ ڕەخسا، ناتوانن بەسەر بەربەستی نوێنەرایەتیکردندا زاڵبن، لەپێناو یەکگرتوویيان لەڕێی سیاسەتەکانی هاوپەیمانی (بابەتیبوونی مارکسیزم- thematic Marxist) کە لێرە بەرکارە، دەتوانن بارودۆخی خۆیان بناسن و قسەی لەبارەوە بکەن. ئێستا پێویستە بەرەورووی ئەم پرسیارە ببینەوە: لە لاکەی دیکەی دابەشکاریی نێودەوڵەتی بۆ کار لە سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا، لەناوەوە و لە دەرەوەی توندوتیژیی مەعریفی بۆ یاسای ئیمپریالی و پەروەردەی

تـەواو بـۆ ئـەو دەقـە ئابوورییـەی پێشـوو، ئایـا مـرۆڤ بـۆی هەیـە قسـە بـکا؟

کاری ئەنتۆنیـۆ گرامـشی لـە لێکۆڵینـەوەی ‹‹چینـە پاشـکۆکان›› فراوانتربـوو، تـا بگاتـە هەڵوێسـتی چینێـک/ ئاگایـی چینایـەتی، وەکـو ئەرگومێنتێکـی پەراوێزخـراو لـە کتێبـی کودەتـای هەژدەمیـن. ڕەنگـە ئەمـە لەبـەر ئـەوە بـێ، چونکـە گرامـشی ڕەخنـە لـە ‹‹هەڵوێسـتی خۆبەخشـانە››ی ڕۆشـنبیرە لینینییـەکان دەگـرێ، ئـەو پەیوەندیـدارە بـە ڕۆڵـی ڕۆشـنبیر لەنـاو بـزاوتی پاشـکۆیی ڕۆشـنبیری و سـیاسی لەچوارچێـوەی باڵادەسـتیدا. پێویسـتە ئـەم بزاوتـە لەپێنـاو دەستنیشـانکردنی بەرهەمهێنـانی مێـژوو، بەوپێیـەی گێڕانـەوەی (حەقیقەتـە)، ئەنجامبـدرێ. لـە دەقـی هاوشـێوەی ‹‹پرسی باشـوور››، گرامـشی وایدەبینـێ کـە بزوتنـەوەی ئابووریـی سیاسـیی مێژوویـی لـە ئیتاڵیـا، دەخرێتـە ڕیـزی ئەوانـەی وادادەنرێـن کـە خـوازەی ئـەو خوێندنەوەیـەن کـە لـە دابەشـکاریی جیهانیـی بـۆ کار وەردەگیرێـن، یـان پێشـبینی دەکرێـن.[1] لەگـەڵ ئەوەشـدا گێڕانـەوەی پەرەسـەندنی بـە قۆناغـی پاشـکۆ خرایـەڕوو، کاتێـک ڕۆشـنبیرییە مایکرلۆجییەکەی کارپێێکـرا، بـەڵام لـە دوورەوە و لەڕێـی دەسـتێوەردانی مەعریفـی

---

(1) Antonio Gramsci, “Some Aspects of the Southern Question” Selections from Political Writing: 1921-1926, trans. Quintin Hoare (New York International Publishers, 1978)

لێرەدا گوزارەی ‹‹خوازەی خوێندنەوە››م بەکارهێناوە بەهەمان واتای لای:

Paul de Man, Allegories of Reading Figural Language in Rousseau, Nietzssche, Rilke, and Proust (New Haven Yale University Press, 1979)

لـە پێناسـە یاسـاییەکان و بـوارە ئەکادیمییـە جیـاوازەکانی دۆسـتی پـرۆژەی ئیمپریـالی. کاتێـک لـە کۆتایـی ئـەم وتـارەدا دەچمـە سـەر پـرسی ژن بـەو پێیـەی ژێردەسـتەیە، ئـەو بۆچوونـە پێشـکەش دەکـەم کـە خـودی شـیمانەی ‹‹کۆمـەڵ بـوون-collectivity›› بـەردەوام لـە ڕێـی یاریکـردن بـە وەکالـەتی ئافرەتانـەوە، دەوردراوە.

گروپێـک لـەو ڕۆشـنبیرانەی کـە دەکـرێ ناویـان لێبنێیـن گروپـی ‹‹لێکۆڵینـەوە لـە ژێردەسـتە››[1] بـەرەوڕووی بـەشی یەکەمـی بیردۆزەکـە دەبنـەوە کـە -دەڵـێ گەشەسـەندنی بـە قۆناغـی ژێردەسـتە، پـرۆژەی ئیمپریالیـزم ئاڵۆزتـری دەکا. ئـەوان دەبـێ ئـەو پرسـیارە بکـەن: ئایـا ژێردەسـتە دەتوانـێ قسـە بـکا؟ ئێمـە لێـرەدا دەچینـە قووڵایـی بـواری تایبـەتی فۆکـۆ لەنـاو مێـژوودا، لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی دان بـە هەژموونەکـەی دادەنێـن. پرۆژەکەشـیان بریتییـە لـە دووبـارە بیرکردنـەوە لـە ‹‹مێـژووی داگیرکاریـی هینـد -Indian colonial historiography›› لـە ڕوانینـی زنجیرەیـەک بزاڤـی پچڕپچـڕی جووتیـاری لـە سـەردەمی داگیرکاریـی ئیسـتیعماردا. ئەمـە ڕێـک کێشـەی ‹‹ڕێگەدانـە بـە گێڕانـەوە- the permission to narrate›› ئـەوەی کـە ئێـدوارد سـەعید گفتوگـۆی لەبـارەوە کـرد.[2]

---

(١) بڵاوکراوەکانیان بریتین لە لێکۆڵینەوە لە ژێردەستە:

I: Writings on South Asian History and Society, ed, Ranajit Guha (Delhi Oxford University Press, 1982), Subaltern Studies / II: Writings on South Asian History and Society, ed, Ranjit Guha (Delhi: Oxford University Press, 1983)

(2) Edward W Said, “Permission to Narrate” London Review of Books (Feb 16, 1984).

هەروەهـا ڕاناجیـت گوهـا Ranajit Guha ش وەک پرسـێک لێـی دواوە:

دەسـتەبژێریی بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ بـاڵای بەسـەر مێـژووی نەتەوەیـی هیندیـدا کێشـا- دەسـتەبژێری ئیسـتیعمار و دەسـتەبژێری بۆرجـوای نەتەوەیـی... بابەتەکەیـان پوختکردووەتـەوە بـەوەی، ئـەوەی نەتـەوەی هینـدی دروسـتکردووە و پـەرەی بـە هۆشـیارییەکەی و نەتەوەییبوونەکـەی داوە، بـە پلـەی یەکـەم کەسـە دەسـتەبژێرەکان بوونـە و لـەوان چڕکراوەتـەوە. لـە مێـژووی ئیسـتیعماری و ئیسـتیعماریی نوێـدا، ئـەم دەسـتکەوتانە دەگەڕێنرێنـەوە بـۆ دەسـەڵاتداره ئیسـتیعماره بەریتانییـەکان و ئەوانـەی کاری کارگێـڕی دەکـەن، لەگەڵ سیاسـەتمەدار و دامەزراوەی کەلتـوری. هەرچـی نـووسراوە نەتەوەییـەکان و نـووسراوە نەتەوەییـە نوێکانـن دەدرێنـە پـاڵ کەسـایەتی و دامـەزراوە و چالاکـی و فیکـری هینـدی.[1]

هەندێـک گروپـی دەسـتەبژێر لەنـاو هینـدەکان، لـە باشـترین حاڵەتـدا، هەواڵهێنـی ناوخۆییـن، ئەوەمـان بـۆ دەگوازنـەوە کـە ڕۆشـنبیرانی جیهـانی یەکـەم، ئەوانـەی بایـەخ بـە ‹‹دەنگـی ئـەوی دیکـە›› دەدەن، دەیڵێـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لەسـەر مـرۆڤ پێویسـتە جەخـت لـەوە بکاتـەوە کـە بابـەتی ژێردەسـتەی داگیرکـراو بەشـێوەیەک نارێـک و ناهاوئاهەنگـە، گەڕانـەوەی تێـدا نییـە. ڕەنگـە لـە دژی ئـەو دەسـتەبژێرە ناوخۆییانـەی کـە ‹‹گوهـا›› بـە ‹‹سیاسـەتی گـەل›› ناویـان دێنـێ، بازنـەی بەرهەمهێنـانی ئیسـتیعماری

(1) Guha, Studies I, p 1.

دروستبکەین، جا چ لە دەرەوە بێ (کە بوارەکە سەربەخۆیە، چونکە لە سیاسەتی دەستەبژێرەکان پەرەینەسەندووە و بوونی پشت بە وان نابەستێ)، یانیش لە ناوەوە (سەرەڕای هەبوونی داگیرکەر، کارەکان بەهێزەوە بەردەوامبوون و خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە گونجاند کە لەژێر حوکمی راج[١] باوبوون)[٢] ناتوانم پشتگیریی ئەو پێداگریە بکەم لەبارەی دەستنیشانکردنی توندوتیژی و سەربەخۆیی تەواو، چونکە پێویستییە کارەکییە مێژووییەکان ڕێگە بەم جۆرە پشتگیریانە نادەن کە ئیمتیازێکی تایبەت بدەنە هۆشیاریی ژێردەستە. وەکو وەڵامێکیش بۆ ئەو تۆمەتە شیمانە(ئیحتیمال)کراوەی کە دەڵێ بەرنامەکەی بریتییە لە ‹‹چییەتی››، گوها بنیاتی خەڵک(شوێنی ئەو ماهیەتە) پێناسەدەکا کە ئەوان ڕەنگە تەنیا بتوانن ناسنامەیەک لە پەسندترکردن دروستبکەن. ئەو پێشنیازی تۆڕی چینایەتی داینەمیکی دەکا کە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی ئیستیعماری بەشێوەیەکی گشتی وەسفدەکا. تەنانەت گروپی سێیەم لە لیستەکەدا کە گروپێکی پەراوێزخراوە، وەک ئەوەی لەناو خەڵک و گروپە گەورەکانی ماکرۆلۆجی کە لەڕووی بنیاتەوە باڵادەستبوون، وا خۆی دەناسێنێ کە شوێنێکە بۆ تەداخولکردن، یان وەک ئەوەی دریدا بە ‹‹لانە- an antre››[٣]ی دەستەبژێرەکان وەسفی دەکا:

---

(١) هیندی بەریتانی یان ڕاجی بەریتانی قۆناغێکی مێژووییە کە تێیدا ناوچەکانی هیند و پاکستان و بەنگلادێش و میانمار داگیرکرد بە یارمەتیی ئیمپراتۆریی بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست.

(2) Guha, Studies I, P4.

(3) Jacques Derrida, "The Double Session", Dissemination, trans.

1. گروپە بێگانە باڵادەستەکان.
2. گروپی دانیشتوانە ڕەسەنەکان لەسەر ئاستی تەواوی هیند.
3. گروپی دانیشتوانە ڕەسەنەکان کە لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەیی باڵادەستن.
4. لەم نووسینەدا هەردوو زاراوەی «گەل» و «چینەکانی ژێردەستی» هاوواتان. ئەو گروپ و ڕەگەزە کۆمەڵایەتییانەی لەم دەستەیە ناویان هاتووە، نوێنەرایەتی جیاوازیی دیمۆگرافی دەکەن لەنێوان تەواوی دانیشتوانی هیند و هەموو ئەوانەی بە «دەستەبژێر» وەسفمانکردن.

با ڕەگەزی سێیەمی ئەم لیستە بێنینە بەر باس، واتە لانە، بەو پێیەی حاڵەتێکە بۆ دەستنیشانەکردنی ئەو سنوورەی مێژوونووسە بە حەزەرەکان پێشوەختە بیردۆزەی بۆ دادەڕێژن و لەگەڵ ئەم پرسیارە ململانێیانە، ئایا ژێردەستە دەتوانێ قسەبکا؟ ((لە گشتدا و بە ڕێگایەکی ئەبستراکت، ئەم... دەستەیە... لە پێکهاتەکەیدا نارێک بوو و بە فەزڵی سروشتە نالەبارەکەی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەرێمی، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاواز بووە. هەمان ئەو چین یان ڕەگەزەی لە ناوچەیەک باڵادەستە... ڕەنگە لەناوچەیەکی دیکەدا لەناو ئەوانەبێ کە باڵادەستییان بەسەردا هەیە. ئەمەش لە توانایدایە

Barbara Johnson (Chicago University of Chicago Press, 1981)

هەندێك ئاڵـۆزی و دژایـەتی لـە هەڵوێسـت و هاوپەیمانیـی تایبـەت لەنێـوان چینـەکانی دونیـا، لـە چینـی ئـەشرافی دەشـتەکی و موڵکـدارە هەژارکـراوەکان و جووتیـارە دەوڵەمەنـدەکان و ئـەو جووتیارانـەی لـە چینـی ناوەڕاسـتی بـەرزدان دروسـتبکا، کـە ئەمانـە هەموویـان لـە ڕووی نموونەییبوونـەوە سـەر بـە دەسـتەی گـەل یـان چینـی ژێردەسـتەن))[1]

لێـرەدا ‹‹ئەرکـی توێژینـەوە›› پێشـبینی دەکـرێ بریتـی بـێ لـە ((بەدواداچـوون و دەستنیشـانکردن و پێوانـەی سروشـتی دیاریکـراو و پلـەی لادانی ڕەگەزێـک (کـە بـۆ ڕەگـەزی سـێیەم لـە دەسـتەبژێری ژێردەسـتە پێکهاتـووە) لـە نموونەیـی بـوون و دەستنیشـانکردنی پێگەکـەی لـە ڕووی مێـژووەوە)). ((بەدواداچوون و دەستنیشـانکردن و پێوانـەی سروشـتی دیاریکـراو))، لـەو بـاوەڕەدام ئەمـە بەرنامەیەکە تەنیـا دەتوانـێ ببێتـە بەرنامەیەکـی ماهیـەتی و پۆلێنبەنـد. لەگـەڵ ئەوەشـدا پێویسـتیی هەبـوونی ڕێبازێـک کـە لـە سـەری بـڕۆن، فزولی دروسـتدەکا. ئەوکاتـەی بـاسی گفتوگۆکـەی فۆکۆ-دۆڵـوزم کـرد، ئەوەم خسـتەبەرباس کـە بابەتـەکانی دوای نوێنەرایەتیکـردن ون دەبـن و دەبنـە ئەجندایـەک بـۆ ناسـینی چییـەتی.

هەرچـی لێکۆڵینەوەیـە لـە ژێردەسـتە، بەهـۆی توندوتیژیـی نووسـینی مەعریفـی و کۆمەڵایـەتی و دیسـپلینی ئیمپریـالی، لـە ڕێـی دەربڕینـە ماهییەتییـەکان لـە پرۆژەکـە دەگەیـن و پێویسـتی بەوەیـە بچینـە سـەر مومارەسـەکردنی دەقـی ڕیشـەی لـە یـەک نەگەیشـتنەکان. ئامانـج لـە دروسـتکردنی گـروپ تەنیـا بـۆ گـەل

(1) Guha, Studies, I, P8.

نییـه، بەڵکـو بـۆ ناوچـە ناجێگیرەکـەی دەسـتەبژێری ژێردەسـتەی هەرێمییـە، ئەمـەش ‹‹لادانـە-deviation›› لـە نموونـەی بـاڵا – گـەل یـان ژێردەسـتە- ئـەوەی کـە خـۆی وا دەناسـێنی کـە ئـەو لـە دەسـتەبژێر جیـاوازە. توێژینەوەکـە ئاڕاسـتەی ئـەم بنیاتـە دەکـرێ، کـە دەردەسـەرییەکە، جیـاوازە لـەو شـەفافیەتەی لای ڕۆشـنبیری ڕادیکاڵـی جیهـانی یەکـەم دەستنیشـانکراوە، کـە دەمانباتـە سـەر ئـەو پرسـیارەی: لـە توانـای چ زانسـتێکی پۆلێنکـردن(taxonomy) دایـە، چاکسـازیی لـە فـەزای لەمجـۆرەدا بـکا؟ ئەگـەر درک بەمـە کرابـێ یـان نـا، لـە ڕاسـتیدا گوهـا وایدەبینـێ کـە پێناسـەی ئـەو بۆ ‹‹گـەل››، دەچێتـە خانـەی جەدەلیـەتی عەبـد و سـەید- چونکـە دەقەکەیـان ئـەو ئەرکـە قورسـە دەردەبـڕێ کـە خـۆی لـە نوێنەرایەتیکـردنی دووبـارە نووسـینەوەی ئـەو مەرجانـە دەبینێتـەوە کـە لـە یەککاتـدا هـەم مەرجـی مەحاڵبوونیـن و هـەم مەرجـی ئەگـەری ڕوودانیـشی.

((لـە هـەردوو ئاسـتی هەرێمـی و ناوخۆیی(ئـەو گروپانـەی لـە ناوخـۆدا باڵادەسـتن) ...

بـا گفتوگۆیـەک بێنینـە پێشـەوە، لـە زۆربـەی گروپـە هیندییـە باڵادەسـتەکان، ئەگـەر سـەر بـە چینێکـی کۆمەڵایەتیـی بـێ کـە دەکەوێتـە ژێـرەوەی هەڕەمەکـە، ئـەوا خزمـەتی بەرژەوەندیـی گروپە باڵادەسـتەکە دەکـرێ و بەڕاسـتی لەگـەڵ ئـەو بەرژەوەندییانـە ناگونجێـن کـە لەبارەیانـەوە لەبـارەی بوونـە کۆمەڵایەتییەکەیانـدا ڕێککەوتـوون)). کاتێـک ئـەو نووسـەرانە بـە زمانـە ماهییەتییەکـەی خۆیـان قسـە لەبـارەی کەلێنـی نێـوان بەرژەوەندیـی و کـردار دەکەن لـە کۆمەڵەیەکـی بچووکـدا، ئـەوا بەرەنجامەکانیـان لـە مارکـس نزیکـترن، نـەک لـە ئاگایـی خودیـی سـادە و سـاکاری گوتـەکانی دۆڵوز

لەبـارەی ئـەم پرسـە. گوهـا، هاوشـێوەی مارکـس، قسـە لەبـارەی بەرژەوەندییـەوە دەکا، بـەوەی هەبوون(کینونە)ێکـی کۆمەڵایەتییـە، لەبـاتی ئـەوەی هەبوونێکـی لیبیـدی بـێ. لەوانەیـە وێنەی خـوازراوی بـاوک لـە وتـاری ‹‹کودەتـای هەژدەمیـن›› یارمەتیدەرمـان بـێ بـۆ جەختکردنـەوە لەسـەر ئەمـە، چونکـە لەسـەر ئاسـتی کاری چینایـەتی و بـە کۆمـەڵ، ((لێکچـوونی ڕاسـتەقینە لەگـەڵ هەبـوونی تایبـەت)) دروسـتکراوە، یـان هاوشـێوەی ڕەچەڵەکـی باوکسـالاری کۆمەڵایەتییـە.

ئەمـەش لەسـەر کۆمەڵـەی مامناوەندیـی دیاریکـراو لـە ڕەگـەزی سـێیەم جێبەجـێ دەبـێ. هەرچـی لەبـارەی کۆمەڵـەی ژێردەسـتەی ‹‹حەقیقیـە››، ئـەوەی کـە ناسـنامەکەی لـە جیاوازبوونەکەیدایـە، ئـەوا هیـچ بابەتێـک نییـە ژێردەسـتە نەتوانـێ نوێنەرایـەتی بـکا، یـان بیناسـێنێ یـان قسـەی لەبـارەی خۆیـەوە بـکا، چونکـە چارەسـەریی لای ڕۆشـنبیر بریتـی نییـە لـە ‹‹وەسـتان›› لـە نوێنەرایەتیکـردن. گرفتەکـە لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە کـە ئـەو نەهاتـووە چاودێـری ڕێـڕەوی گـوزەری بابەتەکـە بکا، تـا جۆرێک لـە ‹‹ئیغـرا-seduction›› پێشـکەشی ڕۆشـنبیرە نوێنەرەکـە بـکا. پرسـیارێک کـە بـە زمـانی مێژوو دەکـرێ لـە کۆمەڵـەی هینـدی بکـرێ ئەمەیـە: چـۆن دەتوانیـن درک بـە هۆشـیاریی گـەل بکەیـن، کاتێـک لـە سیاسـەتەکانی دەکۆڵینـەوە؟ بـە کامـە هۆشـیاریی دەنگـی ژێردەسـتە دەتوانـێ قسـە بـکا؟ چونکـە لـە کۆتاییـدا، پرۆژەکەیـان بریتییـە لـە دووبـارە نووسـینەوەی پەرەسـەندنی هۆشـیاریی گـەلی هینـد. دابڕانـدنی پلانبۆدانـراوی ئیمپریالیـزم، هەرچەنـدە شـێوازەکانیشی کـۆن بـن، لـە دەربڕینـی بـە وردی ئـەم پرۆژەیـە، بـەڵام جیـاوازن لـەوەی ((وابکـەن ئـەو ڕێـکارە

پزیشـکی و یاسـاییانەی دەوری چیرۆکەکەی(پییـر ڕیڤێر)یـان داوە، لەبەرچـاوان بـێ)). فۆکـۆ ڕاسـت دەکا کـە دەڵـێ ((ئەگـەر شـتی ونـت وا لێکـرد لەبەرچـاوان بـێ، دەکـرێ واتـای ئـەوە بـدا کـە گـۆڕان لـە ئاسـتەکانیش دروسـتبووە و خۆمـان بـەرەو چینێـک لـە کەرەسـتە ئاڕاسـتە دەکەیـن کـە پێشـتر هیـچ پەیوەندییەکـی لەگـەڵ مێـژوودا نەبـووە و دانی پێدانەنـراوە بـەوەی خـاوەنی قیمەتێکـی ئەخلاقـی یـان جـوانی یـان مێژووییـە)). ڕێـکاری شکسـتهێنان لـەوەی وابکـەی تاکێـک لـە ڕێـی دەنگپێدانیـەوە بینراو بـێ، ڕێکارێکـە دوورە لـە ((شـیکردنەوە، جـا دەروونی بـێ، یـان شـیکاریی دەروونی بـێ، یان زمـانی)) کـە ئەمـەش بەبەردەوامـی کارێکـی بێزارکـەرە (49-50, PK)

ڕەخنـەی ‹‹ئەجیـت ک. چـودری-Ajit K. Chaudhury››ی مارکـسی کـە خەڵکـی ڕۆژئـاوای بەنگالـە، لـە لێکۆڵینـەوەی گوهـا لەبـارەی هۆشـیاریی ژێردەسـتە ئـەوە دەڵـێ، دەتوانیـن وایدابنێـن کـە بریتییـە لـە سـاتێک لـە کـردەی بەرهەمهێنـان کـە خـودی ژێردەسـتە لەخـۆ دەگـرێ. لێکدانـەوەی چـودری بـەوەی تێڕوانینـی مارکـسی بـۆ ئاڵوگـۆڕی هۆشـیاری، مەعریفـەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لەخۆدەگـرێ، لای مـن بـە لێکدانەوەیەکـی ژیرانـە دادەنـرێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا میـراتی ئایدۆلۆجیـای پۆزەتیڤیـزم، ئـەوەی دەسـتی بەسـەر مارکسـیزمی ئەرسۆدۆکسـیدا گـرت، ناچـارە ئەمـەشی بـۆ زیادبـکا: ((ئەمـە بـۆ دابەزانـدن نییـە لـە بایەخـی تێگەیشـتن لـە هۆشـیاریی جوتیـاران، یـان لـە هۆشـیاریی کرێـکاران لـە ‹‹شـێوە بێگەردەکەیـدا››. ئـەو زانیاریـی ئێمـە لەبـارەی جووتیـار و کرێـکار زیـاد دەکا، لەوانەشـە بڕوانێتـە چۆنیـەتی بڕیـاردان لەبـارەی چۆنیـەتی دانـانی شـێوەیەکی جیـاواز لـە شـوێنێکی جیـاوازدا، ئەمـەش

لـە مارکسـیزمی کلاسـیکیدا بـە گرفتێکـی پلـە دوو دادەنـرا لـە ڕووی بایەخــەوە))[(١)]

ئــەم هەمەجۆرییــەی مارکســیزمی ‹‹نێودەوڵــەتی››، ئــەوەی کـە بـاوەڕی بـە جۆرێـک ئاگایـی بێگـەرد و توانـای گەڕاندنـەوەی هەیـە، تەنیـا بـۆ ئـەوەی چـاوی لەسـەر هەڵگـرێ، بـەم پێیـەش هەمـوو ئـەوەی لـە سـاتی سەرسـوڕمانی بەرهەمهێنـان لـە مارکسـیزم ماوەتـەوە، دادەخـرێ، ڕەنگیشـە لەهەمـان کاتـدا بابەتێـک بـێ بـۆ ڕەتکردنـەوەی فۆکـۆ و دۆڵـوز بـۆ مارکسـیزم و سـەرچاوەیەک بـێ بـۆ بـوون بـە پاڵنـەری ڕەخنەیـی تـا کۆمەڵێـک لێکۆڵینـەوە لەبـارەی ژێردەسـتی بنووسـێ. ئەمانـە هەرسـێکیان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی کـە جۆرێکـی بێگـەرد هەیـە لـە هۆشـیاری. لـە دیمـەنی فەرەنسـیدا ‹‹تێکەڵبـوونی دەلالەتـەکان›› هەیـە: ‹‹ناهۆشـیاری›› یـان ‹‹بابـەت-لــە - قەڵاچۆکــردن››، بــە نهێنــی فــەزای ((شــێوەی بێگــەردی هۆشـیاریی)) پڕدەکاتـەوە. ئـەم شـێوە بێگـەردەی هۆشـیاری لـە مارکسـیزمی فیکـری ‹‹نێودەوڵـەتی›› ئەرسـۆدۆکسی بـە بەردەوامـی دەمێنێتـەوە، جـا چ لـە جیهـانی یەکـەم بـێ، یـان سـێیەم، بنچینەیەکی نموونەییـە، وەکـو کێشـەیەک کە لـە پلـەی دووەمدایـە- ڕەتکراوەیە و بـە زۆریـش ناوبانگـی ڕەگەزپەرسـتی و لاگیریـی ڕەگـەزی پێدەبـڕێ. هەرچـی کۆمەڵـەی لێکۆڵینـەوەی ژێردەسـتەکانە، ئـەوا پێویسـتیی بـە پەرەپێـدان هەیـە، بـە واتـا تایبەتەکـەی، بەپێـی ئـەو مەرجانـەی دانیـان پێدانەنـراوە.

---

(1) Ajit K Chaudhury, “New Wave Social Science” Frontier, 16-24 (Jan 28, 1984) p,10

دەکرێ لە نوێوە تیۆرێکی پەرەسەندووی ئایدۆلۆجیا بدۆزرێتەوە کە بۆ ئەم جۆرە دەربڕینە بەکەڵک بێ. بۆ نموونە لەو ڕەخنەیەی چودری دەیگرێ، پەیوەندیی «هۆشیاریی» بە «مەعریفە»وە دەسڕێتەوە کە زاراوەیەکی ناوەندگیری یەکلاکەرەوەیە لە «بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆجیا»دا: ((لای لینین هۆشیاریی پەیوەستە بە زانینی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی نێوان چین و توێژە جیاوازەکان، واتە ناسینی ئەو کەرەستەیەی کۆمەڵگە پێکدێنێ... ئەم پێناسانە تەنیا لە چوارچێوەی پرسێک لەناو بوونەوەرێکی مەعریفیی دیاریکراو واتا وەدەستدەخەن- بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکاریی لە مێژوو، یان دروستتر، گۆڕان لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دیکە، لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندیی شێوازێکی دیاریکراو لە دەرەوەی لێوردبوونەوە)).[1]

«پیەر ماچەری- Pierre Macherey» ئەم شێوازەی دێ بۆ ڕاڤەی ئایدۆلۆجیا پێشکەش دەکا: ((ئەوەی لە کاردا گرنگە، ئەوەیە کە ناگوترێ. ئەمەش لە تۆمارکردنێکی بێ ئاگا ناچێ کە «قسەکەی ڕەتدەکاتەوە» سەرەڕای ئەوەی ئەم جۆرە دەربڕینە دەکرێ لە خودی خۆیدا جێی سەرنج بێ، کە ڕێ بە دانانی پرۆگرامێک دەدا لەسەر بنچینەکەی، بۆ ئەرکی پێوانی بێدەنگی، جا چ دانپێدانراوبێ یان نا، بەڵام هەرچۆنێک بێ، ئەوەی کار ناتوانێ بیڵێ ئەوە گرنگە، چونکە قسە لە جۆرێک لە گەشت بەرەو بێدەنگی شێوە وەردەگرێ))[2]. دەکرێ لە زۆر

---

(1) Chaudhury, “New Wave Science”p 10.

(2) Pierre Macherey, A Theory of Literary Production, trans. Geoffrey Wall (London: Routledge, 1978) p87.

لایەنـەوە پـەرە بـە فیکـرەکانی ماچـەری بـدرێ، وەک دەردەکـەوێ، مـەرج نییـە کاتێـک لەبـارەی ‹‹ئـەدەبی بـوونی ئـەدەب›› دەنووسـێ کـە ڕەچەڵەکێکـی ئەوروپـی هەیـە، شـوێنی بکـەوێ، چونکـە ئـەو تەعبیـر لـە ڕێگایـەک دەکا کـە لـە توانـادا بـێ لـە سـەر دەقـی کۆمەڵایـەتی ئیمپریـالی پراکتیـزە بکـرێ، تاڕادەیەکیـش نوێنەرایـەتی دژە ئەرگۆمێنتـی تایبەتـی خـۆی دەکا. سـەرەڕای ئـەوەی بیرۆکـەی ‹‹ئـەوەی گوتەکـەی ڕەتدەکاتـەوە›› دەکـرێ لـە هـەر کارێکـی ئەدەبیـدا پشـتگوێ بخـرێ، ئـەوا دەکـرێ شـتێکی لـە شـێوەی ڕەتکردنـەوەی ئایدۆلۆجیـی بەکۆمـەڵ دەستنیشـان بکەیـن، لەپێنـاو نووسـینەوەی مومارەسـەی یاسایی ئیمپریـالی. ئەمـەش لـە دەسـتی دێ بـوار لەبـەردەم دووبـارە نووسـینەوەی سـیاسی و ئابـووری و ئایدۆلۆجیـی لـە پسـپۆریی هەمەجـۆردا بـۆ گۆڕەپانەکـە بکاتـەوە، چونکـە بـە ‹‹قووڵبوونـەوە لـە دونیەویبـوونی جیهـان – worlding of the world›› لـە ئاسـتی دووەمـی ئەبسـتراکدا، چەمکـی ڕەتکردنـەوە دەبێتـە مەعقـول. کاری ئەرشـیف و مێژوویـی و ڕەخنەیـی و دەسـتێوەردانی حەتمـی لـە بـوارە جیاوازەکانـدا، لـە چوارچێـوەی ‹‹پێوانـەی بێدەنگـی›› جـێ دەگـرێ. دەکـرێ ئەمـە وەسـفێک بـێ بـۆ ‹‹بەدواداچـوون و ناسـین و پێوانـە... لادان›› لـەو نموونـە بـەرزەی کـە لـە ڕووی پەسـندکردنەوە ناتوانـرێ بچووکتربکرێتـەوە.

کاتێـک دەگەینـە پرسـیاری هاوتـای هۆشـیاریی ژێردەسـتە، ئـەوا بیرۆکـەی ئـەوەی کـە ‹‹کار ناتوانـێ بیڵـێ››، گرنـگ دەبـێ، لـە ئامـاژە سـیمیاییەکانی دەقێکـی کۆمەڵایەتیـدا، وردەکاریـی ‹‹یاخیبـوون- in-surgency›› لـە شـوێنی ‹‹قسـەکردن›› دەوەسـتێ. تەنیـا وەکـو ئاماژەیـەک بـۆ هۆشـیاریی ئامـاژە بـە ‹‹نێـرەر- sender›› –جووتیـار-

دەکرێ و پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە. هەرچی پەیوەندیی بە ‹‹وەرگر-Receiver››ەوە هەیە، ئەوا دەبێ ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ‹‹وەرگری ڕاستەقینە››ی یاخیبوون کێیە؟ ئەو مێژوونووسەی ‹‹یاخیبوون›› دەگۆڕێ بۆ ‹‹دەقێکی مەعریفی››، تەنیا بریتییە لە تاکە ‹‹وەرگرێک›› بۆ ڕاپەڕاندنی هەر کارێکی کۆمەڵایەتی بە مەبەست بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ. لە نائامادەیی ئەگەری نۆستالۆژیا بۆ بنەچە لەدەستدراوەکەی، لەسەر مێژوونووس پێویستە (ئەوەندەی لە تواناداییە چالاکییە هەمەجۆرەکانی ئاگایی خۆی ڕابگرێ) (یان کاریگەریی لەڕووی هۆشیارییەوە لە ڕێی مەشقی پەروەردەکارییەوە لەسەر خاوەنکار دروستبکا)، تا ئەو یاخیبوونە دەردەکەوێ کە هۆشیاریی یاخیبووانی تێئاخنراوە و لە ‹‹بابەتی بەدواداچوون›› ناکەوێ، وەک نموونەیەک بۆ لاساییکردنەوە، کە لەمە خراپتری نییە. ‹‹بابەتی›› لەخۆگرتن لەناو دەقە یاخییەکان، دەکرێ لەجێی توانای پێچەوانە بێ، تەنیا بۆ ئەو سزایانەی گێڕانەوە لە گروپە باڵادەستەکاندا بە بابەتی ئیستیعماریی بەخشیون. ڕۆشنبیرانی پاش-ئیستیعمار ئەوە فێردەبن کە ئیمتیازیان بریتییە لە زیانلێکەوتنیان. ئەمانە نموونەی ڕۆشنبیرانن.

زۆر ڕوونە کە فیکرەی مێینەبوون (لەباتی ژێردەستەیی ئیمپریالی) لە ڕەخنەی هەڵوەشانەوەگەرایی و لە چوارچێوەی جۆری دیاریکراوی ڕەخنەی فێمینیزم بە ڕێگەی هاوشێوە بەکارهێنراوە.[1] لە حاڵەتی یەکەمدا دەبینین وێنەی ‹‹ئافرەت››

(١) گفتوگۆم لەبارەی ئەم بابەتە کردووە لە:

“Displacement and the Discourse of Women” In Mark Krupnlek,

خـۆی مشـتومڕی لەسـەرە، ئـەو وێنەیـەی کـە نزمتریـن ئاسـتی چاوەڕوانییەکـەی دیارینەکـراوە و پێشـوەخت لـە ‹‹نەریتـی بەناوەندگرتنی نێرینە- the phallocentric tradition›› ڕەخسێنراوە. لێرەدا مێـژووی ژێردەسـتە پرسـیار لـە بـارەی شـێوازی ئـەو ڕێگایـە دەوروژێنـێ کـە ڕێگـرە لـە بـەردەم بەکارهێنـانی ئـەو تەڵەکانـە. هەرچـی لەبـارەی ‹‹وێنـەی›› ئافرەتـە، ئـەوا ئـەو پەیوەندییـەی کـە لەنێـوان ژن و بێدەنگیـدا هەیـە، ژنـان خۆیـان هێلکاریـی دەکێشـن، جیاوازییـە ڕەگـەزی و چینایەتییەکانیـش دەکەونـە نـاو چوارچێـوەی ئـەم وێنانـە. پێویسـتە مێـژووی ژێردەسـتە بەرەنـگاری مەحاڵی بوونی ئـەم جـۆرە ئاماژانـە ببێتـەوە. توندوتیژیـی مەعریفیـی بەرتەسـکی ئیمپریالیـزم، وێنەیەکـی خـوازراوی تەواونەبـووی توندوتیـژی گشـتیمان پێـدەدا کـە بریتییـە لـە شـیمانەی هەبـوونی مەعریفـە.(١)

لـە چوارچێـوەی ئـەو ڕێگایـەی کاریگەرییەکـەی لـە بابـەتی ژێردەسـتەدا سـڕاوەتەوە، ئـەوا سـڕانەوەی ڕێـگای جیاوازیـی

---

ed, Displacement, Derrida and After (Blooming Indian University Press, 1983), and in “Love Me, Love my Ombre, Elle: Derrida’s La carte postale”, Diacritics 14, ni, 4 (1984), pp. 19-36

(١) ئـەم توندوتیژییـە لـە زمانـە گشـتییەکەیدا بریتییـە لـە ئەگـەری بـوونی سسـتەمێکی مەعریفـە، ئـەوەی کـە دردیـدا نـاوی لێنـاوە ‹‹نووسـین›› بـە واتـا گشـتییەکەی، ناتوانـرێ بـە ڕوونی گوزارشـت لـە پەیوەندیـی نێـوان نووسـین بـە واتـا گشـتییەکەی و نووسـین بـە واتـا بەرتەسـکەکەی (هێـماکانی ڕووکار) بکـرێ. ئەرکـی نووسـین (هەڵوەشـانەوەگەرایی) بریتییـە لـە قازانـج لـە نووسـین لەسـەر ئـەم پەیوەندییـە گۆڕاوە بـە شـێوەیەکی دیاریکـراو، چونکـە ڕەخنـەی ئیمپریـالی هەڵوەشـانەوەیە بـەم ڕێگایـە.

ڕەگەزی دوو هێند دەبێ، بەڵام ئەو پرسە هەر دەمێنێتەوە کە نە لە بارەی بەشداریی مێیینەیە لە یاخیبوون و نە لەبارەی بنەما بنەڕەتییەکانی دابەشکردنی کارە لە ڕووی ڕەگەزەوە، چونکە لە هەردووکیاندا ‹‹بەڵگە›› هەیە، بەڵکو پرسەکە بەجۆرێک لەجۆرەکان ئامانجێکە لە ئامانجەکانی مێژووی ئیستیعماری و بابەتی یاخیبوون، چونکە بنیاتی ئایدۆلۆجی جێندەر پارێزگاریی لە نێرینەی باڵادەست دەکا، بۆیە ئەگەر ژێردەستە، لە چوارچێوەی بەرهەمی ئیستیعماریدا، نە مێژووی هەبێ و نە بتوانێ قسە بکا، ئەوا مێینەی ژێردەستە قووڵتر لە تاریکیدا دەمێنێتەوە.

دابەشکاریی هاوچەرخی نێودەوڵەتیی بۆ کار، بریتییە لە ڕاگواستنی دابەشبووی ئیمپریالیزمی هەرێمی لە سەدەی نۆزدەمدا. بە سادەیی، ژمارەیەک وڵات کە بەزۆری وڵاتی جیهانی یەکەمن، لە بارودۆخێکدان دەتوانن بە سەرمایەکانیان وەبەرهێنان بکەن، لەکاتێکدا گروپێکی دیکە هەن کە بە زۆری وڵاتانی جیهانی سێیەمن، بوار بۆ ئەو وەبەرهێنانە دەڕەخسێنن، جا لەڕێی ‹‹کۆمپرادۆر[1]- comprador››ەکانەوە بێ، (یان وەکیلی پشتپێبەستراو) کە سەرمایەدارەکانی ناوخۆن ئەوانەی ئارەزووی کاریان هەیە، یان لە ڕێی هێزە کارە نەپارێزراو و

(١) کۆمپرادۆر زاراوەیەکی سیاسییە لەلایەن لایەنە چەپ و ئیشتیراکییەکان زۆر بەکاردێ، بە گشتی واتای چینی بۆرجوازی دەدا کە لەگەڵ سەرمایەی بێگانە هاوپەیمانی دەکا بە دروشمی بریکار و ڕاییکەری کار کە بەرژەوەندییەکانی خۆی وەدیدێنێ و دەستبەسەر بازاڕی نیشتمانی دادەگرێ. وشەکە لە بنەڕەتدا پرتوگالییە و واتای کڕیار دەدا. دژە وشەی کۆمپرادۆر بریتییە لە نیشتمانی یان میللی کە فیکری دژە ئیستیعمار و چالاکییە جیاوازەکانیەتی.

ناجێگیـرەکان. لـە پێنـاو پاراسـتنی ئاڵوگـۆڕ و گەشـەی سـەرمایەی دەسـتکرد (و ئەرکـی هاوڕێیـەتی کارگێـڕی لەنـاو ئیمپریالیزمـی هەرێمـی لـە سـەدەی نـۆزدەم)، یاسـای گواسـتنەوە و دامـەزراوەی فێرکاریـی یەکانگیـر پەرەپێـدراوە- تەنانـەت کاتێـک پیشەسـازیی ناوچەییـش خاپوورکـرا، دووبـارە دابەشـکردنی زەوی ڕێکخرایـەوە و کەرەسـتەی خـاو گوێزرایـەوە بـۆ وڵاتـانی ئیسـتیعمار. لەگـەڵ ئـەوەی کـە نـاوی نـراوە کۆتایـی ئیسـتیعمار و گەشـەی سـەرمایەی ڕەگەزنامـەی جۆراوجـۆر و کەمکردنـەوەی تێچـووی کارگێـڕی، ئـەوا چیدیکـە ‹‹گەشـەپێدان›› تـەواوی یاسـاکان و بنیاتنـانی دامـەزراوەی فێرکاریـی لەسـەر هەمـان تـەرز، لەخۆناگـرێ. ئەمـە گەشـەی بەکاربـردن لـە وڵاتـە وەکیلەکان(جیهـانی سـێیەم) پـەک دەخـا. لەگـەڵ بـوونی هـۆکارە نوێـکانی پەیوەندیکـردن لـە دوورەوە و دەرکەوتنـی ئابوورییـە سـەرمایەدارییە پێشـکەوتووەکان لـە هـەردوو لای ئاسـیادا، ئـەوا پاراسـتنی نێودەوڵەتـی بـۆ کار، لەپێنـاو پاراسـتنی کرێـی کەمـی کرێـکاران لـە وڵاتـە وەکیلـەکان کاردەکا.

بێگومـان کارکـردنی مـرۆڤ لـە لایەنـە جەوهەرییەکەیـەوە نـە ‹‹کرێـی کەمـە›› و نـە ‹‹ کرێـی زۆر››. لـە سێبەری نائامادەیـی یاسـاکانی کارکردنـدا (یـان نەمـانی بەهـۆی جیاکارییـەوە)، دەوڵـەتی شـمولی (ئـەوەی کـە گەشەسـەندن و پێشـکەوتنی لـە پەراوێـزدا ڕوودەدا) و کەمتریـن ئاسـتی ژیـان بـۆ کرێکارەکـە دابیـن دەکا. بـۆ پاراسـتنی ئـەم ڕەگـەزە یەکلاکەرەوەیـەش بـە سـەلامەتی، ئـەوا نابـێ پرۆلیتاریـای پێشـکەوتوو لـە وڵاتـە وەکیلـەکان بـە شـێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێـژراو لەسـەر ئایدۆلۆجیـای مەیـلی بەکاربـردن (خسـتنەڕووییەک، وەک فەلسـەفەی کۆمەڵگایـەک چینایـەتی تێـدا

نەبێ) ڕابهێنرێ، ئەوەی کە سەرەڕای هەموو بەربەستەکان، ڕێگا بۆ بەرگریکردن لە ڕێی ئەو هاوپەیمانییەتەوە خۆش دەکا کە فۆکۆ باسی دەکا. (FD, 216) ئەم بەشە لەبارەی ئایدۆلۆجیا، مەیلی بەکاربردن بەشێوەیەکی بەرچاو کەڵەکە دەکا، بەهۆی دیاردەی زیادبوونی گرێبەستەکان لە ‹‹باتنی نێودەوڵەتی- in-ternational subcontracting››. بەپێی ئەم ستراتیجیە، ئەو کارگانەی لە وڵاتە دواکەوتووەکانن، لە ژێرەوە گرێبەست دەکەن و لە زۆربەی ئەو قۆناغانەی بەرهەمهێناندا باڵادەستن کە پێویستی بە کرێکاری زۆر هەیە، بۆ نموونە بەرگدووری و تێکخستنی پارچەکان دەکەوێتە ئەستۆی وڵاتانی جیهانی سێیەم کە کرێی کرێکار تێیدا کەمە. کاتێکیش پارچەکان تێکخران، ئەوا کۆمپانیا فرە ڕەگەزنامەکان کاڵاکە – بە لێخۆشبوونی گومرگی- بۆ وڵاتە پێشکەوتووەکە هاوردەدەکەنەوە، لەباتی ئەوەی لە بازاڕە ناوخۆییەکەدا بفرۆشرێ››. لێرەدا تەقریبەن گرێی پەیوەندیی ڕاهێنان لەسەر بەکاربردن دەکرێتەوە. ‹‹ئەمە لەکاتێکدا داکشانی ئابووریی جیهان لە ساڵی ١٩٧٩، بووەتە هۆی ساردبوونەوەی بازرگانی و وەبەرهێنان بە شێوەیەکی بەرچاو لە تەواوی جیهان، بەم هۆیەشەوە شێوازی گرێبەستکردن لە ناوەوەی نێودەوڵەتی پەرەیسەند... لەم حاڵەتانەدا، ئەو کۆمپانیایانەی فرە ڕەگەزنامە بوون، ئازادتر بوون لە بەرەنگاربوونەوەی کرێکارانی چەوساوە و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە و تەنانەت داکشانی ئابووریش››[(١)]

(١) جۆن کاڤاناگ و جۆی هاکل ڕۆڵیان لەم ڕاپۆرتەدا هەبووە، هەردووکیان لە پرۆژەی کۆمپانیای نێودەوڵەتی لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی سیاسی کاردەکەن:

وایلێهـات بزاڤـی چینایـەتی بەشـێوەیەکی بەرچـاو لـە گۆڕەپـانی بریـکاری پشتپێبەسـتراو پاشەکشـەیکرد. جێـی سەرسـوڕمان نییـە کـە هەندێـک لـە ئەندامـانی گروپـە باڵادەسـتە ناوخۆییـەکان لـە وڵاتـە وەکیلـەکان، ئەندامـانی بـۆرژوای ناوخۆیـی، زمـانی سیاسـەتی سـەرنجراکێشی هاوپەیمانـی دەزانــن. هاوتـا لەگـەڵ شـێوەکانی بەرگریـی مەعقـول لـە وڵاتـە سـەرمایەدارە پێشـکەوتووەکاندا، بـەزۆری دەبنـە بەشـێک لـەم کێرڤـە دەسـتەبژێرەی مێـژووی بۆرجـوازی، هـەروەک راناجیـت گوهـا وەسـفیکردووە.

لای ئافرەتـانی گروپـە کۆمەڵایەتییـە باڵادەسـتەکان کـە لـە وڵاتـە وەکیلەکانـدا بایەخیـان بـە ‹‹فێمینیزمـی نێودەوڵـەتی›› دەدا، ئـەو بـاوەڕە باوبـوو کـە سیاسـەتی هاوپەیمانیـی جیهانیـی ماقوڵـە. لـە لاکـەی دیکـەی تەرازووەکـەدا، ئەوانـەی کـە لـە هـەر شـیمانەیەکی هاوپەیـمانی جیابوونـەوە کـە لـە نێـوان (( ئافـرەت و زینـدانی و سـوپا و نەخـۆشی نەخۆشـخانەکان و هاوڕەگەزخـوازەکان))(FD ,216)دا هەبـوو، ئەوانـە لـە مێینـەکانی ‹‹پرۆلیتاریـای لقیـی شارسـتانی››ن. لـە حاڵـەتی ئەوانـدا ڕەتکردنـەوەی بەکاربـردن کەڵەکـە دەبـێ و دادەپـۆشرێ و لەڕێـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـە باوکسـالارییەکان دەقۆزرێنـەوە. لـە لاکـەی دیکـەی دابەشـکاریی نێودەوڵـەتی بـۆ کار، بابـەتی ئیسـتیغلالکردن لەتوانایـدا نییـە، لەبـارەی دەقـی ئیسـتیغلالی فێمینسـتی زانیاریـی هەبـێ و قسـەبکا، هەتـا ئەگـەر هاتـوو پوچگەرایـی ڕۆشـنبیری نوێنەرایـەتی نەکـراو، ئـەوەی کـە فـەزای قسـەکردنی بـۆ ڕەخسـێنراوە، وەدیهـات، ئـەوا ئافـرەت دوو بەقـەد

---

“Contracting Poverty” Multinational Monitor, 4, no, 8 (Aug. 1983) p. 8

جـاران لـە تاریکیـدا دەمێنێتــەوە.

تەنانــەت ئەمــەش ‹‹ئــەوەی دیکــەی گــۆڕاو›› ناگرێتــەوە. لـەدەرەوەی دابەشـکاریی نێودەوڵـەتی بـۆ کار (ئەگـەر بـە تەواویـش وا نەبـێ)، خەڵـک هـەن، ناتوانیـن درک بـە هۆشـیارییەکەیان بکەین، ئەگـەر لـە ڕێـی بنیـاتی هاوتـا لایـەنی چاکەمـان لەخۆمـان داخسـت، بـۆ ئـەوەی دیکـە کـە تەنیـا ئامـاژە بـە پێگـەی هاوشـێوە یـان خـود دەکا. لێـرەدا جووتیـاری مانـدوو و کرێـکار و پاڵـەی ڕێکنەخـراو و هـۆز و کۆمەڵـەی هێـلی سـفر لـە کرێـکارانی سـەرجادە و دەرەوەی شـار دەبینینــەوە. بەرەوڕووبوونەوەیـان نوێنەرایەتیکردنیـان نییــە، بــەڵام فێربــوونی نوێنەرایەتیکــردنی خۆمانــە. ئــەم ئەرگۆمێنتــە دەمانباتـە سـەر ڕەخنەگرتـن لـە ئەنسرۆپۆلۆجیـای ئـاکار و پەیوندیـی نێــوان پێداگۆجیــای ســەرەتایی و پێکهاتنــی ئــاکار. هــەروەک ئــەو ئـەم داوایـە ناواخنیـە دەکا، واتـە ئـەوەی لەلایـەن ئەو ڕۆشـنبیرانەوە پێشـنیازدەکرێ کـە بابەتێـک بـۆ قەڵاچۆکـردن هەڵدەبژێـرن، بـەوەی کـە ‹‹ئـادگارە سروشـتییەکانی ڕوونـن›› و بـەوەی ئەمجـۆرە بابەتانـە لــە ڕێــی مێــژووەوە دێــن، بــەو پێیــەی شــێوازێکی کورتکــراوەی بەرهەمهێنــانی گێڕانــەوەن.

پشتگوێخسـتنی هەر یەک لـە توندوتیژیی مەعریفیـی ئیمپریالیزم و دابەشـکاریی نێودەوڵـەتی بـۆ کار لەلایـەن هەریـەک لـە دۆڵـوز و فۆکـۆ، بایەخـی کەمـتر دەبێتـەوە، ئەگـەر لـە کۆتاییـدا نەچنـە سـەر باسـکردنی کێشـەکانی جیهـانی سـێیەم، بـەڵام مەحاڵـە ئـەم کێشـەیە لـە فەرەنسـا و لای دانیشـتوانی موسـتەعمەرە فەرەنسـییەکانی پێشـوو لــە ئەفریقــا پشــتگوێ بخــرێ. دۆڵــوز تێڕوانینــی خــۆی لەبــارەی جیهــانی ســێیەم لەســەر ئــەو دەســتەبژێرە ناوخۆیــی و هەرێمییــە

ڕەسەنە کۆنانە چڕدەکاتەوە کە خۆیان بە شێوەیەکی نموونەیی ژێردەستەن. لەم چوارچێوەیەدا، ئاماژەکان بۆ پاراستنی ‹‹زیادەی لەشکری کار›› دەکەوێتە سەر سۆزی نەژادیی پێچەوانە. بەو پێیەی ئەو لەبارەی میراتی ئیمپریالیزمی هەرێمی لە سەدەی نۆزدە قسەدەکا، ئەوا ئاماژەی بۆ دەوڵەتی قەومی لەباتی ‹‹سەنتەری بە جیهانی کردن- the globalizing center›› ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێ: ((ئیمپریالیزمی فەرەنسی تا ڕادەیەکی زۆر پێویستی بە نیشانەی سەرپێیی- a floating signifier)) هەیە بۆ بێکاری. لەم تێڕوانینەوە تەماشای یەکینەی شێوەکانی داپڵۆسین دەکەین: کۆت و بەند لەسەر کۆچکردن، دانان بەوەی سەختترین ئەرک و کارەکان و کارە بێزراوەکان لەلایەن کرێکارە کۆچبەرەکان ڕادەپەڕێندرێن، داپڵۆسین لە کارگەکان، چونکە فەرەنسییەکان لەسەریانە پتر ‹‹ئارەزوومەندان››ی کاری قورستر وەدەستبێنن، لەگەڵ خەبات لە دژی گەنجان و داپڵۆسینی سستەمی پەروەردەیی (FD ,12-211)، ئەم شرۆڤەیەش قبوڵکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانێ بەرنامەی بەرگریکردنی سیاسەتی هاوپەیمانیی بێنێتە ناوەوە کە دژی ‹‹داپڵۆسینی یەکانگیر- repression unified›› ئاڕاستەکراوە، تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە بابەتەکە پەیوەندیی بە جیهانی سێیەمەوە هەیە و لەڕێی جیهانی یەکەمەوە ڕاستەوخۆ دەستی پێدەگا.[١] ئەو ‹‹یەکەمین موڵکدارییە خێرخوازییە›› و دووبارە وێنەکێشانەوەی جیهانی سێیەم، وەکو ‹‹ئەوی دیکە››،

(١) میکانیزمی داهێنانی جیهانی سێیەم وەکو دالێک خستنەڕووی جۆرێک شیکاریی شەپۆلێکە بۆ بنیاتنانی ڕەگەزێک وەکو ئەو دالەی لە کتێبی ئیمپراتۆریەتدا هەیە کە هی کاربیە Empire, Carby.

بریتییـه لـه ناسـەرەوە سـەرەکییەکەی جیهـانی سـێیەم لـە زانسـتە مرۆڤیەتییـەکانی لـە ئەمریـکای ئەمـڕۆدا.

فۆکـۆ بـەردەوام دەبـێ لـە ڕەخنەگرتـن لـە مارکسـیزم لـە ڕێـی هێنانەپێشـەوەی دابڕینـی جوگرافی. نیشـانە ڕاسـتەقینەکەی ‹‹نەبوونی بەردەوامـی جوگرافی››جیۆسـیاسی›› بریتییـە لـە دابەشـکاریی نێودەوڵـەتی بـۆ کار››، بـەڵام فۆکـۆ زاراوەیـەک بەکاردێنـێ بـۆ جیاکردنـەوەی ئیسـتیغلال (دەرهێنـان و تەرخانکـردنی نرخـی زیـادە، بـۆ خوێندنـەوەی بـواری شرۆڤـەی مارکسـیزم) و باڵادەسـتیی (لێکۆڵینـەوەی ‹‹دەسـەڵات››)، ئەمـەی کۆتایـی پێشـنیازی ئـەوە دەکا کـە نوێنەرایـەتی توانایەکـی گەورەتـری بەرگـری بـکا، لەسـەر بنەمـای سیاسـەتی هاوپەیمانیـەتی. ئـەو ناتوانـێ دان بـەوە دابنـێ کـە ئـەو جـۆرە گەیشـتنانە ‹‹یەکانـە و یەکانگیـر- monist and unified››ن لـە چەمکـی ‹‹دەسـەڵات››دا (بۆچـوونی مەنهەجـی بـۆ بابـەتی دەسـەڵات) لـە ڕێـی قۆناغێکـی دیاریکـراو لـە ئیسـتیغلال بووەتـە کارێکـی کـردەنی، چونکـە تێڕوانینـی بـۆ دابـڕانی جوگـرافی لـە ڕووی جیۆسیاسـییەوە بـۆ جیهـانی یەکـەم سـنووردارە:

ڕەنگـە ئـەو دابڕانـە جوگرافییـەی لەبارەیـەوە دەدوێ، واتاکـەی ئەمـە بـێ: ئەگـەر لـە دژی ئیسـتیغلال تەنیـا تێبکۆشـین، ئـەوا پرۆلیتاریـا نـەک تەنیـا تێکۆشـانەکە ئاڕاسـتە دەکا، بەڵکـو ئامانـج و شـێواز و شـوێن و ئامرازەکانیـش دەستنیشـان دەکا، هەروەهـا هاوپەیمانیـی لەگـەڵ پرۆلیتاریـا بریتییـە لـە پاڵپشـتیکردنی هەڵوێسـت و ئایدۆلۆجیـاکانی، ئەمـەش واتـا ‹‹نقومبـوونی تـەواو- to-tal immersion›› (لـە پـرۆژەی مارکسـیدا)، بـەڵام ئەگـەر مـرۆڤ لـە دژی دەسـەڵات بجەنگـێ، ئـەوا ئـەو کات هەمـوو ئەوانـەی

دان بەوەدادەنێـن کـە بەرگـەی دەسـتپێکردنی تێکۆشـان ناگـرن لـەو شـوێنەی خۆیـان و چالاکییەکانیـان (یـان کارە نەرێنییەکانیـان) دەدۆزنـەوە. لەڕێـی چوونـە نـاو تێکۆشـانی تایبـەت بەخۆیـان، ئـەوا بـە ڕوونی لـە ئامانجەکانیـان دەگـەن و دەکـرێ شێوازەکانیشـیان دیاربکـەن، ئـەوان دەچنـە نـاو کردەیەکـی شۆڕشـگێڕانە. بـەو پێیـەی کـە ئێمـە بـە هاوپەیـمانی پرۆلیتاریـا وەسـف دەکرێین، ئـەوا بێگومان دەسـەڵات لەسـەر ئـەم ڕەوتـە دەڕوا، بـۆ پاراسـتنی ئیسـتیغلالی سـەرمایەداری. ئـەوان بەڕاسـتی لەڕێـی کوشـتار لـەو شـوێنانەی وا خۆیـان دەبیننـەوە کـە داپڵۆسـێنراون، خزمـەتی پـرسی پرۆلیتاریـا دەکـەن. ئافـرەت و زینـدانی و سـوپا و نەخـۆشی نەخۆشـخانەکان و هاوڕەگەزخـوازەکان ململانێیەکـی سـنوورداریان دژی شـێوەیەکی دیاریکـراوی دەسـەڵات هەیـە، لەگـەڵ ئـەو ڕێکارانـەی لەبەرانبەریان دەگیرێتەبـەر (FD, 216)

ئـەم پرۆگرامـە بـۆ بەرگریـی ناوەخـۆ جێـی سەرسـوڕمانە. کاتێـک ئەمـە دەکـرێ ڕووبـدا، ئـەوا ئـەم جـۆرە لـە نموونـەی بەرگـری، نابنـە جێگـرەوەی ململانێـی ماکرۆلۆجـی لـە سـەر تـەواوی هێڵـەکانی ‹‹مارکسـیزم››، بـەڵام دەشـێ تـەواوی بـکا، کەچـی ئەگـەر هاتـوو بارودۆخەکـەی ‹‹بـە گـەردوونی کرابـوو- universalized››، ئـەوا ئیمتیازێـک بـۆ بابەتەکـە بەدەسـتدێنێ کـە دانی پێـدا نەنـراوە و بەبـێ تیـۆری ئایدۆلۆجـی ڕەنگـە ئەمـە ببێتـە هـۆی یۆتۆپیایەکـی مەترسـیدار.

دەتوانیـن بڵێیـن فۆکـۆ لەبـارەی توانـای دەسـەڵات لەسـەر دوورخسـتنەوە، بیرمەندێکـی عەبقـەری بـوو، کەچـی لـە بـارەی درککـردن بـە دووبـارە تۆمارکردنـەوەی تۆپۆگرافیـای ئیمپریالیـزم،

پێشبینییەکانی خۆیمان پێ ناڵێ... ئەمە تێگەیشتنەکەی کەوتووەتە سەر هەناردەی کۆتوبەندکراوی ڕۆژئاوا، ئەوەی کە ئەم دووبارە تۆمارکردنەوەیە بەرهەمیهێناوە، بەم پێیەش ئەو یارمەتیدەرە بۆ پتر دەرخستنی کاریگەرییەکانی. لەم کۆپلەیەدا لەگەڵ من بنۆڕنە چۆنیەتی پشتگوێخستنی حەقیقەت، ئالیەتی دەسەڵاتی نوێ کە لە هەردوو سەدەی حەڤدەم و هەژدەم باوبوو (ئەوەی کە مارکسیزم ناوی لێنابوو هەڵێنجانی زیادە بەبێ ڕکەبەری ئابووری) کە لە ڕێی هۆکارەکانی ئیمپریالیزمی هەرێمی -زەوی و بەرهەمەکانی- «لە شوێنێکی دیکەدا» تەئمین کراوە. نوێنەرایەتیکردنی سەروەری لەم ڕووداوانەدا کارێکی یەکلاکەرەوەیە: ((لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەمدا، بەرهەمهێنانی دیاردەیەکی گرنگمان هەیە کە بریتییە لە گەشەسەندن، یان با ناویبنێین داهێنانی ئالیەتێکی نوێی دەسەڵات کە تەکنیکی ڕێکاری زۆر سنوورداری هەیە... کە من باوەڕم وایە بە تەواوی لەگەڵ سەروەریدا دژە. ئەم جۆرە میکانیزمەی دەسەڵاتی نوێ، پشت بە جەستە و ئەوەی جەستە ڕایدەپەڕێنێ، دەبەستێ، پتر لەوەی پشت بە زەوی و بەرهەماکانی زەوییەوە ببەستێ)) (104, PK)

بەهۆی «کوێرەخاڵ- a blind spot» لەبارەی شەپۆلی یەکەم لە «دابڕانی جوگرافی»، ڕەنگە فۆکۆ لە پشت شەپۆلی دووەمی لە دوو دەیەی ناوەڕاستی ئەم سەدەیەماندا (سەدەی بیستەم) بە ئەزموونکار بمێنێتەوە، ئەمەشی زۆر بە سادەیی ناو ناوە ((ڕووخانی فاشیەت و چەمانەوەی ستالینیزم)) (104, PK)، ئەمە تێڕوانینی «مایک دیفیس»٥ وەک جێگرەوەیەک: ((لۆجیکی

جیهانیی کە دژی توندوتیژیی شۆڕشگێڕانەیە، دەکرێ بە نوێترین پێکبەستی ئابووری ئاشتییانەی ئیمپریالیزمی ئەتڵەسی دابنرێ کە لە قەڵەمڕۆی سەرکردایەتی ئەمریکادایە... ئەمە تێکەڵکردنێکی سەربازیی فرەڕەگەز بوو بە دروشمێکی بەکۆمەڵ: ئاسایش دژی یەکێتیی کۆمارە ئیشتیراکییەکانی سۆڤیەت، ئەمە چوونەناویەکی ئابوورییە سەرەکییەکانی جیهانی خێرا کردووە کە بووە هۆی ڕەخسانی سەردەمێکی نوێی لیبرالیزمی بازرگانی کە لە نێوان سالانی ١٩٥٨ و ١٩٧٣ گەشایەوە))(١)

لە چوارچێوەی دەرکەوتنی ‹‹میکانیزمی دەسەڵاتە نوێ››یەکە، پێویستە لەسەرمان لە بەرانبەر دیمەنە نیشتمانییەکان و بەرگریی ئابووری و تەرکیزکردن لەسەر چەمکی هاوشێوەی دەسەڵات و ئەو ویستەی مایکرۆلۆجیا جیادەکاتەوە، خۆمان ئامادەبکەین. دیفیس بەردەوام دەبێ: ((دامەزرانە تاڕادەیەکی زۆر ڕەها و ستراتیژییەکەی هێزی سەربازیی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگە بە ‹‹پاشکۆیی ڕۆشنگەریی خۆگونجێن-›› دەدات بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێمە سەرەکییەکانی. ئەمە بە تایبەتی ئەوەی سەلماندووە کە باڵەکانی ئیمپریالیزمی فەڕەنسی و بەریتانی، ئەوانەی ماونەتەوە، وەریاندەگرێ... لەگەڵ بەردەوامیدان بە دنەدانی ئایدۆلۆجیی توند لە دژی شوعیەت)). لە سەروبەندی خۆ تەیارکردن لە دژی چەمکێکی یەکانگیریی وەک ‹‹فەرەنسا››، ئەوا دەبێ بڵێین کە چەمکی لەمجۆرەی وەک ‹‹تێکۆشانی کرێکاران››، یان ڕوونکردنەوە یەکانەکانی وەک ((دەسەڵات

(1) Mike Davis, "The Political Economy of Late-Imperial America" New Left Review, 143 (Jan, Feb. 1984), p. 9.

و بەرگری هەمەجۆر کە دەکرێ بخرێتە پاڵ ستراتیژییەتە جیهانییەکان)) (PK ,142) ئەمە لەڕێی گێڕانەوەی دیفیسەوە وا دەردەکەوێ کە دەکرێ لێکبدرێتەوە. من واینابینم، وەک ئەوەی پۆل بۆڤی وایدەبینێ، کە پرسیار ((بۆ ئاوارە و بێلانەکان، ئەوانەی کە لە ڕووی سەربازی و کەلتورییەوە هێرشیان کراوەتە سەر، وەک ئەوەی فۆکۆ دەیخاتەڕوو ‹‹لەبارەی تیۆەگلان لە سیاسەت... ئەمە هەوڵێکە کە زۆرترین بڕی لە ڕاستگۆیی تێدایە، لەکاتێکدا ئەگەر شۆڕشەکە پەسند بێ، ئەمە لایەنێکی گەمژانەی شۆڕشی ڕۆژئاواییە))[1]. جیاواز لەمە من وایدەبینم بانگەشەکردن بۆ لەخۆگرتنی کۆپییەکی جیاواز لەوەی لە ڕۆژئاوا هەیە، بریتییە لە پشتێکردن لە بەرهەمەکەیان لەلایەن پرۆژەی ئیمپریالیزم.

هەندێک جار وا دەردەکەوێ، درەوشانەوەی شرۆڤەی فۆکۆ بۆ چەند سەدەیەک لە ئیمپریالیزمی ئەوروپی، کۆپییەکی بچووکی ئەم دیاردە نارێکە بەرهەمدێنێ: ئیدارەدانی کەشتییەوانیی ئاسمانی، بەڵام لەڕێی پزیشکانەوە، گەشەپێدانی کارگێڕی، بەڵام لە ژێرزەمینە پەناگەکان، نرخدانان بۆ ژێردەستە، بەڵام لەو ڕێیەوە کە تەعبیرکردنە لە شێت و زیندانی و منداڵان. وادەردەکەوێ کە نۆڕینگە و پەناگە و زیندان و زانکۆ هەموویان شاشەی ‹‹خوازەیی ڕەمزین- screen allegories›› و ئەو گێڕانەوانە نزیکدەکاتەوە کە بۆ ئیمپریالیزم بەرفراوانترن. (دەکرێ مرۆڤ گفتوگۆیەکی هاوشێوەش لەبارەی ‹‹داپلۆسینی خاوەن موڵکبوون›› کە بیرۆکەیەکی شەڕانگێزە و دۆڵوز و گۆتاری هەردووکیان باسیان کردووە، بکا). ڕەنگە فۆکۆ لێرەدا وریێنە بکا کە

(1) Bove, “Intellectuals”, p. 51

دەڵـێ: ((پێویسـتە مـرۆڤ بـە هیـچ شـێوەیەک بـاسی شـتێک نـەکا، کـە هیچـی لەبـارەوە نازانـێ)) (PK ,66)، بـەڵام ئێمـە، بەڕاسـتی، لەبارەی نەزانیـی ڕێپێـدراو دوایـن کـە لەسـەر هەمـوو ڕەخنەگرێـک لـە ئیمپریالیـزم پێویسـتە، وێنـەی بکێشـێ.

# ٣

لەسـەر ئاسـتی گشـتیدا کـە ئەکادیمـی و قوتابییـە ئەمریکاییەکان ئەوانـەی بـە فەڕەنسـا ‹‹کاریگەربـوون››، مـرۆڤ بـەرەوڕووی ئـەم چەمکـە دەکەنـەوە: فۆکـۆ لەگـەڵ مێـژووی ڕاسـتەقینە و سیاسـەتی ڕاسـتەقینە و کێشـە کۆمەڵایەتییـە ڕاسـتەقینەکان مامەڵـەدەکا، ئەمـە لەکاتێکدایـە مەحاڵـە بچیـە نـاو دەقێتـی دریـدا و ناواخنەکـەی. ڕەنگـە خوێنـەر بـاش ئـاگای لـەم فیکـرە حازربەدەسـتە هەبـێ. لـەم بارەیـەوە ‹‹تیـری ئیگڵتـۆن- Terry Eagleton›› نـووسی: ((کارەکـەی دریـدا تاڕادەیەکـی زۆر مێژوویـی نەبـوو و گەمەیەکـی سـیاسی و خافڵانـدن بـوو لـە ڕێـی زمانـەوە، چونکـە ناکـرێ نکۆڵـی لـە گوتـار بکەیـن))[1]. ئیگلتـۆن پێشـنیازی بەردەوامیـدان بـە لێکۆڵینـەوەی فۆکـۆ لەبـارەی ‹‹مومارەسـە گوتارییـەکان›› دەدا، هـەروەک ‹‹پێـری ئەندرسـۆن- Perry Anderson››یـش مێژوویەکـی پەیوەندیـدار بەمـە بنیـات دەنـێ: ((لەگـەڵ دریـدا سـڕینەوەی خودیـی بنیاتگـەری نـاوەوە تەواوبـوو، لـە پەنابـردن بـۆ مۆسـیقا یـان شـێتی لای لیڤـی شـتراوس یـان فۆکـۆ. لـە نائامادەیـی ڕەهـای پابەندبـوون بـە دۆزینـەوەی ڕاسـتییە کۆمەڵایەتییـەکان، لای دریـدا هیـچ جـۆرە هەسـتکردنێک بـە پەشـیمانی نەدەبیـنرا، لـە پـای

(1) Terry Eagleton, Literary Theory an Introduction (Minnepolis: University of Minnesota press, 1983), p. 205

لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی بنیاتی ئەم دووانە و سەرکۆنەکردنیان بە ‹‹نۆستالۆژیا بۆ گەیشتن›› بە ڕۆسۆ یان لە پێش سۆکراتیش و لێپێچینەوەیان لەبارەی ئەو حەقەی کە پێیاندراوە، لە دروستیی گوتارەکەیان لە بنیاتە تایبەتەکەی خۆیان))[١]

ئەم نووسینە، پشتگیریی دریدا بکا یان نا، پابەندە بەوەی کە بیرۆکەی نۆستالۆژیای بنەچە بزرەکان، لەوانەیە زیان بە دۆزینەوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بگەیەنێ لە ناو ڕەخنەی ئیمپریالیزمدا. لە ڕاستیدا، دەرکەوتنی خوێندنەوەی خراپی ئەندرسۆن، نەبووەتە بەربەست لەبەردەمی، تا ئەو کێشەیە ببینێ کە بەوردی جەختیلێکردووەتەوە لای فۆکۆ: ((فۆکۆ ئەوەی ڕاگەیاند کە لە ئاگادارکردنەوەی پێغەمبەرانەی تایبەت دەچێ، کاتێک لە ساڵی ١٩٦٦ ئەوەی ڕاگەیاند کە: مرۆڤ ماندوو دەبێ، بەڵام کیانی زمان لە ئاسۆی ئێمەدا بەرەو درەوشانەوەی زیاتر دەچێ))، بەڵام ئێمە کێین تا درک بەمجۆرە ئاسۆیە بکەین، یان ئەم جۆرە ئاسۆیەمان هەبێ؟ ئەندرسۆن دەستدرێژیی بابەتی ڕۆژئاوا نابینێ کە لەلایەن فۆکۆوە دواتر دانیپێدانانرێ، کە بابەتێکە ‹‹نکۆڵیکردن-disavowal›› بەڕێوەی دەبا. ئەو هەڵوێستەکەی فۆکۆ بەو شێوەیە دەبینێ کە لەسەری ڕاهاتووین، بەوەی کە ونبوونی زاتی مەعریفییە لەم ڕێگایەوە و لە دریداشدا دوایین گەشەسەندنی ئەم ئاڕاستەیە دەبینێ: ((لە قووڵایی ناخەوە نهێنی بەرنامەکە شاردراوەتەوە)).[٢] با لە

(1) Perry Anderson, In the Tracks of Historical Materialism (London Verso, 1983)p 53

(2) Anderson, In the Tracks, P52.

کۆتاییـدا لـە حیکمـەتی مـەزنی ئێـدوارد سـەعید ڕابمێنیـن، ئـەوەی کـە خیانـەت لـە بـە هەڵـە تێگەیشـتنی قـووڵ دەکا بـۆ چەمکـی دەقێتـی: ((ڕەخنـەی دریـدا دەمانگوێزێتـەوە بـۆ نـاوەوەی دەق، ئەمـە لەکاتێکـدا ڕەخنـەی فۆکـۆ لـە یەککاتـدا هـەم دەمانباتـە نـاوەوەی دەق و هـەم دەرەوەشی))[1]

هەوڵمـدا، ئـەوە بکەم بـە ئەرگۆمێنت کـە بایەخـدانی جەوهەریی بـە سیاسـەتی داپڵۆسـێنراوان کـە بـە زۆری لەسـەر ڕێگرییـەکانی فۆکـۆ هەژماردەکرێـن، ڕەنگـە ئیمتیازێـک بـۆ ڕۆشـنبیر و بابـەتی ‹‹بەرجەسـتە›› بشـارێتەوە، لـەو داپڵۆسـینەی کـە لەڕاسـتیدا لـەم لێدانـەدا دووهێنـد دەبـێ. بـە پێچەوانـەی ئەمـەوە، هەرچەنـدە لێـرەدا مـن نیـازی ئـەوەم نییـە بـەرەوڕووی تێڕوانینـەکانی دریـدا ببمـەوە، وەک ئـەو نووسـەرە کاریگەرانـەی ڕەواجـی دەدەنـێ، مـن دێـم گفتوگـۆ لەبـارەی هەندێـک لایـەنی کاری دریـدا دەکـەم، ئەوانـەی کـە قازانجـی درێژمەودایـان هەیـە بـۆ ئـەو گەلانـەی دەکەونـە دەرەوەی جیهـانی یەکـەم. ئەمـەش بـۆ مـن بـە ناڕەزایـی دانانـرێ. خوێندنـەوەی دریـدا ئاسـان نییـە، چونکـە ئامانجـی ڕاسـتەقینەی ئـەو لـە بەدواداچـوون و توێژینـەوەدا، بریتییـە لـە فەلسـەفەی کلاسـیکی. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـەکاتی تێگەیشـتن لـەو، مەترسـییەکەی لـە مەترسیی داپۆشـینی فیکـری لـە جیهـانی یەکەمدا کەمـترە، ئـەو نـە ئـەو ئامادەبـوو و نـە ئـەو نوێنەرەیـە کـە ڕێگـە بـە چەوسـاوەکان دەدا، لەبـارەی خۆیانـەوە بدوێـن.

لـەو بەشـە دەکۆڵمـەوە کـە دریـدا بـەر لـە بیسـت سـاڵ

---

(1) Said, The World, P 183

نووسـیویەتی و ئـەم ناونیشـانەی پێـداوە: ‹‹زانسـتی نووسـین وەک زانستێکی پۆزەتیڤ- Of Grammatology As a Positive Science›› (OG ,93-74). لـەم بەشـەدا دریـدا بەرەوڕووی ئەو پرسـە دەبێتەوە، داخـۆ دەکـرێ ‹‹هەڵوەشـانەوەگەرایی›› بـەرەو مومارەسـەیەکی گونجاومـان ببـا، جـا چ ڕەخنەیـی بـێ یـان سـیاسی؟ کێشـەکەش لـە چۆنیـەتی ڕێگریکردنـە لـە بابەتـە دامەزراوەکـە لەبـارەی ئیتنیکـەوە کـە لەڕێـی دەستنیشـانکردنی ئـەوی دیکـە بەشـێوەیەکی لەخـۆوە، خـۆی دەخاتـە ژێـر ڕکێفـی. ئەمـە بەرنامەیـەک نییـە بـۆ بابەتەکـە وەک دەردەکـەوێ، بەڵکـو بەرنامەیەکـە بـۆ ڕۆشـنبیرە ڕۆژئاواییـە خێرخـوازەکان. هەرچـی لەبـارەی ئەوانەیـە کـە لـە خۆمانـن و ئەوانـەش کـە پێیانوایـە ‹‹بابەتەکـە›› مێژوویەکـی هەیـە، هەروەهـا وایدەبینـن کـە ئەرکـی مەعریفـە لـە بابـەتی جیهـانی یەکەمـدا و لـەم سـاتە مێژوویـیـەدا بریتییـە لـە ڕێگریکـردن و ڕەخنەگرتـن لـە ‹‹دانـان›› بە جیهانی سـێیەم لەڕێـی ‹‹وەرگرتـن- assimilation››ەوە، ئەمـەش تایبەتمەندییـە یەکلاکەرەوەکەیـە. لـە پێنـاو پـەرەدان بـە ڕەخنـەی واقیعـی لەبـاتی ڕەخنـەی ‹‹بەزەیـی پێداهاتنـەوە- pathetic›› بـۆ هانـدانی ئـەو ڕۆشـنبیرە ئەوروپییانـەی بابـەتی ئیتنیکیـان بـە تـەوەر گرتـووە، دریـدا دان بەوەدادەنـێ کـە ئـەو ناتوانـێ ‹‹یەکەمیـن›› پرسـیاری خـۆی بـکا، تـا لـە ڕێیـەوە زەمینەسـازیی بـۆ ئەرگۆمێنتەکـەی بـکا، پێویسـتیی بەوەیـە وەڵامـی پرسـیارەکە بداتـەوە. ئـەو ئـەوە ناڵـێ کـە زانسـتی نووسـین لەتوانایدایـە بەسـەر دەربڕینـی ‹‹فرانـک لینتریـکا- Frank Lentricchia›› کـە ئاراسـتەی ‹‹ئەزمونگەراییـە-empiricism››، زاڵ بـێ، چونکـە ئـەو ناتوانـێ یەکەمیـن پرسـیار بخاتـەڕوو. بەمشـێوەیە دریـدا لاگیـری مەعریفـەی ‹‹نـووسراو›› دەکا، لەگـەڵ هەمـان ئـەو کێشـانەی لـە توێژینـەوەی

ئەزمونیـدا هـەن، بۆیـە ‹‹هەڵوەشـانەوەگەرایی›› وشـەیەکی نـوێ نییـە بـۆ ‹‹ڕەواندنـەوەی لێڵـی ئایدۆلۆجـی››. ((ئـەو هاوشـێوەی توێژینـەوەی ئەزمونییـە... چونکـە وەرگرتنـی پەناگـە لـە بـواری مەعریفـەی زانسـتی نووسـین، پێویسـتی بەوەیـە لەڕێـی نموونـە هێنانـەوەوە چـالاک بکـرێ)) (OG ,75)

ئـەو نموونەیـەی کـە دریـدا- بـۆ دەرخسـتنی سـنووری زانسـتی نووسـین دەستنیشـانیدەکا، بـەو پێیـەی زانسـتێکی وەزعییـە- بـۆ پـرۆژەی ئیمپریالیـزم وەک پاساوهێنانەوەیەکی خودیـی ئایدۆلۆجیـی گونجـاو چـاوی لێدەکـرێ. دریـدا لەبـارەی ئەوروپـای سـەدەی حەڤدەیـەم دەنووسـێ، سـێ جـۆر ‹‹لاگیـری›› لـە مێـژووی نووسـیندا هـەن کـە ‹‹نیشـانە بـۆ تەنگـژەی ئاگایـی ئەوروپـی›› (OG ,75) پێکدەهێنـن، ئەوانیـش بریتیـن لـە: ‹‹لاگیریـی لاهـووتی››، ‹‹لاگیریـی چینـی›› و ‹‹لاگیریـی هیرۆگلیفـی››. دەکـرێ یەکەمییـان بەمشـێوەیە ئیندێکـس بکـرێ: ئـەوەی کـە خـودا لـە ((تێکسـتە بەراییـەکان یـان سروشـتییەکانی عیـبری و گریکـی نووسـیوەتی. دووەمینیشـیان چینییـە، ‹‹ڕەشـنووسی›› نموونەییـە بـۆ نووسـینی فەلسـەفە، بـەڵام هـەر بـە ڕەشـنووسی دەمێنێتـەوە، چونکـە نووسـینی فەلسـەفیی ڕاسـتەقینە لـە مێـژوو بـەدەرە)) (OG ,79)، چینییەکـە لـە پاشـکۆی بەرنامەیەکـی دەقـی کـە ئاسـانە بـۆ فێربـوون، دادەنـرێ و جێـی زمانـە چینییـە ڕاسـتەقینەکە دەگرێتـەوە. هەرچـی لاگیریـی سـێیەمە: دەقـە میسرییـەکان بـە جۆرێـک بـەرزن کـە ناتوانـرێ کۆدەکانیـان بکرێنـەوە. لاگیریـی یەکـەم ‹‹واقیعیبـوون››ی عیـبری و گریکـی دەپارێـزێ، ئـەم دووەش هەردووکیـان لـە یەککاتـدا ‹‹عەقـڵانی›› و ‹‹سـۆفی››ش بـوون و پشـتگیری ئـەوەی یەکەمیـش دەکـەن، چونکـە

وا دەڕواننە ناوەندی دروشمەکان، وەک ئەوەی خوایەکی جووی عیسایی بێ (باڵادەستیی بەسەر ئەوی دیکەی هێلینیدا لە ڕێی وەرگرتنەوە، ئەمە چیرۆکێکی دیکەیە)، ئایا تا ئێستا ‹‹لاگیری›› درێژەی نییە بۆ بەخشینی وێنەی نەخشەی ئەفسانەی یەهودی مەسیحی بۆ دانانی مێژووی جیۆسیاسی:

بەمشێوەیە، چەمکی نووسینی چینی بەشێوەیەک خرایەکار کە جۆرێکە لە هەڵچوونی ئەوروپی... و ئەم خرانەکارەش ملکەچی پێویستییەکی توند بوو... مەعریفەی دەقی چینی چارەسی نەکرد.. کە لەو سەردەمدا بەردەست بوو... ‹‹لاگیریی هیرۆگلیفی›› هەمان کاریگەریی ‹‹کوێریی بایەخپێدەر- inter-ested blindness››ی بەرهەمهێنا. دوور لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە... لە بێزراندنی نەژادیی چەسپیو، بزربوون شێوەیەک وەردەگرێ کە زیادەڕۆیی تێداکراوە. لە هێنانەوەی نموونە بۆ سەلماندنی پێویستیی ئەم شێوەیە نەبووینەتەوە، چونکە سەدەکەی ئێمەش لەو جۆرە نموونانە خاڵی نییە. هەرجارێک بە شێوەیەکی خێرا و بە شانازییەوە پێچەوانەی ناوەندیی بوونی نەژادی کاربکرێ، هەندێک هەوڵدان بەبێ دەنگی لەپشت هەموو بەرهەمە سەرنجڕاکێشەکان وندەبن، بۆ پشتگیریکردنی ئەوانەی لەناوەوەن و هەندێک سوودی لەناوەخۆ لێوەردەگیرێ. (OG ,80، دریدا لاگیریی هیرۆگلیفی بە هێڵێکی لار دەنووسێ).

دریدا لە پێشکەشکردنی دوو شیمانە(ئیحتیمال)ی پەسند بەردەوام دەبێ، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بابەتی ئەوروپا، هەوڵی بەرهەمهێنانێکی دیکە دەدا کە لە توانایدایە پێگەی بابەتە تایبەتەکەی بەرزبکاتەوە. ئەمەی دێ بریتییە لە گێڕانەوەی ئەو

تێوەگلانـەی لەنێـوان نووسـین و کرانـەوەی کۆمەڵگـەی ناوخۆیـی و شارسـتانی و پەیکـەرەکانی ویسـت و دەسـەڵات و سـەرمایەداریدا ڕوویـداوە.

دواتـر دریـدا ئـارەزووە لەبەریەکهەڵوەشـاوەکەی بـۆ پارسـتنی شـتێک ئاشـکرا دەکا کـە لـە ڕووی پارادۆکسـەوە نـە وەسـف دەکـرێ و نـە سـنوور دەبەزێنـێ. لـە دەمـی ڕەخنەگرتـن لـە بەرهەمهێنـانی بابـەتی ئیسـتیعمار، ئـەوا ئـەو شـوێنەی لـە سـەرەوەی وەسـفە و لـە ڕادەبـەدەر نییـە، لـە بابـەتی ژێردەسـتەدا بەرهەمـی هەیـە.

دریـدا بەشـەکە لەڕێـی دەرکەوتنـی نوێـوە تـەواودەکا، بـەوەی پـرۆژەی زانسـتی نووسـین مەحکومـە بـە گەشەسـەندن لـە نـاو گوتارەکـەدا. ئەمـە تەنیـا ڕەخنـە نییـە لـە بـوون، بەڵکـو هۆشـیارییە بـەو هێڵـەی گوتـار لەسـەری دەڕوا، لـە ڕەخنەی تایبەت بـە تاک و بە دیاریکراویـش هۆشـیاربوونەوە دژی بانگەشـەکردن بـۆ شـەفافیەت. وشـەی ‹‹نووسـین- writing›› وەکـو ناوێکـە بـۆ مەبەسـتێک و ‹‹زانسـتی نووسـین- grammatology››یـش مومارەسـەکردنە ((تەنیـا لـە چوارچێـوەی ‹‹داخـرانی مێژوویـی››، واتـە لـە سـنووری زانسـت و فەلسـەفەدا)) (OG ,93)

لێـرەدا دریـدا بـژاردە فەلسـەفییە نیچەییـەکان و شرۆڤـە دەروونییـەکانی دەگرێتەخـۆ و بـە دیاریکـراوی بـژاردە سیاسـییەکانی ناگرێتـە خـۆ، بـۆ پێشـنیازکردنی ڕەخنـە بـۆ تەوەرەییبـوونی نـەژادی ئەوروپـی لـە چوارچێـوەی بنیاتنـانی ئـەوی دیکـەدا. بـەو پێیـەی مـن ڕۆشـنبیرێکی پاش-ئیسـتیعمارم، دوودڵ نیـم لەبـارەی ئـەوەی (هـەروەک بـۆ ئەوروپاییەکانیـش وایـە)، ئەمـە بـەرەو ڕێچکەیەکـی دیاریکـراوم نابـا، ئـەو ڕێچکەیـەی وا دەکا ڕەخنـەی لەمجـۆرە

بینە پێویستی. ئەوەی زۆر گرنگە بەلای منەوە ئەمەیە، ئەو بەو سیفەتەی کە فەیلەسوفێکی ئەوروپییە، مەبەستی ‹‹بابەتی ئەوروپی›› دەربڕی، بۆ بنیاتنانی ئەوی دیکە، بەوپێیەی ئەو لە چاو ناوەندیی بوونی نەژادیی پەراوێزخراوە. ئەوەشی دیارکردووە کە کێشەکە پەیوەندیی بە ناوەندی بوونی گوتار و لەوێشەوە تەواوی هەوڵەکانی زانستی نووسین هەیە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی پێشنیازی سەرەکی ئەم بەشە، بریتییە لە تێوەگلان لەنێوان ئەم دووانەدا). ئەمە کێشەیەکی گشتی نییە، بەڵکو کێشەیەکی ئەوروپییە. لە چوارچێوەی ئەم ئاراستە نەژادییەدا، بە توندی هەوڵدەدا بابەتی بیرکردنەوە، یان مەعریفە کەمبکاتەوە، تا بڵێ ((فیکر بریتییە... لە ‹‹بەشە بۆشەکەی- the blank part››ی دەق)) (OG ,93)، ئەوەی کە باوەڕی وایە، ئەگەر بۆش بێ، هێشتا لەناو دەقدایە و پێویستە بنێردرێت بۆ ئەوی دیکەی مێژوویی. ئەو بۆشاییەی کە ڕێگە بە چوونەناوەوەی نادا و بە دەقێک کە قابیلی ڕاڤەکردنە، سنووردارکراوە. هەر ئەوەشە کە ڕەخنەگری پاش- ئیستیعماریی ئیمپریالیزم، دەیەوێ ببینێ لە چوارچێوەی دەورەدانی ئەوروپی گەشەدەکا، بەو پێیەی شوێنی بەرهەمهێنانی تیۆرەکەیە. دەکرێ ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرانی پاش- ئیستیعمار هەوڵی سڕینەوەی بەرهەمە تایبەتییەکانیان بدەن، تەنیا لە ڕێگەی بیردۆزەی لە پێشینە بۆ ئەم بۆشاییە ‹‹نەخشاندن بە تێکست- text-inscribed››، بە پێچەوانەی ئەمەوە، وا دەردەکەوێ کە وابکەی بیرکردنەوە یان بابەتی بیرکردنەوە ‹‹ڕوون یان نەبینراو- transparent or invisible›› بێ، دانانی بەردەوام بە ‹‹ئەوی دیکە›› لە ڕێی وەرگرتن(ئیستیعاب) ەوە دەشارێتەوە. لە بەرژەوەندیی ئەم جۆرە ئاگاداریانەدا، دریدا

بانگــەوازی ئــەوەی نەکــردووە کــە ‹‹ڕێ بــە ئــەوی دیکە(ئــەوانی دیکــە) بــدا، تــا لەبــارەی خۆیانــەوە قســە بکــەن››، بەڵکــو بانگگــردن ‹‹تانــە›› یــان ‹‹بانگــەواز›› ی بــۆ (ئــەوی دیکــە بــووە بــە تــەواوی) (ئــەو ئــەوی دیکــەی جیــاواز لەگــەڵ ئــەوی دیکەیــەک کــە لــە ڕووی خودیــەوە پاڵپشــتی دەکــرێ)، بــۆ ((ئــەوەی دەنگــی ناوەوەمــان کــە دەنگــی ئــەوی دیکەیــە تێمانــدا، بکەیــن بــە هەڵچــوون))[1]

دریــدا ئــەم ناوەندیــی بوونــەی زانســتی نووســینی ئەورووپــی لــە کۆتاییــەکانی ســەدەی حەڤدەیــەم و ســەرەتاکانی ســەدەی هەژدەیــەم بــە یەکێــک لــە نیشــانەکانی تەنگــژەی گشــتی هۆشــیاریی ئەورووپــی دادەنــێ. بــە دڵنیاییــەوە ئەمــە بەشــێکە لــە نمایشــێکی گەورەتــر، یــان ڕەنگــە خــودی تەنگژەکــە خــۆی بــێ کــە بریتییــە لــەو وەرچەرخانــە لەســەرخۆیەی دەرەبەگایــەتی بــۆ ســەرمایەداری، لــە ڕێــی شــەپۆلە ســەرەتاییەکانی ئیمپریالیزمــی ســەرمایەداری. وەک بــۆم دەرکەوتــووە، دەکــرێ بــەدوای شــوێنپێی دانپێدانانــدا بچیــن، لــە ڕێــی تێگەیشــتن لــە ئــەوی دیکــە، بــە شــێوەیەک کــە بایەخــی پــتری پــێ بــدرێ لــە بنیاتنــانی ئیمپریالیــی، هەمــان شــتیش بــۆ بابــەتی موســتەعمەر کــە تەنیــا تێــوەگلانی بــەردەوام نییــە لــە شــیکاریی دەروونی، یــان لــە ‹‹وێنــە››ی ژنــدا، ســەرەڕای ئــەم دوو شــتەی کــە هاتوونەتــە نــاوەوە، ناکــرێ لــە نــاو کــرداری هەڵوەشــاندنەوەدا لــە بەهایــان بێنینــە خــوارەوە. دریــدا نەچووەتــە نــاو ئــەم مەیدانــە (یــان ڕەنگــە نەیتوانیبــێ بچــێ).

(1) Jacques Derrida, “Of an Apocalyptic Tone Recently Apdated in Philosophy” trans. John p. Leavy, Jr, In Semia, p. 71

هـۆکارەکانی ئـەم نائامادەییـە دیاریکـراوە هەرچییـەک بـن، ئـەوەی مـن پێموایـە بـە کەڵکـە، بریتییـە لـە کارکـردنی بـەردەوام و گەشـەکردوو لەسـەر ‹‹میکانیکـی بنیاتنـانی ئـەوی دیکـە- mechanics of the constitution of the Other››، کارێـک کـە دەتوانیـن لـە تایبەتمەندییەکـی شـیکاری و چوونەنـاوەوە interventionist بەکاریبێنیـن کـە زۆر مەزنـترە لـە بانگەشـەکانی ‹‹ڕەسـەنایەتی ئـەوی دیکـە››. لـەم ئاسـتەدا ئـەوەی کە لـە فۆکۆوە بـە کەڵـک دەمێنێتەوە، بریتییـە لـە میکانیکـی بەرزەفتکـردن و بەدامەزراوەبـوون و بنیاتنـانی نشـینگە، هەمـان کار کـە پێشـتر هەبـوو. فۆکـۆ بـە هیـچ کۆپییـەک لـە کاتی زوو و درەنگـدا و لـە سـەرەتادا یـان لـە پـاش- ئیمپریالیـزم نابەسـترێتەوە. ئەمـە سـوودێکی زۆری بـۆ ئـەو ڕۆشـنبیرانە هەیـە کـە بایـەخ بـە تێکچـوونی ڕۆژئـاوا دەدەن. لەخشـتەبردن بـۆ ئـەوان، هاوشـێوەی ترسـە بـۆ ئێمـە، ئـەوان ڕێ بـە پیـلانی بابـەتی لێکۆڵینـەوە دەدەن (نێـر و مێـی پیشـەگەر) لـە خۆشـاردنەوە لـە ناو شـەفافیەتدا.

# ٤

ئایا ژێردەستە دەتوانێ قسە بکا؟ ئایا چی لەسەر دەستەبژێر پێویستە بۆ بەردەوامیدان بە چاودێریکردنی بنیاتنانی ژێردەستە؟ پێدەچێ پرسی ‹‹ئافرەت›› لەم چوارچێوەیەدا لە هەموویان کێشەدارتر بێ. ڕوونە ئەگەر هەژار، پێست ڕەش، مێینە بی، ئەوا تۆ لە سێ لایەنەوە لە نەهامەتی دەژییی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەم شێوازە لە چوارچێوەی جیهانی یەکەم بگوازرێتەوە بۆ چوارچێوەی پاش-ئیستیعماری (کە لەگەڵ چوارچێوەی جیهانی سێیەمدا ناگونجێ)، ئەوا وەسفی ‹‹ڕەشپێست›› یان ‹‹ڕەنگ›› ‹‹دەلالەتە قنیاتپێکەرەکە››ی لەدەستدەدا. بنیاتنانی پۆلێنی چینایەتی پێویست بۆ بابەتی ئیستیعماری، لە قۆناغی یەکەمی ئیمپریالیزمی سەرمایەداری، وادەکا ‹‹ڕەنگ›› بێ کەڵک بێ ‹‹وەک دالێکی ئازاد››. لەکاتی بەرەوڕووبوونەوەی ‹‹یەکبوونێکی شەڕانگێز بۆ چاکە››ی ڕادیکالیی زانستی-مرۆیی لە زۆرینەی شوێنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا (دانپێدانانە لەڕێی وەرگرتنەوە) و پاشەکشەی پلە بە پلەی نا هاوڕێکی بەکاربردنە لە پەراوێزدا بەو پێیەی وەکیلە، هەروەها دوورخستنەوەی پەراوێز تەنانەت لە جومگەی ناوەندیشدا (ژێردەستەی ڕاستەقینە و پەسند)، لە هاوتابوونی لەگەڵ هۆشیاریی چینایەتی لەباتی هۆشیاری نەژادی. لەم بوارەدا، وادەردەکەوێ کە ئەو هاوتابوونە مێژوویی و ڕێکخراو و کردارییە، لەلایەن

چەپەکان و ڕاستەکان وەک یەک قەدەغەکراوە. ئەمە تەنیا بریتی نییە لە پرسی ‹‹دووجار ڕاگوێزران- double displacement››، چونکە ئەمە تەنیا کێشەی دۆزینەوەی ڕەمزگەرایی و خوازە نییە بۆ شیکاریی دەروونی کە توانای ئەوەی هەبێ ئافرەتی جیهانی سێیەم لە ناو جیهانی یەکەمدا جێبکاتەوە.

ئەو ئاگادارکردنەوانەی کەمێک پێش ئێستا دەرمبڕین، تەنیا ئەو کاتە بە کەڵک دێن، ئەگەر هاتوو لەبارەی هۆشیاریی ئافرەتی ژێردەستە قسەمان کرد- یان بەشێوەیەک کە پتر جێی ڕەزامەندی بێ، لەبارەی بابەتەکە بدوێین. ناتوانم نکۆڵی لەوە بکەم کە هەواڵدان، یان کارێکی لەمە باشتر، بەشداریکردن لە کارێک کە ڕێگری لە لاگیریی ڕەگەزی بکا، لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی ڕەنگی دەموچاو، یان ئەو ژنانەی بەهۆی چینایەتییەوە لە هەردوو جیهانی یەکەم و جیهانی سێیەم دەچەوسێندرێنەوە، لە ئەجندای کارەکانی من دان. لەسەریشمانە پێشوازیی لە تەواوی دەنگدانەوەی ئەو زانیارییانە بکەین کە لەو ناوچە بێدەنگانەدا لە ئەنسرۆپۆلۆجیا و زانستی سیاسەت و مێژوو و کۆمەڵناسیدا ڕوودەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، بیردۆزەکردن و بنیاتنانی هۆشیاریی، یان بابەت ئەمجۆرە کارە دەپارێزێ و لە مەودایەکی درێژخایەندا لەگەڵ کاری بنیاتنانی ئیمپریالیزمدا یەکدەگرن و بە توندوتیژی مەعریفی لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و ژیار پێکهەڵدەپژێن و ژنی ژێردەستەش پتر لە هەر کاتێکی دیکە بێدەنگ دەمێنێتەوە.[1]

(١) تەنانەت لەم نموونە نایابانەی بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی و شیکاری لە شێوەی:

Gail Omvedt's We Will Smash This Prison Indian Women in Strug-

لـەم کێڵگـە بارگاوییـەدا، ئاسـان نییـە پرسـیار لەبارەی هۆشـیاریی

gle (London: Zed Press, 1980)

لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـە چەنـد ژنێـک لـە ماهاراشـترایان لـە بارێکـی پرۆلیتاریـی شارسـتانیدان. لـە وەڵامـی ژنـە سپیپێسـتە توندڕەوەکـە ‹‹کـە لـە ژیانیـدا چارەنـووسی زۆر هیندیـی نادیارکـردووە››، ئـەو نوێنـەری ‹‹ئافـرەتی هیندیـە›› یـان دەسـت بـۆ پـرسی ‹‹هۆشـیاریی مێینـە لـە هینـد›› دەبـا، ئـەو ئـازاری پێـدەگا کـە دەچێتـە نـاو پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی لـە جیهـانی یەکـەم کـە لـە زمـانی باڵادەسـتدا پەیوەندییـەکان بەربـڵاون بـۆ گێڕانـەوەی بەسـەرهاتە جێگـرەوەکان و بڕوانامـەی ئامـادە تەنانـەت بـۆ قوتابیانیـش.

تێبینـی نۆرمـا چیلچیـلا پێشـکەکارە لـە بازنـەی گفتوگـۆ لەبـارەی ‹‹ئافرەتـانی جیهـانی سـێیەم››:

کاری دژبـەر بەرانبـەر لاگیریـی ڕەگـەزی لـە هینـد دا، دژی لاگیـری ڕەگـەزی نییـە، بەڵکـو دژی دەرەبەگایەتییـە، ئەمـەش پرسـێکی دیکەیـە کـە ئـەم خاڵـە دەیوروژێنـێ. ئەمـەش ڕێگـە بـە دەرکەوتنـی پێناسـەکانی لاگیریـی ڕەگـەزی نـادا، تـا ئەوکاتـەی کۆمەڵگە شـێوازی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداری دەگرێتەبەر کـە وادەکا سـەرمایەداری و باوکسـالاری بـە شـێوەیەکی گونجـاو بـەردەوام بـن. هـەروەک بـاسی کێشـەی دڵەڕاوکـێ و پـرسی ڕۆڵـی ‹‹ڕێـگای بەرهەمهێنـانی ئاسـیایی›› دەکا بـۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی لێکدانـەوەی گێڕانـەوەی پێوانەیـی مێژوویـی لـە ڕێـی چیرۆکـەکانی شـێوازی بەرهەمهێنـان، ئەمـە هەرچەنـد ئاڵـۆز بـێ، ئـەوا جۆرێـک لـە مێـژوو لێکیدەداتـەوە.

ڕۆڵـی نامـۆی نـاوی ‹‹ئاسـیا›› لـەم ڕووەوە تەنیـا ناوەسـتێتە سـەر سـەلماندن، یـان ڕەتکردنـەوەی بوونێکـی بەرجەسـتەی شـێوازێکی بـەرکار (کێشـەکە لەنـاو وڵاتـە کۆمۆنیسـتەکان بـە چـڕی هەیـە)، بـەڵام هێشـتا بـۆ کارکـردن پێـی لـە لێهاتوویـی تیـۆری و گرنگییەکەیـدا، یەکلاکەرەوەیـە، بـۆ نموونـە:

Barry Hindess and Paul Hirt’s Pre- Capitalist Modes of Production (London: Routledge, 1975) and Fredric Jameson’s Political Unconscious.

ئافـرەتی ژێردەسـتە بکـەی، بۆیـە پێویسـتە ئـەوە وەبیـر تونـدڕەوی بێنینـەوە کـە ئـەم جـۆرە پرسـیارانە پرسـێکی نموونەیـی سـاختە نیـن.

---

بەتایبـەتی لەگـەڵ جیمسـۆن کـە ڕزگارکـردنی شـێوەی شـێوازی بەرهەمهێنـان لـە هـەر گومانێـک لـە گومانـەکانی حەتمیـەتی مێژوویـی دەکەوێتـە ئەسـتۆ. تیشـکدەخاتە سـەر تیـۆری بونیاتگـەری لـەم بابەتـە ‹‹ڕێـگای بەرهەمهێنـانی ئاسـیایی›› لـە ژێـر پـەردەی ‹‹چەوسـاندنەوەی ڕۆژهـەڵاتی›› کـە لـە کار بـەردەوام دەبـێ هاوتەریـب لەگـەڵ دروسـتکردنی دەوڵـەت، هـەروەک ڕۆڵێکـی گـەورە دەگێـڕێ لـە شـێوازی گێڕانـەوەی بەرهەمهێنـان کـە لای دۆڵـوز و گۆتـاری لـە کتێبـی دژە ئۆدیـپ- Anti-Oedipus گـۆڕاوە بـۆ جـەدەلی سـۆڤیەتی. لە ڕاسـتیدا، لـە مەودایەکـی دووردا لـە چوارچێـوەی ئـەم پـرۆژە تیۆرییـە هاوچەرخـەدا ئیکتیفـای بیروبـاوەڕ بـۆ شـێوازی بەرهەمهێنـانی ‹‹ئاسـیایی›› بـە زۆری جێـگای گومانـە لـە ڕێـی بەرهەمهێنـانی بەرهەمـی جیـاواز و نـاوی جیـاواز لـە شـێوازی دەرەبەگایـەتی و کۆیلایـەتی و کۆمەڵایـەتی بـۆ بەرهەمهێنـان. بـۆ زانیـاری پـتر بڕوانـە:

Stephen F. Dunn, The Fall and Rise of the Asiatic Mode of Production (London: Routledge, 1982)

گرنگـە لـە زۆرینـەی گفتوگۆکانمانـدا لەبـارەی گـۆڕان لـە دەرەبەگایەتییـەوە بـۆ سـەرمایەداریی، ئـەو داپڵۆسـینە بـە ‹‹سـاتی›› ئیمپریالیـزم ببەسـتینەوە کـە چەپـی ڕۆژئـاوا بـەردەوام ئەنجامـی دەدا. لێـرەدا کاری لەمـە گرنگـتر ئەوەیـە ئـەو تێبینییـەی چینچیـلا پێشکەشـیکردووە، نوێنەرایـەتی هەڕەمـی بـوونی بەرفـراوان دەکا لـە ڕەوتی فێمینیزمـی لـە جیهـانی سـێیەمدا (لـە بـاتی مارکسـیزمی ڕۆژئاوایـی) دەیخاتـە چوارچێـوەی بزووتنەوەیەکـی درێژخایـەن لـە چەمکـی ئیمپریالیـزم-ی خوازەیـی لـە خواسـتنی ‹‹ئاسـیا››دا.

دەبێ ئەمە زیادبکەم کە من تا هەنووکە ئەمەم نەخوێندووەتەوە:

Madhu Kishwar and Ruth Vanita, eds, In Search of Answers: Indian Women’s Voices from Manushi (London: Zed Books, 1984)

سەرەڕای ئەوەی لە توانادا نییە تەواوی پرۆژەکانی بە بچووک سەیرکردنی ئافرەت، یان ئەوانەی دژی لاگیریی ڕەگەزین، لەم پرۆژەیەدا بسڕینەوە، ئەوا پشتگوێخستنیشی ئاماژەیەکی سیاسی دانپێدانەنراوە و مێژوویەکی درێژی هەیە لەگەڵ توندئاژۆیی نێرینە، بۆ ئەوەی پێگەی ئەو کەسەی بەدواداچوون دەکا ڕوون بێ. لە هەوڵیشیدا تا ئافرەتی ژێردەستە فێری قسەکردن بکا (لەباتی ئەوەی گوێ بگرێ، یان لەبارەی شتێکەوە بدوێ) کە خۆی خاوەنی بابەتێکی بێدەنگە لە مێژوودا، ئەوا ڕۆشنبیری پاش-ئیستیعماری بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەسکەوتەکانی ئافرەت پشتگوێ دەخا. ئەم پشتگوێخستنە بەرنامە بۆ داڕێژراوە لەسەر فێربوونی ڕەخنەی گوتاری پاش-ئیستیعمار شکست بە باشترین ئامرازدێنێ کە لە توانایدایە ئامادەی بکا، نەک تەنیا بە گۆڕینی وێنەی ونبووی موستەعمەر. بەم پێیەش، ئەوا گومانکردن لە کپکردنی دەنگی ئافرەت تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی پرۆژەی بەرگریکردنیش بێ لە دژی ئیمپریالیزم لە لێکۆڵینەوە لە ژێردەستە، ئەوا بەو شێوەیە نییە کە ‹‹جۆناسان کولەر -Jonathan Culler›› پێشنیازی دەکا بۆ ((هێنانە ئارای جیاوازیی لەڕێی هاوڕانەبوون)) یان ((تانەدان... لە ناسنامەی ڕەگەزنامەیەکی دیاریکراو بەوەی ئەزموونێکی چییەتی و ئەو دەسکەوتانەیە کە پەیوەستن بەو ناسنامەیەوە.[1]

نموونەی کولەر بۆ پرۆژەی فێمینستی کردەنییە لە چوارچێوەی ئەوەی ‹‹ئیلیزابێس فۆکس جینوڤیز- -Elizabeth Fox-Geno

(1) Jonathan Culler, On Deconstruction: Theory and Criticism after Structuralism (Ithaca: Cornell University Press, 1982), P.48

vese›› بـەوە وەسـفیکردووە کـە ‹‹تێکۆشـانی شۆڕشـە بۆرژوازییـە دیموکراتییەکانـە لـە تاکێتـی کۆمەڵایـەتی و سیاسـەتی ژنانـەدا››[1] زۆرمـان ناچاربوویـن لـەو پـرۆژەی فێمینیـزم تێبگەیـن کـە ئێسـتا وەسـفی دەکا، کاتێـک ئێمـە هێشـتا هەسـتمان بـە پەشـۆکاوی دەکـرد، بـەو پێیـەی ئێمـە ئەکادیمیـی ئەمریکـی بوویـن.[2] بـە دڵنیاییـەوە ئەمـە قۆناغێکـی پێویسـت بـوو لـە پێکهاتنـی زانسـتیی تایبەتـدا: ‹‹پشتگوێخسـتن››، ئـەو بـاوەڕە پشـت ئەسـتوورتربوو بـەوەی پـرۆژەی فێمینیزمـی بـاوی ڕۆژئاوا بـەردەوام دەبێ و شـوێنی ململانێـی مـافی تاکێتـی نێـوان پیـاو و ژن دەگرێتـەوە لـە حاڵەتـەکانی بـزاوتی چینایەتـی هەڵکشـاودا. ڕەنگـە مـرۆڤ گومـان لـەوە بـکا کـە جـەدەلی نێـوان فێمینیزمـی ئەمریکـی و ‹‹تیـۆری›› ئەوروپـی، (بەشـێوەیەکی گشـتی ئافرەتـانی ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا، یـان بەریتانیـا تیۆرەکـە شـەرمەزار دەکـەن)، لایەنێکـی گرنـگ لـەم مەیدانـەدا داگیـردەکا. بـە شـێوەیەکی گشـتی مـن زۆر هاوسـۆزم لەگـەڵ ئـەوەی بانگەشـەی ئـەوە بکـەم کـە بزوتنـەوەی فێمینیزمـی ئەمریکایـی بکەمـە ‹‹تیـۆر››. لەگـەڵ ئەمەشـدا وادەردەکـەوێ، کێشـەی بابـەتی بێدەنگیـی ئافـرەتی ژێردەسـتە، سـەرەڕای ئـەوەی لـە

---

(1) Elizabeth Fox-Genovese, "Placing Woman's History in History" New Left Review, 133, (May June 1982), P.21.

(٢) تاڕادەیـەک هەوڵمـداوە لـە ڕێـی بەسـەرهاتە کەسـییەکان پـەرە بـەم بیرۆکەیـە بـدەم:

"Finding Feminist Reading Dante-Yeats" In Ira Konigsberg ed. American Criticism In the Poststructuralist Age (Ann Arbor University of Michigan Press, 1981).

ڕێـی لێکۆڵینـەوە لـە چییـەتی ڕەچەڵەکـە لەدەسـتچووەکان چارەسـەر نابـێ، هەروەهـا ناشـتوانرێ لـە ڕێـی بانگەشـەکردن بـۆ تیـۆری زیاتـر لـە دونیـای ئەنگلـۆ ئەمریکایـی، خزمەتبکـرێ.

زۆربـەی کات ئـەم بانگـەوازە نـاوی نـراوە ڕەخنـەی وەزعی(پۆزەتیڤیـزم) کـە لێـرەدا وەکـو هاوشـێوەی ‹‹چییـەتی بـوون›› لێـی دەڕوانـرێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا بابەتەکـە لای هیـگڵ نامـۆ نەبـوو کـە خـۆی بنیاتنـەری نوێـی ‹‹کاری نەرێنـی›› و وەرگـری بیرۆکـەی چییەتییـە. هەرچـی پەیوەندیـی بـە مارکسـەوە هەیـە، ئـەوا بەردەوامبـوونی چییـەتی نامـۆ لەنـاو دیالێکتیکـدا، کێشـەیەکی قـووڵ و بەڕمێـن بـوو. بـەم پێیـەش ‹‹دژبـوونی دووسـەرە- bina- ry opposition››ی خۆگـر لـە نێـوان وەزعـی و چییەتـی بوونـدا (هـەردوو پیتـی US لـە هـەردوو وشـەی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بخوێنـەوە) و لەنێـوان ‹‹تیـۆردا››، ڕەنگـە (دەرکەوتنـی فەرەنـسی یـان فەرەنسی-ئەڵـمانی لـە ڕێـی ئەنگلـۆ ئەمریکییـەوە) دژبوونێکـی نـاڕەسـەن بـێ. بـە چاوپۆشـین لـە سـڕینەوەی پیـلانی ئاڵـۆز لـە نێـوان چییـەتی بـوون و ڕەخنـەی وەزعیـدا (لای دریـدا لـە بـەشی ‹‹زانسـتی نووسـین بـەو پێیـەی زانسـتێکی وەزعییـە›› دانیپێدانـراوە)، ئـەوا ئـەم دژبوونـە لەوەشـدا هەڵـە دەکا کـە ئامـاژە بـەوە دەکا وەزعیبـوون تیـۆر نییـە. ئـەم هەنـگاوە ڕێگـەدەدا، ناوێکـی تایبـەتی گونجـاو دەربکـەوێ: تیۆریـی چییـەتی بـوونی وەزعـی. دووبـارەش هەڵوێسـتی پشـکنەر لـەم بارودۆخـەدا بـێ لێپێچینـەوە دەبـێ. ئەگـەر ئـەم جەدەلـە بگوازرێتـەوە جیهـانی سـێیەم، ئـەوا هیـچ گۆڕانکارییـەک لەبـارەی بابـەتی ڕێبازەکـە هەسـتی پێناکـرێ. ناکـرێ ئـەم گفتوگۆیـە لەبەرچاوبگیـرێ، بـەوەی لـە بارودۆخـی ژنـدا، بـەو

پێیـەی ژێردەسـتەیە، نابـێ هیـچ پێکهاتەیـەک کۆبکرێتـەوە، بـۆ پێکهێنـانی ڕێچکـەی بەدواداچـوونی بابـەتی دووڕەگەزنامەیـی، بـۆ دیاریکـردنی ئەگـەری قسـەکردن.

سـەرەڕای ئەمـەش مـن هێشـتا بەشـێوەیەکی گشـتی هاوسـۆزم لەگـەڵ پۆلێنکـردنی فێمینیـزم و ڕەخنـەی وەزعـی و ڕەواندنـەوەی لێڵییـە هەسـتپێکراوەکان. هەروەهـا مـن زۆر دوورم لـە ڕکبوونـەوە لـە فێربـوون لـە تیۆرسـینە ڕۆژئاواییـەکان، سـەرەڕای ئـەوەی مـن فێربـووم پێداگربـم لـە دەستنیشـانکردنی پێگەکانیـان، بـەو سیفەتەی بابـەتی لێتوێژینـەوەن. بـە ڕوانیـن لـەم بارودۆخانەشـدا و لەبەرئـەوەی مـن ڕەخنەگرێکـی ئەدەبیـم، لـە ڕووی تەکتیکییـەوە بـەرەوڕووی گرفتێکـی مـەزن بوومـە لەبـارەی هۆشـیاریی ئافـرەت، لەبەرئـەوەی ژێردەسـتەیە. داهێنـانی کێشـەکەم لـە ڕسـتەیەکدا ئامادەکـرد و گۆڕیـم بـۆ بابەتێـک کـە ئاماژەیەکـی سـیمۆلۆجی سـادەی هەیـە. ئـەم ڕستەیە چ واتایەکـی هەیـە؟ پێوانـەش لێـرەدا لەنێـوان قوربانیـدانی ئایدۆلۆجیـی فرۆیـد و پێگـەی ڕۆشـنبیری پـاش-ئیسـتیعمارییە، بـەو پێیـەی بابـەتی لێکۆڵینەوەیـە.

وەک ئـەوەی ‹‹سـارا کۆفـمان- Sarah Kofman›› ڕوونیکردووەتـەوە، ئـەو لێڵییـە قووڵـەی بەکارهێنـانی ژن لای فرۆیـد وەک کڵاوسـووری بـەر لەشـکر، بریتییـە لـە کاردانـەوەی لەسـەر ئارەزوویەکـی بەرایـی و بـەردەوام، تـا دەنگێـک بـە هیسـتریا بـدا، تـا ئافـرەت بکاتـە بابەتێکـی هیسـتیری.[1] ئـەو پێکهاتـە ئایدۆلۆجییـە

(1) Sarah Kofman, L enigma de la femme dans les textes de Freud (Pans Galilee,1980)

نێرینەییـە ئیمپریالیـەی کـە ئـارەزووی لـە ‹‹لەخشـتەبردنی کـچ›› هەیـە، بەشـێکە لـە هەمـان ئـەو پێکهاتەیـەی ‹‹ئافـرەتی جیهـانی سـێیەم››ی یەکانگیـری پێکهێنـاوە. بـەو پێیـەی مـن ڕۆشـنبیرێکی پاش-کۆلۆنیالیزمـم، ئـەوا منیـش بـەو پێکهاتەیـە کاریگـەرم. بەشـێک لـە پـرۆژەی ‹‹پشتگوێخسـتن››ی تایبـەت بـە ئێمـە بریتییـە لـە شـیکار و ناسـاندنی ئـەو پێکهاتـە ئایدۆلۆجییـە لـە ڕێـی پێوانـەی بـێ دەنگـی لـە بابـەتی لێپێچینـەوەدا، ئەگـەر پێویسـتیکرد. بەمشـێوەیە، کاتێـک پرسـیارێکی لەمشـێوەیە ئاراسـتە دەکـرێ، ئایـا ژێردەسـتە دەتوانـێ قسـە بـکا؟ ئایـا (ئافـرەت)ی ژێردەسـتە دەتوانـێ قسـەبکا؟ ئـەوا هەوڵـی ئێمـە بـۆ پێـدانی دەنگێـک بـە ژێردەسـتە، بـۆ مێـژوو، دوو هێنـدەی جـاران بـەڕووی ئـەو مەترسـییانەی گوتـاری فرۆیـد بەڕێوەیـان دەبـا، کـراوە دەبـێ. وەکـو بەرەنجامێکـی کۆمەڵێـک دەربڕینـی لەمجـۆرە، مـن ئـەم ڕسـتەیەم داڕشـتووە: (( ‹‹پیـاوە سپیپێسـتەکان ژنـە ئەسـمەرەکان لـە دەسـتی پیـاوە ئەسـمەرەکان قورتـار دەکـەن›› بەهەمـان ئـەو ڕۆحـەی کـە جیاوازییەکـی نییـە لەگـەڵ بەدواداچوونـەکانی فرۆیـد لـە ڕسـتەی: منـداڵ لێیـدەدرێ))[1]

لێـرەدا ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە فرۆیـد پێوەرێکـی ئایزۆمۆرفیک(هاوشـێوە)ی لەنێـوان پێکهاتـەی بابەت و خووڕەوشـتی گروپـە کۆمەڵایەتییـەکان بەکاردێنـێ، بەڵکـو مومارەسـەیەکی دووبارەیـە، بـە زۆری لەگەڵیـدا ئاماژەیـەک بـە ‹‹ڕایـخ›› دەکا لـە

(1) Sigmund Freud, A Child Is Being Beaten A Contribution to the Study of Origin of Sexual Perversions, The Standard Edition of the Complete Psychological Works of Sigmund Freud, trans. James Strachey et al. (London: Hogarth Press, 1995), vol.17

گفتوگـۆی نێـوان دۆڵـوز و فۆکـۆدا. مـن واینابینـم کـە ‹‹پیـاوە سپیپێسـتەکان ژنـە ئەسـمەرەکان لـە دەسـتی پیـاوە ئەسـمەرەکان ڕزگار دەکـەن›› ڕسـتەیەک بـێ، ئامـاژە بـە خەیاڵـی بـە کۆمـەڵ بـۆ ڕێچکـەی بـە کۆمەڵـی داپڵۆسـینی سـادی مـازۆشی بـکا، لـە دامـەزراوەی ئیمپریالیزمـی بەکۆمەڵـدا. لێـرەدا هاوئاهەنگییەکـی قایلکـەر لـەم هێـما خوازەییـەدا هەیـە، بـەڵام مـن وای بـە باشـتر دەزانـم بانگهێشـتی خوێنـەر بکـەم، تـا لـە ‹‹شـیکاریی دەروونیـی ترسـناک››دا بـە ئاریشـەی بزانـێ، لەبـاتی ئـەوەی پێیوابـێ چارەسـەرێکی یەکلاکەرەوەیـە.[1] بەهەمـان ئـەو شـێوەیەی کـە فرۆیـد لـە وتـاری ‹‹منداڵێـک لێیـدەدرێ›› و لـە بابـەتی دیکەشـدا ئافـرەتی کردووەتـە کڵاوسـووری بـەر لەشـکر، تـا بەرژەوەندییـە سیاسـییەکانی دەربخـا، ئـەوا پێداگـری منیـش لەسـەر بەرهەمهێنـانی بابـەتی ئیمپریالیـزم وەکـو بۆنەیـەک بـۆ ئـەم ڕسـتەیە، سیاسـەتی تایبەتیـی منیـش دەردەخـا.

سـەرەڕای ئەمـەش، هەوڵـدەدەم خەرمانـەی پرۆگرامـی گشـتیی سـتراتیژیەتی فرۆیـد وەربگـرم کـە بـۆ ئـەو ڕسـتەیە بەکاریهێنـاوە کـە لـە نێـوان چەندیـن گێڕانـەوەی بابەتیـی هاوشـێوەدا پێکیهێنـاوە و دەیدایـە نەخۆشـەکانی. ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە کـە مـن حاڵـەتی وەرچەخـان لـە شـیکاری نموونەیـەک لـە مامەڵـەی نێـوان خوێنـەر و دەقـدا پێشـکەش دەکـەم. پێوانـەی نێـوان وەرچەرخـان و ڕەخنـەی ئـەدەبی و مێـژوو، تەنیـا بریتییـە لـە خواسـتنێکی ‹‹درکاوی بەرهەمهێـن››. ئـەو گوتەیـەی دەڵـێ ‹‹بابەتێـک دەقێکـە››، ناکـرێ پێچەوانـە بکرێتـەوە و بگوتـرێ: دەقـی زارەکـی بابەتـە.

---

(1) Freud, “Wild Psycho-analysis” Standard Edition, vol, 11.

مــن کەمێــک ســەرم لــەوە ســوڕماوە، چــۆن فرۆیــد پشــتی بــە مێــژووی داپڵۆســین بەســتووە، تــا ئــەم ڕســتەیەی لــێ دروســت بــکا. ئەمــە مێژووێکــە بنەچەیەکــی دووســەرەی هەیــە، یەکێکیــان لــە لەدەســتدانی یادگــە دایــە کــە لەلایــەن شــیرەخۆرەوە شــاردراوەتەوە و ئــەوەی دیکەشــیان لــە ڕابــردووی دووری ئێمــەدا جێگیــر بــووە، بــە وادانانێکــی ناواخنــی، فەزایــەک هەیــە بــەر لــە ڕەســەنەکە کــە تێیــدا هێشــتا جیــاوازی نەکــراوە لــە نێــوان مــرۆڤ و ئاژەڵــدا.(1) ئێمــە ناچاریــن هاوشــێوەیەک بــۆ ئــەم ســتراتیژەی فرۆیــد بێنینــە گــۆڕێ، لەبــارەی ئایدۆلۆجیــای مارکســی بۆ شــیکاری دابەشــکردنی ئایدۆلۆجیی ئابووریــی سیاســیی ئیمپریــاڵی و ڕوونکردنــەوەی مێــژووی داپڵۆســین کــە ڕســتەیەکی هاوشــێوەی ئــەوەی مــن دامڕشــتووە بەرهەمدێنــێ. هەروەهــا ئــەم مێــژووەش ڕەچەڵەکێکــی دووســەرەی هەیــە، یەکێــکان لــە پشــت ئــەو مانۆڕانــە شــاردراوەتەوە کــە بەریتانییــەکان لــە ســاڵی ١٨٢٩ لــە ڕەتکردنــەوەی قوربانیــدانی بێــوەژن کردیــان،(2) ئــەوەی دیکەشــیان لــە ڕابــردووی کلاســیکی و ڤیــدا پێشــکەشی هینــدی هیندۆســەکان کــراوە، بــەوەی هەرچــوار ڤیــدای هینــدۆسی و دەقــی دراماســســترای ئایینــی RG-Veda و Dharmasastra

---

(1) Freud, A Child Is Being Beaten, P 188.

(٢) بـۆ دەسـتکەوتنی وەسـفێکی جـوانی چۆنیـەتی پێکهێنـانی ‹‹حەقیقـەت››ی قوربانیـدانی بێـوەژن لەمـاوەی ئیسـتیعماردا، بڕوانـە:

Lata Mani, “The Debate on Sati in Colonial India” in Recasting Women: Essays in Colonial History (Delhi: Kali for Women, 1989), pp. 88-126

لە سەرەتای ئەم پرۆژەیەدا کەڵکم لە گفتوگۆ لەگەڵ خاتوو مانی وەرگرت.

نـووسراون. گومـانی تێـدا نییـە مەودایەکـی سـەرەتایی جیانەکـراوەی دیکـە هەیـە، پشـتگیری لـەم مێـژووە دەکا. ئـەو ڕسـتەیەی کـە دامرشـتووە، ڕسـتەیەکە لـە نێـوان چەندیـن حاڵـەتی ڕاگوێـزان کـە وەسـفی پەیوەندیـی نێـوان پیـاوی ئەسـمەر و سـپی (هەندێـک جـار وشـەی ئافـرەتی ئەسـمەر و سپی بەکارهێـنراون) دەکا. ئەمـەش شـوێنی خـۆی لەنێـوان هەندێـک ڕسـتەدا ‹‹کـە سەرسـامبوون پێیـان زیادەڕۆیـی تێداکـراوە›› دەکاتـەوە، یـان ئـەو تاوانـە بێگـەردەی دریـدا باسـیکردووە کـە پەیوەنـدی بـە ‹‹لاگیریـی هیرۆگلیفییـەوە›› هەیـە، چونکـە لایـەنی کـەم پەیوەندیـی نێـوان ئیمپریـال و بابـەتی ئیمپریالیـزم ئاڵـۆزە.

بێـوەژنی هینـدۆسی دەچێتـە سـەر ئـەو ئاگردانـەی مێـردە مردووەکـەی تێـدا دەسـووتێنن و بـە زیندوویـی خـۆی فڕێدەداتـە نـاوی، ئەمەیـە قوربانیدانەکـەی. (لـە دەقـە تەقلیدییـە ئاشـناکاندا، سـاتی Sati ئـەو وشـە سانسـکریتیەیە کـە بـۆ بێـوەژن بەکارهاتـووە، کەچـی لە دەقـە بەراییـە بەریتانییەکاندا سـوتی Suttee بەکارهاتووە). جێبەجێکـردنی ئـەم سروتـە نـە گەردوونییـە و نـە چینایەتیشـە و لـە ڕووی چینایەتیشـەوە جێگیـر نییـە. ڕەتکردنـەوەی ئـەو سروتـە لەلایـەن بەریتانییەکانـەوە، بەشـێوەیەکی گشـتی وا لێکدرایـەوە کـە حاڵەتێکـە تێیـدا ‹‹پیـاوە سپیپێسـتەکان ژنـە ئەسـمەرەکان لـە دەسـت پیـاوە ئەسـمەرەکان قورتـار دەکـەن››. ئافـرەتی سپیپێسـت لـە سـەردەمی تۆمـاری مـۆزدەدەرە بەریتانییـەکان لـە سـەدەی نۆزدەمیـن تـا سـەردەمی مـاری دالی Mary Da تێگەیشـتنێکی جێگرەوەیـان بـۆ ئەمـە بەرهـەم نەهێنـا. لـە بەرانبـەر ئەمـەدا، ئەرگۆمێنتـی نیشـتمانیی هینـدی بریتییـە لـە گێڕانەوەیەکـی

گاڵتەئامێـز لـە نۆسـتالۆژیا بـۆ ڕەچەڵەکـە بـزرەکان: ‹‹بەڕاسـتی ژنـەکان مەرگیـان ویسـت››.

هــەردوو ڕسـتەکە ماوەیەکـی زۆریـان بـڕی، تـا یەکێـکان شـەرعیەت لـەوەی دیکـە بسـتێنێ. بـە هیـچ شـێوەیەک، مـرۆڤ بەسـەر ئـەوەدا هەڵنەبـووە کـە ئافرەتـان بـە دەنگـی خۆیـان شـایەتی لـە سـەر هۆشـیارییان بدەن. ئـەم جـۆرە شـایەتیانە نـە ئایدۆلۆجیای بـەرز دەبـن و نـە ‹‹بەتەواوەتیـش›› خـودی، بـەڵام بـۆ هێنانەئـارای ڕسـتەیەکی دژ، دەیتـوانی توخمـی پێویسـت دەسـتەبەربکا. ئەمـە لـە کاتێکـدا نـاوی بێوەژنـە قوربـانی دەرەکان بـە هەڵـە دەنـووسران، یـان لێڵـی لـە نووسـینیاندا هەبـووە کـە لـە ڕاپـۆرتی پۆلیـس لـە تۆمـاری کۆمپانیـای هینـدی ڕۆژهـەڵاتی تۆمـار دەکـران، ئەمـەش وای لێدەکـردن هیـچ ‹‹دەنگ››یـان نەبـێ. ئـەوەی کـە وا دەکا مـرۆڤ زۆر هەسـت بەمـە بـکا، بریتییـە لـەو نـا هاوئاهەنگییـە گەورەیـەی ئـەم جـۆرە گێڕانـەوە هەیکـەلی و دواکەوتووانـە دەبڕێ (وەسـفکردنی چینـەکان بـە ڕیـز، بـۆ نموونـە بـە نـاوی هـۆزەکان). لـە چوارچێـوەی بەرەوڕووبوونـەوەی جـەدەلی تێکئـاڵانی ئـەم دوو ڕسـتەیە کـە دەکرێ وا بنیاتبـنرێ کـە ‹‹پیـاوانی سپیپێسـت ژنـانی ئەسـمەر لەدەسـت پیـاوی ئەسـمەر ڕزگار دەکـەن›› و ‹‹ژنـان دەیانـەوێ بمـرن››، ئافـرەتی ڕۆشـنبیری پاش-ئیسـتیعماری پرسـیارێک دەکا کـە هەڵگـری ئامـاژەی سـیمیایی سادەیە، ئەمـە مانـای چییـە؟ دواتـر دەسـت بـە چنینـی مێژوویـک دەکا.

بـۆ دەستنیشـانکردنی ئـەو سـاتەی کـە تێیـدا هـەر تەنیـا کۆمەڵگـەی مـەدەنی لەدایکنابـێ، بەڵکـو کۆمەڵگەیەکـی چاکەکاریش لـە منداڵـدانی ئـەو پێکهەڵپژانـە ناوخۆییـە دێتەئـارا، بـەزۆری

ڕووداوە تاکەکەسییەکان ڕەپێش دەکرێن کە تێیاندا پەیامی یاسا دەشکێنرێ، بۆ چاندنی ڕۆحی یاساکە. زۆربەی کات لەم جۆرە ڕووداوانەدا، ژنان لەلایەن پیاوانەوە دەپارێزرێن. ئەگەر ئەوە لەبیرنەکەین کە بەریتانییەکان شانازی بە ویژدانی ڕەهای خۆیان دەکەن، بەوەی دەستکاری نەریت و یاسای بنەڕەتییان نەکردووە، ئەوا دەتوانین بانگەشەی ئەم دەستدرێژییە لە پەیامێک لە پێناو خۆشەویستی لە تێبینیەکەی جەی ئێم دیریت J. M. Derrett's دا بخوێنینەوە: ‹‹لە سەرەتای دەرچوونی یاساکەدا، یاساکە بەسەر هیندۆسێکدا جێبەجێکرا، بەبێ ئەوەی یەک هیندۆسی پشتگیری بکا››، لێرەدا یاساکە ناوی لێنەنراوە. ڕستەی دووەمیش کە ناوهێنانی جێبەجێکردنەکەیە، ئەویش جێی بایەخە بەهەمان ئەو ئاستەی کە مرۆڤ تەماشای شوێنەوارەکانی کۆمەڵگایەکی موستەعمەری ‹‹چاک›› دەکا دوای کۆتاییهاتنی ئیستیعمار: ((گەڕانەوەی ساتی لە هیندی سەربەخۆ، ڕەنگە بوژاندنەوەی تاریکییەک بێ کە ناکرێ تەمەنی زۆر درێژ بێ، هەتا ئەگەر لە بەشێکی دواکەوتووی وڵاتیش بێ))[1]

ئەگەر ئەم تێبینییە دروست بێ یان نا، ئەوا ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە، پاراستنی ژن، (بەتایبەتی ئافرەتی جیهانی سێیەم لە حاڵی ئێستادا)، دەبێتە ئاماژەیەک لەسەر بنیاتنانی

---

(1) J. D. Derrett, Hindu Law Past and Present, (Calcutta: A Mukherjee and Co.1957), P46

لەبەرئەوەی گێڕانەوەی ئەو کێشمەکێشمەیە کە بەر لە داڕشتنی یاسای هیندۆسی ڕوویداوە و خودی یاساکەش وەک بڕیاری لەبارەوە دراوە و هەندێک تێبینیش لەبارەیەوە نووسراوە.

کۆمەڵگەیەکـی چـاک و لـەم سـاتە بەراییانـەدا دەبـێ بـە تەنیـا شـەرعی بـوون، یـان ویـژدانی سیاسـەتی یاسـایی تێبپەڕێنرێـن. لـەم حاڵەتـەدا بـە تایبـەتی کارەکـە ڕێـی بـە دووبـارە پێناسـەکردنەوەش داوە، بـەو پێیـەی ئـەوەی کـە لێبـوراوە یـان زانیویـەتی یـان وایداناوە سروتێکـە، ئەمـە هەمـووی بەتـاوان دادەنـرێ. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئـەو بەنـدە لـە یاسـای هینـدۆسی سـنووری نێـوان گشـتی و تایبـەتی نەهێشـتووەتەوە.

سـەرەڕای ئـەوەی گێڕانـەوە مێژووییەکـەی فۆکـۆ تەنیـا بـاسی ئەوروپـای ڕۆژئـاوا دەکا و وایدەبینـێ کـە لێبـوردن لـە تاوانبـاری پێشـوو، پێشـکەوتنێکە لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی هـەژدەدا لە زانسـتی تاوانـنـاسی ڕوویـداوە (PK ,41)، چونکـە وەسـفە تیۆرییەکـەی بـۆ ‹‹مەعریفـە›› زۆر پەیوەندیـدارە: ((مەعریفیبـوون ئـەو ‹‹ئامێرەیـە›› کـە وا دەکا لێکجودابوونـەوە کـردەنی بـێ، جودابوونـەوەی ڕاسـتی و هەڵـە نـا، بەڵکـو جوداکردنـەوەی ئـەوەی کـە ناتوانیـن بەشـێوەیەکی زانسـتی وەسـفی بکەیـن)) (PK ,197) سروت پێچەوانـەی تاوانـە، یەکەمیـان خوڕافـە لـە پشـتیەتی، هەرچـی ئـەوەی دیکەیـە بـە زانسـتە یاسـاییەکان پشتئەسـتوورە.

بـازدانی سـووتی suttee لـە بـواری تایبەتـەوە بـۆ گشـتی، پەیوەندییەکـی ڕوون و ئاڵـۆزی بـە گۆڕانکاریـی ئامادەیـی بەریتانیـاوە هەیـە لـە بەکرێگرتـن و بازرگانیـی هەرێمـی و کارگێڕی، دەشـکرێ لـە پەیـام گۆڕینـەوەی نێـوان بنکـەکانی پۆلیـس و دادگا ئاسـایی و بـەرزەکان و دادگای بەڕێوەبـەرەکان و دادگای پاراسـتنی شـازادە و ئەوانـەی لەمانـە دەچـن، لێیانبکۆڵینـەوە. (ئـەوەی جێـی بایەخپێدانـە ئەوەیـە، تێبینـی ئـەوە بکەیـن کـە لـە تێڕوانینـی

‹‹بابەتی ئیستیعماری›› ڕەسەن) کە خۆی لە گۆڕانی دەرەبەگایەتی-سەرمایەداریدا پەیدابووە، ئەوا وشەی ساتی sati دالێکی بارگاوی بووی کۆمەڵایەتی پێچەوانەیە: ((ئەو گروپانەی بەهۆی بەرکەوتنی کاریگەرییەکانی ڕۆژئاوا کەوتوونەتە پەراوێزەوە... و خراونەتە ژێر فشار، تا بۆ ئەوانی دیکە و بۆ خۆشیان پاکیی دروشمەکانیان و لاگیرییان بۆ کەلتورە تەقلیدییە بەرزەکە بسەلمێنن. لای زۆربەیان وشەی ساتی بەڵگەیەکی گرنگ بوو لەسەر گونجانیان لەگەڵ پێوانە کۆنەکاندا، ئەمە لەکاتێکدا ئەو پێوەرانە لەناوەوە داڕوخاون)).(١)

ئەگەر ئەمە ڕەسەنایەتییە مێژووییە بەراییەکەی ڕستەکەی من بێ، ئەوا ڕوونە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ونبووە، بەو پێیەی کردارێک و چیرۆکێک بووە بۆ فراوانبوونی سەرمایەداری و ئازادبوونێکی لەسەرەخۆی دەسەڵاتی کارە کە وەکو کاڵایەک وایە، ئەمە گێڕانەوەی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەیە لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری لەڕێی بەکرێگرتنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێوانەییبوونە ناجێگیرەکەی ئەم گێڕانەوەیە، بە شێوەیەکی ئاشنا لەلایەن جێگرەوەی کاتیی چەسپاوی شێوازی بەرهەمهێنانی ‹‹ئاسایی›› پشتەوانی لێدەکرێ و هەموو کات ئامادەیە بیپارێزێ، کاتێک ڕووندەبێتەوە کە چیرۆکی لۆجیکی سەرمایە، چیرۆکێکی ڕۆژئاواییە و ئەوە ئیمپریالیزمە

(1) Ashis Nandy, "Sati: A Nineteenth Century Tale of Women, Violence an Protest", RammohunRoy and the Process of Modernization in India, ed. V. C. Joshi (Delhi: Vikas Publishing House, 1975) p. 68

هەبـوونی شـێوازی بەرهەمهێنـان بنیاتدەنـێ و بەخـۆشی بـێ یـان بـە ناخـۆشی لـەم ڕۆژگارەدا ژێردەسـتە پشـتگوێ دەخرێـن، ئەمانـە هەمـووی پـرۆژەی ئیمپریالیزمـن. بەمشـێوەیە ڕسـتەکەی مـن لەنێـو ئـەو گوتارانـەدا ون دەبـێ کـە بەهێزتـرن. بـە ڕوانیـن لـەوەی کـە ڕەتکردنـەوەی سـاتی sati بۆخـۆی کارێکـی سـەرنجڕاکێش بـوو، ئایـا هێشـتا ئەگـەری ئـەوە مـاوە پرسـیار بکەیـن، داخـۆ بنەچـەی ئـەو ڕستەیەی تایبەتـە بـە مـن ‹‹بـواری دەسـتکاریکردن››ی تێـدا هەیـە؟

وێنـەی ئیمپریالیـزم بـەوە دەناسرێتـەوە کـە دامەزراوەیەکـە بـۆ کۆمەڵگەیەکـی چاکـەکار، بـەوەی ژنی سەرخسـتووە و وایکـردووە شـتێک خـۆی لـە ڕەگـەزی خـۆی بپارێـزێ. ئایا چـۆن دەکـرێ مـرۆڤ دووڕوویـی سـتراتیژیی باوکسـالاری بپشـکنێ و ئـەوەش (بسـڕێتەوە) کـە ڕوونـە، ئازادیـی هەڵبـژاردن بـەو پێیـەی کـە بابەتێکـە، دەیـدا بـە ئافـرەت؟ بـە دەربڕینێکـی دیکـە مرۆڤ چـۆن لـە ‹‹بەریتانیـا››وە دەبێتـە ‹‹هینـدۆسی››؟ تەنیـا هەوڵدانیـش بـۆ ئەمـە، ئـەوە دەردەخـا کـە ئیمپریالیـزم لەگـەڵ لادانی ڕەنـگ یـان تەنانەت لەگەڵ لاگیریشـدا نییـە کـە بـۆ ئـەو خەڵکانـە بکـرێ کە پێسـتیان سـپی نییـە. تـا مامەڵە لەگـەڵ ئـەو پرسـیارە بکەیـن، بەکـورتی بـاسی کتێبـی دارماسسـترا Dharmasastra (کتێبـە پیـرۆزە بەردەوامەکـە) و چـوار کتێبـی ڤیـدای هینـدۆسی Rg-Veda (ڕێزگرتـن لـە مەعریفـە) دەکـەم. ئـەو نوێنەرایـەتی بنەچـە کۆنەکـەی ئـەو پرسـەی لای فرۆید هەبـوو، دەکا. بێگومـان، چارەسـەرەکەی مـن زۆر بەرفـراوان نییـە. خوێندنەوەکـەی مـن زیاتـر هـی بایەخپێدەرێکـە نـەک هـی پسـپۆڕێک، هـی ژنێکـی پاش-ئیسـتیعمارە کـە لـە منداڵـدانی داهێنـەری داپڵۆسـین و گێڕانەوە دژە بنیاتگەریـی هۆشـیاری ژن و هەبـوونی ئافـرەت لەدایکبـووە. لـە

هەمانکاتدا ئەوە پارادۆکسە کە دەبینین پێگەی ئافرەت وەکو دالێک لە تۆماری تاکی کۆمەڵایەتیدا ناجێگیرە.

ئەو دوو ساتەی لە دارماسسترا بایەخیان پێدراوە بریتین لە: گوتار لەبارەی حاڵەتە ڕێپێدراوەکانی خۆکوشتن، لەگەڵ سروشتی سروتی مردووەکان.[1] لەم دوو گوتارەدا وادەردەکەوێ کە قوربانیدانی بێوەژن بە گیانی خۆی مومارەسەیەکە دوورە لە بنەماکەی. بنەما نووسراوە گشتییەکە بریتییە لەوەی خۆکوشتن کارێکی قبوڵنەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بوار بۆ شێوەیەکی دیاریکراوی خۆکوشتن دەڕەخسێنرێ، بەو پێیەی نواندنێکی ڕووکارییە، چونکە ناسنامە دیاردەناسییە ئیستیسناییەکەی خۆکوشتن وندەکا. دەستەی یەکەم لە حاڵەتی خۆکوشتنی ڕێپێدراو لە ‹‹tatvajnana››، یان ناسینی حەقیقەت، گەشەدەکا. لێرەدا عارف بابەتەکە وەردەگرێ و تێدەگا لە جەوهەر یان لە دیاردەکە کەموکورتی هەیە (ڕەنگیشە هاوواتای نائامادەیی دیاردە بێ) لە ناسنامەکەی. لە زەمەنێکی دیاریکراودا، لێکدانەوەی tat tva وەک ‹‹ئەوەی تۆ بی›› هاتەناوەوە، بەڵام بەبێ ئەمەش tatva بریتییە لە ئەمە یان جەوهەرthatness or quiddity . بەمپێیەش ئەو خودە ڕۆشنگەرە بەڕاستی ‹‹ماهیەتی›› جەوهەرەکەی دەزانێ. خستنەڕووی ئەو ناسنامەیە لای ئەو بۆ

---

(١) ئەم گێڕانەوەیە بە بەرفراوانی پشت دەبەستێ بە: (لەمەو بەدوا بە HD ئاماژەی پێدەکرێ لەگەڵ ناوهێنانی ژمارەی بەرگ و بەش و ژمارەی لاپەڕە).

Pandurang Vaman kane, History of the Dharmasastra (Poona: Bhandarkar Oreiental Research Instutute, 1963)

atmaghata (کوشــتنی خــود) نییــە. پارادۆکــسی زانینــی ســنووری مەعریفــە، بریتییــە لــە پێداگریــە بەهێزەکــەی بــۆ نوێنەرایەتیکــردن، ناشــکرێ بــۆ خــۆی ببــێ بــە نموونــە. ئــەوەی جێــی ســەرنجە ئەوەیــە کــە قوربانیــدانی خــودی بــۆ خوداوەنــد، ئایکۆلۆجیــای سروشــتی بڕیاریلێــدەدا، ئەمــەش بــۆ کاری ئابــووری سروشــت و گــەردوون بــە کەڵکــە، لەبــاتی مەعریفــەی خــودی. لــەو قۆناغــەی کــە خوداوەنــد لەبــاتی مــرۆڤ تێیــدا نیشــتەجێ دەبــن کــە بەشــێوەیەکی لۆجیکــی قۆناغێکــە پێــش ئــەو زنجیــرە تایبەتــەی لاگیــری دەکــەوێ، لــەم قۆناغــەدا وادەردەکــەوێ کــە خۆکوشــتن و قوربانیــدان (atmaghata و atmadana) وەکــو پاداشــتێکی «نــاوەوە» (مەعریفــەی خــود) و (ژینگەنــاسی) کەمێــک تایبــەت دەردەکــەون.

لــەم فــەزا فەلســەفییەدا، ئافــرەت خودێتــی بوونــە قوربــانی وەرناگــرێ. بــۆ ئەمــە ئێمــە چــاو لــەو پانتاییــە دەکەیــن کــە تێیــدا ڕێ بــە حاڵەتــەکانی خۆکوشــتن دراوە، کــە ناکــرێ نــاوی بــنرێ ناســینی حەقیقــەت بــەوەی کــە تێیدایــە. هەرچۆنێــک بــێ ئیســپاتکردنەکەی ئاســانە و ســەر بــە ناوچــەی سروتی sruti یــە (ئــەوەی بیســتراوە) نــەک ســمیرتی smirti (ئــەوەی نــاوی دەهێــنرێ). ئــەم بەدەربوونــە لــە بنەمــا گشــتییەکە لەبــارەی خۆکوشــتن، دیــاردەی ناســنامەی قوربانیــدانی خــودی پوچەڵدەکاتــەوە، ئەگــەر لــە شــوێنێکی دیاریکراو لەبــاتی حاڵەتێکــی دیاریکــراوی ڕۆشــنگەر ئەنجامــدرا. بەمشــێوەیە لــە ڕێگەپێــدانی ناوەوە(باتینــی) (ناســینی حەقیقــەت) بــەرەو مۆڵــەتی زەمینــی (شــوێنی حــەج) دەڕۆیــن. دەکــرێ ئافــرەت ئــەم جــۆرە (خۆنەکوشــتنە) خۆکوشــتنە ئەنجامبــدا.[1]

(1) Upendra Thakur, The History of Suicide In India, An Introduc-

تەنانـەت ئەمـەش نابێتـە شـوێنێکی گونجـاو، تا ژن ناوی دروسـتی خۆکوشـتن، لـە ڕێـی خاپوورکـردنی خودێکـی سـاغ، بسـڕێتەوە. ئـەوە تەنیـا ئـەوە ڕێگـەی پێـدراوە کـە لـە سـەر ئاگـردانی پیـاوە مردووەکـەی قوربـانی بـدا. (لـە چاخـە کۆنـەکانی هیندۆسـیدا ئـەو نموونانـە کەمـن کـە بـاس لـە خۆکردنـە قوربانیـی پیـاوان دەکـەن لەسـەر ئاگـردانی ئـەوانی دیکـە، چونکـە بەڵگـەن بـۆ گەرموگـوڕی و وەفـا بـۆ گـەورە یـان سـەرکەوتوو کـە بنیـاتی باڵادەسـتیی لەنـاو ئـەو گروپـە دەخاتـەڕوو). دەکـرێ ئـەم خۆکوشـتنە- کـە خۆکوشـتن نییـە- وا بخوێنینـەوە کـە بریتیـە لـە ناسـینی حەقیقـەت و ملکەچیـی شـوێن. ئەگـەر هاتـوو یەکەمیـان بـوو، ئـەوا دەردەکـەوێ کـە مەعریفـە لـە بابەتەکـەدا جەوهـەری تێـدا نییـە، یـان تەنیـا بریتییـە لـە دیاردەیەکـی درامـی، چونکـە پیـاوە مردووەکـە دەبێتـە نموونـەی دەرەکـی و شـوێنی بابـەتی لەناوچـوو و بێوەژنەکـەش دەبێتـە (لەوانەشـە نەبـێ) بـەو نوێنـەرەی کـە ‹‹ دەرەوەی دەیجوڵێنـێ››، بـەڵام ئەگـەر دووەمیـان بـوو، ئـەوا وەک درکـە ‹‹metonym››یـە بـۆ هەمـوو شـوێنە پیـرۆزەکان، ئـەو شـوێنە ئێسـتا ئـەو ئاگردانـە پـڕ لـە تەختـە سـووتاوەیە کـە لـە ڕێـی سروتی خواپەرسـتی بنیاتـنراوە و تێیـدا بابـەتی ژن بەکاردەبـرێ کـە لـە ڕووی یاسـاییەوە خـودی خـۆی بەجێهێشـتووە. لـەم ڕووەوە، ئایدۆلۆجیـای قووڵـی شـوێنی دیاسـپۆرا بـۆ بابـەتی فێمینیزمـە کـە پارادۆکسی هەڵبـژاردنی ئـازاد ڕۆڵـی خـۆی

---

tion (Delhi Munshl Ram Manohar Lal, 1963)p 9

ئـەم سـەرچاوەیە لیسـتێکی سـەرچاوەی بەکەڵکـی سانسـکریتی دەگرێتەخـۆ. ئـەم کتێبـە لەبـارەی ئیسـتیعماردا تەواوی نیشـانە دووسـەرەکانی تێدایـە، لەوانە قەومیـی بۆرجـوازی، مەزهەبگـەرای باوکسـالار و مەعقولیـەتی ڕۆشـنگەر.

دەگێـڕێ. هەرچـی پەیوەنـدی بـە بابـەتی نێرینەکانـەوە هەیـە، ئـەوا ئێمـە تێبینـی هانـدان بـۆ خۆکوشـتن دەکەیـن کـە لەباتی ئیسـپاتکردنی بارودۆخەکـەی لـەم ڕێگەیـەوە، خـۆی پووچـەڵ دەکاتـەوە. ئەمـە لەکاتێکدایـە لـە بابـەتی فێمینیزمـدا، قوربانیـدان بـە نەفسی خـۆت ڕێگەپێـدراوە، تەنانـەت کاتێـک کاریگەریـی ئـەو ‹‹کەوتـن- pa-taka››ەی پەیوەندیـی بـە خۆکوشـتنی ڕانەگەیەنـراو هەیـە، دەسـڕێتەوە کـە لـە تۆمارێکـی دیکـەدا بەهـۆی هەڵبژاردنەکـەی پێیـدا هەڵدەگوتـرێ. لەڕێـی بەرهەمهێنـانی ئایدۆلۆجیایەکـی ڕەق بـۆ بابـەتی دوو ڕەگەزنامـە، دەکـرێ خـودی مێینـە وا لـەم مردنـە تێبـگا کـە دالێکـی ئیستیسـنائیە لـە ئـارەزووی خـۆی بـۆ بەزانـدنی بنەمـای گشـتی خوڕەوشـتی بێـوەژن.

لـە سـەردەم و ناوچـەی دیاریکـراودا، وایلێهـات ئـەو بنەمـا ئیستیسـنائییە گشـتییە بـە ڕێگەیـەک تایبـەت بـوون بـە چینێـک. ‹‹ئەشـیس نانـدی- Ashis Nandy›› بڵاوبوونـەوەی بەرچـاوی دیاردەکـە لـە بەنـگال لـە سـەدەی هـەژدەم و سـەرەتاکانی سـەدەی نـۆزدە، بـە هـۆکاری دەروازەکانی خانـەی کۆنترۆلکـردنی دانیشـتوان، بـۆ خانـەی ڕکلێبوونـەوە لـە ژنـانی کۆمەڵگـە دەبەسـتێتەوە.[1] گومـانی تێدانییـە بڵاوبوونـەوەی سـاتی لـە سـەدەکانی ڕابـردوودا لـە بەنـگال، پەیوەنـدی بـەوەوە هەبـووە کـە بێوەژنـەکان میراتیـان دەگـرت، بـە پێچەوانـەی ناوچـەکانی دیکـە لـە هینـد. ئـەوەی بەریتانییـەکان وایدادەنێـن کـە ژنی هـەژار و قوربانیـن و دەچنـە سـەربڕخانە، لەڕاسـتیدا ئـەوێ گۆڕەپـانی شـەڕی ئایدۆلۆجییـە. هـەروەک پـی فـی کیـن PV Kaneی مێژوونـووسی مـەزنی دهارماسـترا بـە شـێوەیەکی

(1) Nandy, Sati.

دروست تێبینی کردووە: ((لە بەنگال بێوەژن تاکێکی خێزانی هیندۆسییە، هەتا ئەگەر کوڕیشی نەبێ، بە کردار هەمان ئەو مافەی دەکەوێ لە خێزانە هاوبەشەکەی کە دەکەونە چوارچێوەی خانەوادەی مێردە مردووەکەی... زۆرجاریش ئەندامە زیندووەکان هەوڵی لەناوبردنی بێوەژنەکەیان داوە، لە ڕێی بانگکردنی لە ساتێکی خەمئامێزدا، تا بێ و وەفا و خۆشەویستی بۆ مێردەکەی دەربڕێ)) (HD II.2 ,635)

لەگەڵ ئەوەشدا نێرینە چاک و ڕۆشنگەرەکان هاوسۆزبوون لەگەڵ ‹‹ئازایەتی›› هەڵبژاردنی ئازاد لەلایەن ئافرەتەوە بۆ ئەم بابەتە. لەم سۆنگەیەشەوە ئەوان بە بەرهەمهێنانی بابەتی ژێردەستەیی ڕەگەزی قایلن: ((هیندی نوێ پاساو بۆ ئومارەسەکردنی ساتی ناهێنێتەوە، بەڵام عەقڵیەتێکی تێکدەر هەیە، هیندییە نوێکان سەرزەنشت دەکا، کاتێک سەرسوڕمان و ڕێز بۆ ئازایەتی لەسەرخۆ و جێگیری ژنانی هێند دەنوێنن، کاتێک دەیانەوێ ببنە ساتی ‹‹satis›› یان بە کۆمەڵ Jau-har خۆیان دەکوژن، وەک شانازییەک بۆ نموونە باڵاکەیان لە ڕەوشتی مێیینەدا)) (HD II.2 ,636). جان فرانسوا لیۆتار ناوی لەمە ناوە ‹‹جیاوازی- differend››، ڕێگریکردن لە کردنەوەی دەروازەیەک بۆ چوونە ناوی، یان لەتوانادا نەبوونی ئەنجامدانی، ناڕوونی گوتارە لە ململانێی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لێرەدا ئەمە بە پڕ ژیانییەوە پشتڕاستکراوەتەوە.[1] وەکو ئەو گوتارەی کە بەریتانییەکان وەکو سروتی کوفر کە خراپەکار تێیدا دەردەکرێ، تەماشای دەکەن، (بەڵام لیۆتار ناڕەزایی دەردەبڕێ بەوەی کە

(1) Jean-Francois lyotard, Le differend (paris: Minuit, 1984)

لـە تواناداپـە وەربگێـڕێ) بـۆ ئـەوەی کـە ئـەوان بـە تـاوانی دەزانـن و تێیـدا یـەک دەستنیشـانکردن بـۆ ئیرادەیەکـی ئـازاد، بـە یەکێکـی دیکـە دەگۆڕنـەوە.

بێگومـان قوربانیـدانی بێوەژنـان بـە گیـانی خۆیـان، سروتێکـی چەسـپاو نەبـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر بێـوەژن بڕیـاری تێپەڕانـدنی لێزانیـی سروتەکـەی دا، ئـەوا پاشـگەزبوونەوە بـە بنپێخسـتن دادەنـرێ و پێویسـتە جۆرێـک لە جـۆرەکانی کەفـارە بکا.[1] دوای ئـەوەی ئەفسـەرێکی ناوخۆیـی پۆلیـسی بەریتـانی سەرپەرشـتیی قوربانیدانێکـی کـرد، بـە بڕیارێـک لەمبارەیـەوە دوورخرایـەوە، ئـەو بـوو کـە نوێنەرایـەتی نیشـانەی بـژاردەی ئـازادی ڕاسـتەقینەی کـرد،

(١) HD، ١١.٢، ل٦٣٣. لێـرەدا وەکـو پێشـنیاز بـەوەی ئـەم ‹‹بـە دەق تەکفیرکردنـە›› پەیڕەوکـردنی کۆمەڵایـەتی زۆری تێپەڕانـدووە. لـە کۆپلـەی خـواری خـوارەوە کـە لـە سـاڵی ١٩٣٨ بڵاوبووەتـەوە، تێبینـی بیـردۆزەی هێنـدۆسی باوکسـالارانەی لـە بـارەی ئازادیـی ئیـرادەی ژن لـە کارکردنـدا لـە دەربڕینـی وەک ‹‹بوێـری›› و ‹‹هێـزی تاکەکەسی››خسـتووەتەڕوو، ڕەنگیشـە بۆچوونـەکان لێیـان نەکۆڵرابێتـەوە بـۆ ئـەو کۆپلەیـەی بـە تـەواوی شـوێنی خـۆی گرتـووە لای بێـوەژن لـە دەستبەرداربوونی لـە مـافی بوێـری. ئەمـە واتـای ناوەنـدی بابـەت دەدا: ‹‹هەندێـک بێـوەژن بوێـری ئەوەیـان نەبـووە ئـازاری زۆر سـەخت بچێـژن، هـەروەک ئـەو هێـزە پێویستەشـیان نەبـووە لـە عەقـڵ و کەسـایەتی تـا بـۆ سـەرکەوتن تـا دوا پلیـکانی زوهـدی نموونەیـی بـڕۆن کـە لەلایـەن براهماکاریـا بۆیـان دیارکـراوە. جێـی دڵتەنگییـە کـە ڕابیگەیەنـن، ئـەوان هانـدراون تـا ژیـانی ژنێکـی زینـدانی هەڵبژێـرن››

S. Altekar, The Position of Women in Hindu Civilization: From Prehistoric Times to the Present Day (Delhi: Motilal Banarsidass, 1938) p. 156

بـژاردەی ئـازادی. ئـەو لێڵیـە لـە هەڵوێسـتی بـژاردەی ئیسـتیعماری ناوخۆیـی لـە دەربڕینـە ڕۆمانسـییە نەتەوەییەکانـدا لـە پاکـی و هێـز و خۆشەویسـتی بـۆ ئـەو ژنانـەی گیـانی خۆیـان دەکەنـە قوربـانی، لادەبرێـت. دوو بڕگـە جێگیرەکـەی بریتیـن لـە سـەردولکەی سوپاسـگوزاری کـە هـی ‹‹ڕابیندرانـاس تاگـور- Rabindranath Tagor››ە ((بـۆ داپیـری بـاوکان ئەوانـەی لـە بەنـگال دەسـت لـە خۆیـان بـەردەدەن))، هەروەهـا ئەنانـدا کۆماراسـوامی -Anan da Coomaraswamy بەوانـەدا هەڵدەڵـێ کـە بـە گیـانی خۆیـان قوربـانی دەکـەن suttee بـەو پێیـەی کـە یەکێتییەکـی نموونەییـە لـە نێـوان جەسـتە و ڕۆحـدا پێکدێنـن.[1]

ڕوونـە کـە مـن بانگەشـە بـۆ کوشـتنی بێوەژنـان ناکـەم، بەڵکـو ئامـاژە بـە دوو جـۆری دژ دەکـەم لـە ئـازادی، کـە تێیـدا بنیاتنـانی بابـەتی مێینـە لـە ژیانـدا بابـەتی جیاوازییـە. لەوکاتـەی بێوەژنێـک گیـانی دەکاتـە قوربـانی، دووبـارە پێناسـەی سروتـەکان بـەوە ناکـرێ کـە خوراڤـەن، بەڵکـو بـە تـاوان دادەنـرێ. مەترسـیی سـاتی لەوەدابـوو کـە ئایدۆلۆجیایەکـی بەرهەمهێنـا کـە سـاتی وەک ‹‹پاداشـت›› وایـە، ڕێـک وەک وەبەرهێنـان لـە مەترسـیی ئیمپریالیـزم بـەوەی ‹‹ئەرکێکـی کۆمەڵایەتییـە››، کەچـی تۆمسـۆن هێشـتا وا لـە سـاتی دەگا کـە بریتییـە لـە ‹‹سـزا››یەکی لـە واقیـع دوور:

وا دەردەکـەوێ کـە نـە ویـژدانی تێدابـێ و نـە مەنتقیـش بـێ، مەغۆلـەکان بـە ئـازادی بازنـە دەبەسـتن و زینـدووەکان دەسـووتێنن، یـان هاوڵاتیـانی ئەوروپـا، ئەوانـەی کـە لـە وڵاتەکانیانـدا سـزای

(1) Quoted in Sena, Brhat-Banga, II, pp 913-14

سـەخت هەبـوون کـە ڕێگەیـان بـە سـووتاندنی ژنـە جادووگـەرەکان و چەوسـاندنەوەی ئایینـی دەدا، نزیکـەی مـاوەی سـەدەیەک ئەمـە هەبـوو، بـەر لـەوەی ویـژدانی ئینگلیـز بـە سـوتی بەئـاگا بێتـەوە، واپێویسـت بـوو ئـەوان بـەر لـەو شـۆکەی سـوتی بـۆی دروسـتکردن، هەمـان هەسـتیان هەبووایـە، بـەڵام جیاوازییـەکان لای ئـەوان بەمشـێوەیە دەرکەوتـن: ئـەوان هاتـن، بەپێـی یاسـا، سـزای سـەختی ئەوانەیـان دا کـە بـە لادەریـان دادەنـان، لەکاتێکـدا قوربانیـانی سـوتی بەبـێ هیـچ تاوانێـک سـزادران، تەنیـا لەبەرئەوەبـوو لـە ڕووی جەسـتەوە لاواز بـوون و کەوتبوونـە بـەر ڕەحمـەتی پیـاوان. واپێدەچـێ سروتـەکان گەندەڵـی و چەپەڵییـەکان بچەسـپێنن، وەک چـۆن هـەر تاوانێکـی دیکـەی مرۆیـی ئاشـکرا دەکـەن.[1]

بەدرێژایـی نیـوەی سـەدەی هـەژدەم و تـا کۆتاییەکـەی و لـە ماوەیەکـدا کـە نووسـینەوەی دەسـتووری تێدابـوو، بەریتانییـەکان لـە هینـد هاوکاربـوون و ڕاوێژیـان بـە براهمییـە خوێنـدەوارەکان کـرد، تـا بڕیـار لـەو بارەیـەوە بـدەن، داخـۆ مومارەسـەکردنی سوتی یاسـاییە لەڕێـی کۆپییـە خـاوەن دوو ڕەگەزنامەکەیـان لـە یاسـای هینـدۆسی. بـەزۆری ئـەم هاوکارییـە بێهاوتـا بـوو، هـەروەک لـە گرنگیـی ڕەتکردنـەوەشی بەهەمـان شـێوەبوو. لـە هەندێـک حاڵەتـی وەک: قەدەغـەی گشـتیی خـۆ کردنـە قوربـانی بـۆ ئـەو ژنانـەی منداڵـی بچووکیـان هـەن، بـۆ ئەمـە وا پێدەچـێ هاوکاریـی بەریتانیـەکان نائڕێـک بـێ.[2] لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەم دەسـەڵاتدارانی

---

(1) Thompson, Suttee, P132

(٢) لێرەدا لە پاڵ گفتوگۆی براهمییەکان لەبارەی سوتییەوە، بڕوانە:

Mani, Production, pp. 71f

بەریتانیـا، بەتایبـەتی لـە ئینگلتـەرا چەندیـن جـار ئاماژەیـان بـە بابـەتی هاوکاریکـرد، وەک ئـەوە بەریتانییـەکان دەسـبەرداری ئـەو کارە بووبـن. کاتێکیـش لـە کۆتاییـدا یاسـاکە داڕێـژرا، مێـژووی مـاوەی هاریکاریـی درێژخایـەن سـڕایەوە، هیندۆسـیی لێوەشـاوە ئاهەنگیانسـازکرد کـە دژی هینـدۆسی خـراپ بـوون و ئەمانـەی دووەمیـان دایەدەسـت ئابڕووچوونێکـی دڕندانـە:

پەیڕەوکردنی سـوتی- Suttee ... یاخیبوون دژی هەسـتی سروشـتیی مرۆیـی... لـەزۆر حاڵەتـدا کاری وا ئابڕوبەرانـە ئەنجامـدراوە، خـودی هیندۆسـەکانی ڕاچڵەکانـدووە... بەبـێ ئـەوەی نیـەتی لادان هەبـێ لای هیـچ کـەس، یەکێـک لـە گرنگتریـن بنەمـاکانی سسـتەمی حوکمـی بەریتانیـا لـە هینـد ئەوەیـە کـە تـەواوی چینـەکانی گـەل ئاسـوودە بـن لـە پەیڕەوکـردنی ئاینییەکانیانـدا، تـا ئەوکاتـەی دەکـرێ پابەندبیـن بـەو سسـتەمە، بەبـێ ئـەوەی فەرمانـە باڵاکانی یەکسـانی و مرۆڤایـەتی بنپـێ بخەیـن، پاڵپشـت بـەو دەربڕینانـە، حاکمـی گشـتی لـە ئەنجومـەن ناچاربـوو بێتەسـەر ئـەو بۆچوونـەی کـە دانـانی ئـەم ڕێسـایانەی دێـن، کارێکـی چاکـە... (HD 11.2, 624-25)

بێگومـان خەڵـک لـەوە تێنەگەیشـت کـە ئەمـە وەکـو ئایدۆلۆجیایەکـی بەدیـل وابـوو بـۆ سـزادانی پلـە بـە پلـەی خۆکوشـتن کـە وایدابنێـن ئەمـە ئیستیسـنایە، نـەک وەک تاوانێـک تۆمـاری بکـەن. ڕەنگـە وا پێویسـتبا سـاتی-یان بـە شـەهیدبوون بـەراورد بکردبـا کـە تێیـدا پیـاوە کۆچکردووەکـە لـە بەرانبـەر بـاری تەعـالا دەوەسـتێ، یـان لـە کاتی شـەڕدا کـە تێیـدا مێـرد لـە پێنـاو سـەروەری و دەوڵـەت گیـانی بەخـت دەکا، کـە ڕەنگـە دنـەی ئایدۆلۆجیایەکـی ژەهـراوی بـدرێ، تـا خـۆی بکاتـە قوربـانی. لـە ڕاسـتیدا لـە هەمـان

خانـەی تـاوانی کوشـتن و زیندەبەچاڵکـردنی منـداڵان و مارکوژکـردنی بەتەمەنـەکان دانـراوە. شـوێنەواری شـوێنە مەترسـیدارەکانی ئیرادەی ئـازاد بـۆ بابـەتی ڕەگـەز کـە هـی مێینـەکان بـوو، بـە تـەواوی سـڕایەوە.

هێڵێکـی ڕەوتەکەمـان نییـە کـە بتوانیـن لێـرەدا دووبـارە وێنـەی بکێشـینەوە. بەوپێیـەی حاڵـەتی خۆکوشـتنی دیکـە کـە ڕەزامەنـدی لەبـارەوە وەرگیرابـوو، نەدەچـووە نـاو دیمـەنی ئـەم بنیاتنانـە و نەشـچووە نـاو گۆڕەپـانی شـەڕی ئایدۆلۆجـی لـە ڕەسـەنایەتییە کۆنەکـەدا – نەریتـی دارماساسـترا Dharmasastra- هەروەهـا نەشـچووە نـاو دیمـەنی دووبـارە داڕشـتنەوەی سروتـەکان و بـە تـاوان دانانیـان. تاکـە گۆڕانکاریـی پەیوەندیـدار بـە بابەتەکـە کـە ڕوویـداوە، بریتییـە لـە دووبـارە وەسـفکردنەوەی چەمکی سـاتیگراها satyagraha یـان مانگرتـن لـە خـواردن، بـەو پێیـەی جۆرێکـە لـە بەرگـری، بـەڵام ئێـرە شـوێنێکی گونجـاو نییـە بـۆ گفتوگۆکـردن لەبارەی وردەکاریـی گۆڕانـی شـەپۆلەکە. تەنیا دەمەوێ بانگهێشـتی خوێنـەر بکـەم بـۆ بەراوردکـردنی خەرمانـەی قوربانیـدانی بێـوەژن و بەرگریـی گانـدی، چونکـە ڕەگـی بـەشی یەکەمـی هـەردوو وشـەی سـاتیگراها و سـاتی satyagrahaو sati هەمـان شـتن.

لەسـەرەتای چەرخـی پورانیـک-Puranic (نزیکـەی ٤٠٠ی زاینـی)، براهمییـەکان فێـری گفتوگۆیەکـی گونجـاوی بیروباوەڕبـوون لەبـارەی سـاتی، هـەروەک حاڵـی بارودۆخـی خۆکوشـتنی ڕێپێـدراو لـە شـوێنە پیـرۆزەکان بەشـێوەیەکی گشـتی بەهامانشـێوەیە (ئـەم جەدەلـە ئێسـتاشی لەگەڵدابـێ بەشـێوەیەکی ئەکادیمـی بەردەوامـە). هەندێکجاریـش سـەرچاوەی پەیدابـوونی ئـەم پەیـڕەوە

جێگـەی پرسـیارە. لەگـەڵ ئەوەشـدا یاسـای گشـتیی بێوەژنـان کـە برهمکریـا- brahmacaryaیـە پێویسـتە ڕێـزی لێبگیـری، بەدەگمـەن گفتوگـۆی لەبـارەوە کـراوە. ئـەوە بـەس نییـە کـە بـە ‹‹سـەڵت-celibacy›› وەریبگێڕیـن. دەبـێ ئـەوە بزانیـن کـە لـە نێـوان چـوار تەمەنـەکانی ڕەوتی ڕێکخـراوی دەروونی هینـدۆسی (یـان براهمـی)، برهمکاریـا بریتییـە لـە مومارەسـەیەکی کۆمەڵایـەتی بـەر لـە نووسـینی دەمارگرژیـی خوێنـاوی هاوسـەرگیری. پیاو-بێوەمێـرد یـان خێزانـدار لـە ڕێـی ڤناپراسـتا- vanaprastha (ژیـانی جەنگـەڵ) وە دەچێتـە ژیـانی سـەڵتیی ڕسـکاو و واز لـە (وازهێنـان لـە هەمـوو شـتێک) سمنیاسـا-samnyasa دەهێنـێ.[1] هەرچـی ژنـە، بەوپێیـەی کـە هاوژینیشـە، ئـەوا لـە گرهاسـیا- garhasthya ، یـان بەخێـوکاری خانـەوادە پێویسـتە و لـە ژیـانی جەنگەڵیشـدا ڕەنگـە هاوسـەفەری مێردەکـەی بـێ، چونکـە (بەپێـی سـزای براهمـی)، ئـەو ناتوانـێ بگاتـە پاکیـی کۆتایـی زوهـد asceticism یـان سامنیسـا- samnyasa. هەرچـی ئافـرەتی بێوەژنـە، ئـەوا بەپێـی یاسـای گشـتیی بیروبـاوەڕی پیـرۆز، لەسـەری پێویسـتە بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئاینزایـەی گـۆڕاوە بـۆ حاڵـەتی تەسـلیم بـوون stasis. ئـەو شـەڕانگێزییە دامەزراوەییـەی هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەم یاسـایە دەڕۆیشـت، زۆر ئاشـکرا بـوو. مـن خەریکـی توێژینەوەیەکـم لـە بابـەتی دووڕەگەزنامەیـی کـە کاریگەرییەکـەی چاوەڕواننەکـراوە لەسـەر پێکهاتـەی ئایدۆلۆجـی.

---

(١) ئێمـە لێـرەدا لەبـارەی پێـوەری ڕێکخراوەیـی براهـمانی قسـەدەکەین، لەبـاتی ‹‹شـتەکان وەک پێشـتر چـۆن بـوون›› بڕوانـە:

Robert Lingat, The Classical Law of India, trans, J. D. M. Derrett (Berkeley University of California Press, 1973), p46.

بەمپێیـە ئـەوە جێـی بایەخـە، هیـچ گفتوگۆیـەک لەبـارەی ئـەو چارەنووسـە دەگمەنـەی بێـوەژن نەکـراوە- جـا چ لـە نێـوان هیندۆسـەکان بـێ، یـان لـە نێـوان هینـدۆس و بەریتانییـەکان- تەنیا بـوونی ڕەچەتەیەکـی هاوێرکـراو نەبـێ بـۆ قوربانیـدان بـە گیـانی خـۆت کـە جێـی مشـتومڕی چـالاکان بـوو.[1] لێـرەدا جارێکـی دیکـە دەرفـەتی گەڕاندنـەوەی بابـەتی ژێردەسـتە (لـەڕووی ڕەگـەزەوە) لەدەسـتدەدەین و دەستنیشـانکردنەکەشی بەشـێوەیەک کـە زیادەڕۆیـی تێداکـراوە، لەدەسـتدەچێ.

ڕوونـە کـە ناهاوئاهەنگـی ئـەم پرۆگرامـە لـەڕووی یاسـاییەوە لـەو شـوێنەیە کـە بـۆی دانـراوە، ئـەوەی کـە ئافـرەت چالاکانـە وا دەناسـێنێ، ئامانجـی بریتییـە لـە تاکـە مێردێـک، یاسـاکە بـە ڕوونی لـە بەرژەوەندیـی پێگـەی نێرینەدایـە، بەمجـۆرەش قوربانیـدان بـە گیـان کـە بێـوەژن دەیـکا، حاڵەتێکـی پەڕگیـری یاسـای گشـتییە و ئیستیسـنا نییـە بـۆی، کەواتـە خوێندنـەوەی پاداشـتی ئاسـمانی بـۆ سـاتی جێـی سەرسـوڕمان نییـە، کـە جەخـت لـە کوالیتییەکـەی دەکرێتـەوە، وەک بوونەوەرێـک کـە لـە ڕێـی کێبڕکـێ لەگـەڵ ژنـانی دیکـەدا، ئـەو ژنانـەی لـە بەهەشـت سـەما دەکـەن، دەبێتـە خاوەنێکـی دانسـقە، ئەمـە نموونەیەکـی نموونەییـە بـۆ جوانیـی مێینە

(١) هەمـوو شـیمانەیەکی هاوسـەرگیری بێـوەژن لـە هینـدی کـۆن و دامـەزراوەی یاسـایی هاوسـەرگیری بێـوەژن لـە سـاڵی ١٨٥٦ بریتییـە لـە سـەوداکردن لەنێـوان پیـاوان. مێردکردنـەوەی بێـوەژن تاڕادەیەکـی زۆر ئیستیسـنایە، ڕەنگـە لەبەرئەوەبـێ ئـەو بەرنامـەی پێکهاتنـی بابـەتی بەبـێ گۆڕانکاریـی بەجێهێشـتووە. لـە هەمـوو ‹‹نەریتێکـی›› مێردکردنـەوەی بێوەژن، بـاوکان و مێـردەکان چەپڵـە بـۆ ئازایـەتی و چاکـی خۆیـان لێـدەدەن.

و چێـژی ئـەو نێرینانـەی بـۆ پیاهەڵدانیـان گـۆرانی دەڵێـن: ((ئـەو لـە بەهەشـتدا، دڵسـۆزە بـەوەی تەنیـا بـۆ مێردەکەیـەتی، ئەپسارسـەکان-apsaras (گروپێـک سـەماکاری ئاسـمانین) پێیـدا هەڵدەڵێـن، لەگـەڵ مێردەکـەی ڕادەبوێـرێ، چونکـە ئینـدراس-Indrasی چواردەمیـن حوکـم دەکا)) (HD 11.2631)

ئەو گاڵتەجاڕییە قووڵەی لە دیارکردنی ئیرادەی ژنی ئازاد لە قوربانیدان بەگیانی خۆی دا هەیە، دووبارە لە هێڵێکی تەریبی کۆپلەی دواتر ئاشکراکرا: (( تا ئەو کاتەی ژن (هاوسەر-stri) خۆی ناسوتێنێ لەکاتی مردنی مێردیدا، ئەوا هەرگیز لە جەستە مێینەکەی (strisarir، واتە لە سوڕی لەدایکبوونیدا) ئازاد نابێ(mucyate))). تەنانەت لەکاتی وروژاندنی ئازادبوونی گشتیی تاکیشدا، چونکە تاکە خۆکوشتنی ڕێپێدراو بۆ ژن، توانا ئایدۆلۆجیەکەی لە دیارکردنی وەکالەتی تاک لەگەڵ تاکێکی باڵا supraindividual وەردەگرێ: ئێستا خۆت لەسەر ئاگردانی مێردەکەت بسووتێنە، لەوانەشە جەستە مێینەکەت لە سوڕی لەدایکبوونتدا بەتەواوی بکوژی.

لـە لقێکـی دیکـەی پارادۆکسـدا، جەختکردنـەوە لەسـەر ئیـرادەی ئـازاد، بەڵایەکـی دیـار دێنێتـە ئـارا کـە خۆی لـە هەڵگرتنی جەسـتەی مێینــەدا دەبینێتــەوە. لەڕاســتیدا وشــەی خــود کــە دەســووتێنرێ، وشـەیەکی پێوانەییـە بـۆ ڕۆح بـە واتـا هـەرە بەرزەکـەی(atman)، لە کاتێکـدا کاری ‹‹ئازادبـوو››، لەڕێی ڕیشـەی تایبەت بـە واتای خانەدان کـە هـەر وشـەی (muc → moska)یـە و بکەر نادیارەکـەشی (-mo-cyate)، ئـەو وشـەیەی لـە سـووڕی لەدایکبوونیشـدا ڕەتکرایـەوە، ئـەوا ئـەو وشـەیەیە کـە ڕۆژانـە بـۆ جەسـتە بەکاردەهێـنرێ. هەمـان پەیامـی ئایدۆلۆجـی لەنـاو پێداهەڵگوتنـی مێژوونووسـێکی نێرینـەی

سـەدەی بیسـتەم خـۆی دەبینێتـەوە: ((جەوهـەر (jauhar)ی (خۆکوشـتنی بـە کۆمـەڵ لای ئـەو بێوەژنانـەی بەهـۆی شـەڕ بێـوەژن بـوون، یـان ئەوانـەی بێـوەژن دەبـن، ئەوانـەی کـە ژنـانی ڕاجپـوت لـە چیتـۆر Chitor و شـوێنی دیکـەدا دەیگرنەبـەر بـۆ ڕزگارکـردنی خۆیـان لـەو ئابڕووچوونـەی کـە وەسـف ناکـرێ و لەسەردەسـتی موسـڵمانە سـەرکەوتووەکان ئەنجامـدەدرێ، کارێکـی زۆر ئاشـکرایە و پێویسـتی بـە هیـچ دەنگوباسـێکی درێـژ نییـە)) (HD II.2629)

سـەرەڕای ئـەوەی، جەوهـەری (خۆکوشـتنی بەکۆمـەڵ) کارێـک نییـە ڕێـک وەک سـاتی وابـێ، و منیـش نامـەوێ لەبـارەی توندوتیژیی سـێکسی ڕێگەپێـدراو قسـەبکەم کـە خـۆی لـە هێـرشی لەشـکری نێرینـەدا، یـان ئـەوەی ‹‹موسـڵمانان››، یـان هـی دیکـەدا دەبینێتەوە، ئـەوا قوربانیـدانی مێینـە بـە گیـان، تـووشی شـەرعیەتی لاقەکـردن دەبێتـەوە، لـەو سـۆنگەیەی کارێکـی ‹‹ئاسـایی››ە و بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ دەکەوێتـە خزمـەتی هەبـوونی ئەندامـی مێینـەی بێوێنەی ئافرەتـان. ئـەو لاقەکردنـە بەکۆمەڵـەی داگیـرکاران ئەنجامیـدەدەن، ئاهەنگێکـی نادیـارە بـۆ دەسـکەوتنی زەوی. هـەروەک چـۆن یاسـای گشـتیی بێوەژنـان بـێ کێشـمەکێش بـوو، ئـەوا ئـەم کارە پاڵەوانانـەی مێینـە هێشـتا لەنـاو چیرۆکـە نیشـتمانییەکان دا هەیـە و بـۆ منـداڵان دەگێڕدرێتـەوە، پاشـان لەسـەر بەرزتریـن ئاسـتی کەڵەکەبـوونی ئایدۆلۆجیـا کاردەکا. هەروەهـا ڕۆڵێکـی مـەزنی بەدیاریکـراوی لـە نوێنەرایەتیکـردنی شـوعیەتی هیندۆسـیدا گێـڕا، بەوپێیـەی کـە نیشـاندەرێکی زۆر سـنووردارە. لـە هەمانکاتـدا، پرسـیارە گشـتگیرەکە لەبـارەی دامەزرانـدنی بابـەتی دووڕەگەزنامـە لەڕێـی پێشکەشـکردنی توندوتیـژی بەرچـاوی سـاتی بزردەکـرێ. ئەرکـی گەڕاندنـەوەی

بابەتی ژێردەستەی (سێکسی) لە دەقێتی دامەزراوەیی لە بنەچە کۆنەکەدا دەشاردرێتەوە.

وەک لەسەرەوە باسمکرد، کاتێک دەکرێ پێگەیەک ببەخشیتە بابەتی یاسایی، بەوپێیەی کە خاوەنێکی کاتیی بێوەژنە، ئەوا جێبەجێکردنی قوربانیدان بە گیان لای بێوەژنان بە پێداگری جێبەجێدەکرێ. وەک نموونەیەک تێبینی ئەوە دەکەین کە دەقی بەڕێز (ڕاگوناندانا- Raghunandana) کە فەقیهێکی یاسایی بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدەم و شازدەمدا، ئەو کەسەی کە وادادەنرێ ڕاڤەکانی گەورەترین پاڵپشتی بۆ ئەم جێبەجێکردنە زیاددەکەن، کۆپلەیەکی نامۆی لە کتێبی ‹‹ڤیدا- Rg-Veda›› کە کۆنترین دەقی پیرۆزی هیندۆسییە لە کۆپلەی یەکەم لە کتێبی ‹‹سروتیس- Srutis››، وەرگرتووە. لە ڕێی جێبەجێکردنی ئەمەشدا، لەسەر نەریتێک دەڕوا کە تەمەنی چەندین سەدەیە و ئەو خوێندنەوە هەڵە و نامۆ و ڕوونانەی کە ڕەنگە جێی لێخۆشبوون بگرنەوە، بە نەمری دەهێڵێتەوە. ئەمەش ئەو هێلە نووسراوەیە کە هەنگاوی دیاریکراوی سروتی مردووەکان دیاردەکا. تەنانەت کاتێک بە سادەییش دەیخوێنینەوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ((بە هیچ شێوەیەک ئاراستەی بێوەژنان نەکراوە، بەڵکو بۆ ژنانی خانەوادەی پیاوە مردووەکە و ئەوانەی مێردەکانیان هێشتا لە ژیاندا ماون)) نووسراوە. ئەدی بۆچی وەک دەقی ڕاستێنراو مامەڵە لەگەڵ ئەو تێکستانەدا دەکرێ؟ ئەم جێگۆڕکێیەی لە نێوان مێردی مردوو و هاوسەری زیندوودا کراوە و لێشی دڵنیانین، بریتییە لە ڕیزبەندیی جیاوازی ئەو لێڵییەی لە بنەچە کۆنەکەدا هەیە، لەوەی کە گفتوگۆمان لەبارەوە کرد: ((لێگەڕێن

بـا ئـەو ژنانـەی مێردەکانیـان بەبایەخـن و لـە ژیانـدا مـاون، بچنـەوە ماڵەکانیــان. لێگەڕێــن بــا ئــەو ژنانــە ســەرەتا بەبــێ فرمێســک و بــە تەندروســتییەکی باشــەوە بچنــە ماڵــەوە)) (HD 11.2634)، بــەڵام ئــەم جێگۆڕکــێ یەکلاکەرەوەیــە تاکــە هەڵــە نییــە، بەڵکــو دەســەڵاتیش لــە بڕگەیــەک کــە کێشــەی لەســەرە، لەدەســتچووە. لــە خــەتی دووەمــدا کــە وا وەرگێــڕدراوە ‹‹لێگــەڕێ بــا ژنــەکان ســەرەتا بچنــە ماڵــەوە›› وشــەی ســەرەتا لێــرەدا agre کــە هەندێکیــان بــە agne کـە واتـای ‹‹ئـەی ئاگـر›› دەدا، خوێندوویەتیانـەوە. هـەروەک کیـن Kane ڕوونیدەکاتـەوە ((تەنانـەت بەبـێ ئـەو گۆڕانکارییـەش، ئەپـارارکا Apararka و ئـەوانی دی لەبـارەی جێبەجێکـردنی سـاتیدا پشــتیان بــەم هێڵــە بەســتووە)) (HD IV.2199). قوڕنیچکێکــی دیکـەی شاشـەش هەیـە تایبەتـە بـە بنەچـەی مێـژووی مێینـە لـە بابـەتی ژێردەسـتەییدا. ئایـا یەکێکـە لـە بنەمـا ئاینییـە مێژووییـەکان کـە لەسـەر مـرۆڤ پێویسـتە لـە ڕاگەیەندراوێکـی هاوشـێوەی ئەمەدا جێبەجێـی بـکا: ((بۆیـە دەبـێ دانبەوەدابنێیـن کـە دەستنووسـەکان هەڵەیـان تێدایـە و بەڕێـز راگوناندانـاش بەبـێ تـاوانی هەرزەلیـوە)) (HD, 11.2 ,634)؟ شـایەنی باسـە تـەواوی شـیعرەکە یـان بـاسی یاسـای گشـتیی بێـوەژنی براهمـکاری دەکا لـە حاڵـەتی چەمانـەوە، کـە ‹‹سـاتی›› بـەدەرە لەمـە، یـان بـاسی نیـۆگا- niyoga دەکا کـە بریتییـە لـە ((دانـانی بـرا یـان هـەر کەسـێکی نزیکـی دیکـە بـۆ وروژانـدنی پـرسی مێـردی مـردوو تـا بێوەژنەکـەی بێنـێ))[1]

(1) Sir Monier-Williams, Sanskrit-English Dictionary (Oxford: Clarendon Press, 1989)p. 552.

زۆرجـار مێژوونـووس ئارامییـان نامێنـێ، ئەگـەر دەرکـەوت کـە نوێگـەرەکان

ئەگەر کین P. V. Kane لە مێژووی درماسستڕادا دەسەڵات بێ، ئەوا بنەماکانی ‹‹مولا- Mulla›› بۆ یاسای هیندۆسی بریتییە لە ڕێبەرییەکی کارەکی. ئەو بەشێکە لە دەقێکی مێژوویی کە فرۆید ناوی ناوە ‹‹لۆجیکی گۆزە›› کە لێرە ئاشکرای دەکەین و کتێبی مولاش بە تەواوی ئەمەی بۆ زیادکردووە. ئەو هێڵەی لە کتێبی ڤیدا Rg- Vedic وەرگیراوە، بەڵگەبوو لەسەر ئەوەی ((دووبارە مێردکردنەوەی بێوەژنان و تەڵاقدانیان لە هەندێک لە دەقە کۆنەکاندا دانیپێدانراوە)).[1]

مرۆڤ دەبێ لەبارەی وشەی یۆنی Yoniش پرسیار بکا. لە کوێ دەقدا واتای ئاوەڵکاری شوێن agre (بەرانبەر- in front) دەدا کە وشەکە واتای ‹‹شوێنی نیشتەجێبوون››ە، بەڵام ئەمە واتا بنچینەییەکەی ناسڕێتەوە کە ‹‹ئەندامی زاوزێیە›› (ڕەنگیشە بە دیاریکراوی مەبەستی لە ئەندامی زاوزێی مێینە نەبێ). ئێمە،

---

هەوڵی گەڕاندنەوەی حوکمی ‹‹مێینە›› بۆ باوکسالارە کۆنەکان دەدا. بە سروشتی خۆی، پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەمەیە، بۆچی پێویستە پەیکەری باڵادەستی باوکسالاری بە بێ گومانی تۆماربکرێ، بەڵام ناکرێ سزای مێژوویی بۆ کاری بەکۆمەڵ دابنرێ بەرەو دادوەریی کۆمەڵایەتی، تەنیا ئەگەر خەڵکانێک لە دەرەوەی سستەمەکە گومانیان لە پێوەرە ‹‹بابەتییەکان›› هەبێ، ئەوەی کە نەریتی باڵادەست بەمشێوەیە پارێزگاری لێ دەکا، وا دەرناکەوێ، نەگونجاوبێ کە چاودێری ئەم ‹‹ئامانج››ە بابەتییە بکەین بۆ ئامرازێکی وەکو فەرهەنگ کە دەکرێ دەربڕینی تەفسیری لاگیر لە ڕووی ڕەگەزییەوە ‹‹وروژاندنی ئەو پرسەی پەیوەندیدارە بە مێردی کۆچکردوو›› بەکاردێنێ!

(1) Sunderal T. Desai, Mulla: Principles of Hindu Law (Bombaay: N.M. Tripathi, 1982),p184.

بەوپێیـەی دەسـەڵاتین، چـۆن دەتوانیـن بڕیـاری قوربانیـدانی خـودی بـۆ بێـوەژن دەربکەیـن، لـە بڕگەیەکـدا کـە بـە هاتنـە ژوورەوەی هاوژینـی ڕازاوە بـۆ شـوێنی نیشـتەجێبوون، ئاهەنـگ دەگێـڕێ بـە نـاوی Yoniیـەوە، بـە شـێوەیەک ئایکۆنەکـە دەکەوێتـە دەرەوەی کۆتێکسـتەکە، لەناویانـدا چوونـە نـاو شارسـتانیبوونی بەرهەمهێنـان یـان لەدایکبـوون؟ یەکێـک لـە پارادۆکسـەکانیش ئەوەیـە، پەیوەندیی خەیاڵیـی نێـوان زێ و ئاگـر جۆرێـک هێـز بـۆ بانگەشـەکارانی دەسـەڵات زیـاددەکا.[1] ئـەم پارادۆکسـە لـە ڕێـی دەسـتکاریکردنی ڕاگونانـدا بـۆ خەتـە نووسراوەکـە تـا ببێتـە دەق، پشـتگیریکراوە، ((سـەرەتا لـە ژنـەکان گەڕێـن بـا بەهێـواشی بچنـە ماڵـە شـلەکانیان (یـان بنچینەکـەی لەگـەڵ Yoni وەکـو ناوێـک- a rohantujalay-onimagne – ئـەی ئاگـر. بۆچـی دەبـێ مـرۆڤ بـەوە قایـل بـێ کـە ئەمـە واتـای ئـەوە دەدا، ئـەی ئاگـر وەکـو ئـاو سـارد و سـەلامەت بـە بۆیـان)) (HD II. 2634)؟ شـلەی ئاگرینـی ئەندامـی زاوزێ، ئەمـەش داڕشـتنێکی بـە کەموکووڕییـە، ڕەنگـە دەستنیشـانەکردنی ڕەگـەز، وێنەیەکـی ناڕەسـەن بـۆ دەستنیشـانەکردنی فیکـر ‹‹ناسـینی حەقیقـەت-tattvajnana›› دەسـتەبەربکا.

ئەمـەی لەسـەرەوە نووسـیومە گێڕانەوەیەکـی دژە، پشـتی بەسـتووە بـە هۆشـیاریی ئافـرەت و بـوونی ئافـرەت، واتـە بـوونی

---

(١) مـن سـوپاسی خانمـە پرۆفیسـۆر ئەلیسـۆن فینـلی ترینیتـی (هارتفـورد، کونیتیکـت) دەکـەم، بـۆ گفتوگۆکـردن لەبـارەی ئـەم کۆپلەیە. پرۆفیسـۆر فینلی پسـپۆری کتێبـی ڤیدایـە Rg-Veda. ئـەوە دەڵێـم کـە ئـەو خوێندنەوەکـەم بـە خوێندنەوەیەکـی ‹‹ناڕەخنەیـی لـەڕووی ئەدەبییـەوە›› و نابەرپرسـانە دادەنـێ، هـەروەک مێژوونووسـە نوێگەرەکانیـش وایدەبینـن.

ئافـرەتی ڕووسـوور و ویسـتی ئافـرەتی ڕووسـوور، واتـە ویسـتی ژن. دەکـرێ ئـەم لاگیرییـە لـە درزی نـووسراوی وشـەی سـاتی sati دا بدۆزینـەوە، واتـە شـێوە مێیینەکـەی سـاتی. سـات Sat لـە هـەر فیکرەیەکـی تایبـەت بـە نێرینـەوە لـە بابـەتی سـێکسی بەرزتـرە، هـەر تەنیـا بـۆ مـرۆڤ بـوون بـەرز نابێتـەوە، بەڵکـو بـۆ بـوونی ڕۆحیـش بەرزدەبێتـەوە. تەنانـەت ئەگـەر بـە سـەرەتاش وەسـفی بکەیـن، ئـەوا بەشـێوەیەکی ئاسـوودە ئامـاژە بـەوە دەکا کـە گونجـاو و لەجێیـە. ئـەوەی شـەرەفی زیاتـرم پێـدەدا، گەیشـتنە بـە یەکێـک لـە گوتـارە هـەرە جیـاوازەکان لـە فەلسـەفەی نوێـی ڕۆژئـاوادا: ڕامـانی هایدگـەر لـە بـوون.(1) مێینـەی وشـەی ساتی بـە سـادەیی بـە واتـای ‹‹ئافـرەتی ڕووسـوور›› دێ.

ئێسـتا کاتی ئـەوە هاتـووە ئـەو سـاتی یـان سـوتییە ئاشـکرا بکەیـن، بـەو پێیـەی نـاوی شـتە و گونجـاوە بـۆ سروتی قوربانیـدانی بێـوەژن بـە گیـانی خـۆی، ئەمـە لـەلای بەریتانییـەکان زیندووکردنـەوەی هەڵەیەکـی ڕێزمانییـە، ڕێـک وەک ناونـانی ‹‹هیندییـە ئەمریکاییـەکان›› کـە ئەویـش بەهەمـان شـێوە زیندووکردنـەوەی ‹‹هەڵـەی کەتـوار››ە لەلایـەن کۆلۆمبسـەوە. وشـەکە لـە زۆرینـەی زارە هیندییەکانـدا واتـای ‹‹سـووتانی سـاتی›› یـان هاوژینـی ڕووسـوور دەدا کـە خـۆی لـە ‹‹پاشەکشـێی کۆنەخـوازی››ی بێـوەژنی برهماکریـا ڕزگاردەکا. ئەمـەش زیادەڕۆیـی لـە توخمـەکانی هەڵوێسـتی نـەژادی و چینایـەتی و جێنـدەری بەرجەسـتەدەکا، ئەمـە دەتوانیـن لـەوەش وەدەسـتبێنین کـە بڵاودەبێتـەوە: پیـاوانی سـپیپێسـت، ئەوانـەی

(1) Martin Heidegger, An Introduction to Metaphysics, tr. Ralph Mannheim (New York: Doubleday Anchor, 1961)p. 58.

هەوڵـی ڕزگارکـردنی ژنـە ئەسـمەرەکان دەدەن لـە دەسـت پیـاوە ئەسـمەرەکان. ئـەم ڕسـتەیە کۆتوبەندێکـی ئایدۆلۆجیـی گـەورە بەسـەر ئـەو ژنانـەدا دەسـەپێنێ، لـە ڕێـی دەستنیشـانکردنی ڕەهـا، لـە چوارچێـوەی پەیڕەوکـردنی گوتـاری هاوسـەری ڕووسـوور، لەگـەڵ قوربانیـدان بـە گیـان لەسـەر ئاگـردانی مێـرد. لـە بەرانبەریشـدا لـە بنیاتنـانی مەبەسـت، ڕەتکردنـەوە (یـان سـڕینەوە)یە، ئەمـە بۆنەیـەک بـۆ بنیاتنـانی چاکـە دەڕەخسـێنێ، جیـاوازە لـە تەنیـا شارسـتانی بـوون یـان کۆمەڵگـە، ئـەوە گەمـەی هیندۆسـییە کـە بـە بنیاتنـانی بابـەتی فێمینیزمـی دەکا کـە مـن هەوڵمـدا بیخەمـە بەربـاس.

پێشـتر بـاسی کتێبـی ‹‹سـوتی-Suttee›› ئێـدوارد تۆمسـنم کـرد کـە لـە سـاڵی ١٩٢٨ بڵاوکراوەتـەوە. لێـرەدا ناتوانـم وەسـفی ئـەو نموونـە نموونەییـە بکـەم وەک پاسـاو بـۆ ئیمپریالیـزم، بـەو پێیـەی ئەرکێکـی شارسـتانییە. شـوێنێکیش نابینمـەوە بـۆ پیاهەڵـدان بـە کتێبەکـەی، ئـەو کتێبـەی خاوەنەکـەی بەبـێ گـرێ و بەدەنگـی بـەرز دەڵـێ ‹‹هینـدم خۆشـدەوێ››، پرسـەکە لەخۆگـری ‹‹دڵڕەقـی بەکەڵکـە›› بـۆ بەریتانییـەکان لـە هینـد، بـە پاڵنـەری فراوانخوازیـی هەرێمـی، یـان بەڕێوەبـردنی سـەرمایەی پیشەسـازی.[1] لـە ڕاسـتیدا ئـەو کێشـەیەی لـە کتێبەکـەدا هەیـە، کێشـەی نوێنەرایەتیکـردن و بنیاتنـانی بەردەوامـی ‹‹هینـد›› و گونجانـە لـە لایـەنی سـەرۆکی وڵاتان و کارگێـڕە بەریتانییـەکان، لـە تێڕوانینـی ‹‹پیـاوی خـاوەن هەسـتی چـاک›› دەیـەوێ دەنگـی ڕوونی مرۆڤایـەتی مەعقـول بـێ. ئـەوکات ‹‹هینـد›› دەتوانـێ نوێنەربـێ، بەواتایەکـی دیکـە، لەلایـەن سـەییدە ئیمپریالییـەکانی. بـە ئاماژەکـردن بـۆ وشـەی سـوتی suttee لێـرەدا

(1) Thompson, Sutte, p37.

فێڵێکی لێزانانەی تۆمسنە بۆ وشەی sati کە واتای ‹‹بەوەفا››یە لە ڕستەی یەکەمی کتێبەکەیدا، ئەمەش وەرگێڕانێکی ورد نییە و سەرەڕای ئەمەش ڕێگەپێدانی ئینگلیزە بۆ هێنانەناوەوەی بابەتی مێیینە بۆ ناو گوتاری سەدەی بیستەم.[1]

با لە ستایشی تۆمسن ڕابمێنین کە بۆ ڕێزگرتنی جەنەڕاڵ چارلز هێرڤی بۆ پرسی ساتی کردوویەتی: لای هێرڤی بڕگەیەک هەیە، بەزەیی ئەو سستەمە وەدیاردەخا کە تەنیا بەدوای جوانی و جێگیری ئافرەتەوەیە. ئەو ناوی ئەو ژنانەی دەستکەوتووە کە لەسەر ئاگردانی ‹‹راجاس بیکانیر- Rajas Bikanir›› خۆیان سووتاندووە و مردوون، ناوی لەم جۆرەی تێدابوو: ڕای شاژن، پڕشنگی خۆر، دڵخۆشیی خۆشەویستی، ماسیی زەمین، فەزیلەتی دەسهاتوو، دەنگدانەوە، چاوی هێمن، ئاسوودەیی، تریفەی مانگ، عیشقی چێژبەخش، خۆشەویستی لەبەردڵان، چاوباز، لانەی منداڵ، زەردەخەنە، غونچەی خۆشەویستی، بەختیار، سوپەری تەمومژ، یان هەوری هەڵواسراو کە ئەمە ناوە دڵخوازەکەیە. دووبارە و لەکاتی لەیەکجوداکردنەوەی داواکارییە نموونەییەکانی چینی باڵای ڤیکتۆریا لەسەر ‹‹هاوژینەکەی›› (دەربڕینە دڵخوازەکەی)، تۆمسن دەستبەسەر ئافرەتی هیندۆسیدا دەگرێ، بەو پێیەی ئەو فریشتەیە، تا لە دەستی ‹‹سستەم›› ڕزگاری بکا. شاری بیکانر هەیە لە ڕاجستان، هەر گفتوگۆیەک لەبارەی سووتاندنی بێوەژن لە ڕاجستان، بەتایبەتی لە ناو چینی باودا، زۆر بە پتەوی بەسترابووەوە بە بنیاتی ئەرێنی، یان نەرێنی ئاینزای هیندۆسی (یان ئاری).

---

(1) Thompson, Sutte, p 15.

بـە تەماشـاکردنی نـاوی ئـەو ژنانـەی خۆیـان قوربانیـان داوە، ئـەوەی کـە بـە شـێوەیەک کـە جێـی بەزەیـی پێداهاتنەوەیـە لـە لایـەن چینـە کۆمەڵایەتییـە جیـاوازەکانی کۆمەڵگـەی بەنـگالی، وەکـو پیشـەگەر و جووتیـار و پیـاوی ئایینـی گونـدەکان و سـووخۆر و کەهنـوت و ئەوانـەی شـوێن ئـەوان کەوتـن، چونکـە دیـاردەی کاتی زۆر باوبـوو و ئـەم هەڵانـەش لـەم خەرمانـە نەدەکەوتنـەوە (سـیفەتی دڵخـوازی تۆمسـن کـە بـۆ وەسـفی بەنگالییـەکان بەکرایدەهێنـا بریتـی بـوو لـە ‹‹گەمـژە››)، ڕەنگـە واشـبووبێ. هیـچ هیوایەتێـک لـەوە مەترسـیدارتر نییـە نـاوی تایبـەت بگـۆڕی بـۆ نـاوی بـاو و وەریبگێـڕی و بەکاریبێنـی وەک ئـەوەی ڕێبەرییەکـی کۆمەڵایەتی بێ. هەوڵـی دووبـارە داڕشـتنەوەی ناوەکانـم دا و واملێهـات هەسـت بـە لەخۆباییبـوونی هەریـەک لـە هێرقـی و تۆمسـن بکـەم. بـۆ نموونـە، دەکـرێ ‹‹خۆشـگوزەرانی›› چـی بـێ؟ ئایـا ‹‹ئاشـتی ناوەوەیـە- Shan-ti››؟ دوا دێـری زەوی لەدەسـتچووی تی ئێـس ئلیـۆت T.S. Eliot بـە نموونـە دەهێنمـەوە، لـەوێ وشـەیەک نیشـانەی یەکێـک لـە جـۆرەکانی وێنـەی نەمـەتی لەبـارەی هینـد دەگرێتـە خـۆ کـە مـەزنی گەردوونییـە. یـان ‹دڵخـۆش- Swast››ە؟ خاچـی قـولابی ‹‹ swasti-ka نیشـانەی 卐 ‹‹وەبیـر خوێنـەران دەهێنینـەوە، نیشـانەی سروتی براهمییـە بـۆ خۆشـگوزەرانی ماڵـەوە (هـەروەک هەمـان شتیشـە بـۆ (خـودا نیشـتمانمان پیرۆزبـکا)) وەک وێنەیەکـی نەمـەتی تاوانکارانەی باڵادەسـتیی ئارییـەکان. لەنێـوان ئـەم دوو خاوەنداریـەدا، بێوەژنـە جوانـە سـووتاوەکەی ئێمـە بـە بەردەوامـی لـە کوێییـە؟ خەرمانـەی ئـەم ناوانـە قەرزبـاری زۆر نووسـەرە، لەناویانـدا ئێـدوار فیتزجیراڵـد- Edward FitzGerald، وەرگێـڕی چوارینـەکانی عومـەری خەیـام کـە هـاوکار بـوو لـە بنیاتنـانی وێنەیەکـی دیاریکـراوی ئافـرەتی ڕۆژهـەڵاتی

لـه ڕێـی ‹‹بابەتیبـوونی›› مەزندەکـراو بـۆ وەرگێـڕان، زیاتـر لـە وردیـی کۆمەڵایـەتی. (هێشـتا ‹‹ڕۆژهەڵاتناسـی››ی ئێـدوارد سـەعید- ١٩٧٨، دەقـی فەرمییـە لێـرە). لـە ڕێـی ئـەم جـۆرە هەڵسـەنگاندنەدا، ئـەوا نـاوی وەرگێـڕدراو بـۆ گروپێکـی هەڕەمەکـی لـە فەیلەسـوفە فەرەنسـییە هاوچەرخـەکان، یـان ئەنجومـەنی کارگێـڕی کۆمپانیـا دیـارەکانی ئەمریـکای باشـوور، بەڵگـە لەسـەر وەبەرهێنانێکـی دڕنـدە دەدەن بەهـۆی حوکمـی ئاینـەوە کـە تەوەرەکـەی فریشـتەییبوون و پیرۆزبوونـە. ئـەو فێڵانـەی قەڵـەم دەیانکاتـە دیـاری، دەکـرێ لـە ڕێی ‹‹نـاوە باوەکان››یـش بمێننـەوە، بـەڵام نـاوی تایبـەت لـە هەموویـان پـتر فێڵـی تێدادەکـرێ. ئـەوەی ئێمـە لێـرە دەمانـەوێ لەبارەیـەوە بدوێیـن، تەڵەکـەی بەریتانییـە لـە بەکارهێنـانی وشـەی سـاتی. دوای ئـەم ناسـاندنەی بابەتەکـە، دەکـرێ تۆمسـن بنووسـێ ‹‹دەروونـناسی سـاتی››، ‹‹مـن ئـارەزووی ئـەوەم هەبـوو بـەدوای ئەمـە دا بچـم، بـەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە چیدیکـە لای مـن نهێنـی نییـە››[1]

لـە نێـوان سسـتەمی باوکسـالاری و ئیمپریالیزمـدا، هەروەهـا بنیاتنـانی بابـەت و دروسـتکردنی بوونـەوەر، وێنـەی ژن بزردەبـێ، وێنەکـە لەبـەر پاکیـزە نەبـوون ون نابێ، بەڵکـو خلخلۆکێکـی تیژڕەو هەیـە کـە وێنـای سـڕاوەی ‹‹ئافـرەتی جیهـانی سـێیەمە››، لـە نێـوان دابونەریـت و نوێگـەری گیـری خـواردووە. ئـەم لەبەرچاوگرتنانـە پێداچوونـەوە بـە تـەواوی وردەکارییـەکانی ئـەو حوکمانـە دەکـەن کـە وا دەردەکـەون بـە کەڵکـی مێـژووی سـێکسی دێـن لـە ڕۆژئـاوادا: ((ئەمـە دەبێتـە تایبەتمەندیـی داپڵۆسـین، ئـەوەی کـە لـەو قەدەغانـە جیایدەکاتـەوە کـە یاسـای سـزای سـادە دەیپارێـزێ: داپڵۆسـین

(1) Thompson, Suttee, p137.

وەک دەسـەڵاتدارێک بەسـەر ونبـوون بـاش کاردەکا، بـەڵام وەک پابەندبوونێکیشـە بـە بێدەنگـی و جەختکردنـەوە لـە نەبـوون، لـە کۆتاییشـدا هیـچ شـتێک نییـە بگوتـرێ یـان بگێڕدرێتـەوە، یـان بزانـرێ))[1] حاڵـەتی سـوتی وەک نموونەیـەک بـۆ ئافـرەت لـە ئیمپریالیزمـدا تەحـەدای دژبەریەکـە دەکا و هەڵیدەوەشـێنێتەوە لـە نێـوان بابـەتی (یاسـا) و بابـەتی ناسـینی (داپڵۆسـین) و دانـانی نیشـانەیەک لـە شـوێنی ‹‹بزربـوون›› بـە شـتێکی دیکـەی جیـاواز لـە بێدەنگـی و نەبـوون، ئەمـە گرفتێکـی گەورەیـە لەنێـوان بابـەت و پێگـەی بوونـەوەردا.

ئەمـڕۆ لـە هینـد تاڕادەیـەک ناوی سـاتی بـە شـێوەیەکی بەرفراوان بـۆ ئافـرەت بەکاردەهێـنرێ. ناونـانی مێینـەی شـیرخۆر بـە ‹‹هاوژینـی ڕووسـوور›› گاڵتەجارییەکـی گەورەیـە، گاڵتەجارییەکـە زۆر لـەوە گەورەتـرە کـە ئێمـە خەیاڵـی دەکەیـن، چونکـە ئـەو نـاوە هاوبەشـە هـۆکاری سـەرەکی نییـە لـە نـاوە تایبەتییەکـەدا.[٢] لـە پشـت ئـەو ناونانـەی شـیرخۆر سـاتی ئەفسـانەی هینـدۆسی هەیـە، دورگا Durga لـە ڕووکاریـدا وەک هاوژینێکـی ڕووسـوور.[٣] لـە بەشـێک لە چیرۆکەکـەدا، سـاتی کـە بەڕاسـتی ئـەم نـاوەی لێـنراوە، بەبـێ ئـەوەی بانگهێشـت بکـرێ، لـە دادگاییکـردنی باوکـی ئامـادە دەبـێ، تەنانـەت

(1) Michel Foucault, The History of Sexuality, trans. Robert Hurley (New York. Vintage Book, 1980). Vol. 1,p4.

(٢) ڕاسـتییەکەی، وشـەکە وەک شـێوەیەک لـە شـێوەکانی ناونیشـان بـۆ ژنێکـی زەیسـتان ‹‹خاتـوون›› بەکارهاتـووە، ئەمـەش بابەتەکـە ئاڵۆزتـر دەکا.

(٣) دەبـێ ئەوەمـان لەبیربـێ کـە ئـەم ڕۆمانـە زۆرێـک لـە تایبەتمەندییـەکانی دەرناخـا لەنـاو کۆمەڵێـک خواوەنـددا.

لـە بانگهێشـت نەکـردنی مێردەکـەشی کـە سـیفای خواوەنـدە. باوکـی دەسـت بـە سەرزەنشـتکردنی سـیفا دەکا و سـاتیش لـە خەفەتـان دەمـرێ. سـیفا بـە تووڕەییـەوە دێ و لـە دەوری گـەردوون سـەما دەکا و تەرمـی سـاتیش لەسـەر شـانیەتی. ڤیسـنو Visnu تەرمـی سـاتی پارچەپارچـە دەکا و بـە هەمـوو کونجـەکانی زەمیـن بڵاویـان دەکاتـەوە. لـە دەوری هـەر پارچەیەکـی دمنـە دا، شـوێنێکی مـەزن هەیـە بـۆ حـەج.

کەسـایەتی وەک خواوەنـدی ئەسـینا ‹‹کچـانی بـاوک کـە وەک خـود ڕاگەیەنـراون، بـەڵام ڕەحـم پیـسی نەکـردوون›› وا دادەنـرێ بـە کەڵکـە بـۆ بنیاتنـانی خـۆ زەلیلکـردنی ئایدۆلۆجیـی ژن، ئـەوەی کـە پێویسـتە لـە هەڵوێسـتە هەڵوەشـانەوەگەراکە جیـای بکەینـەوە لـە بەرانبـەر بابـەتی چییـەتی، ئـەوا چیرۆکـی ئەفسـانەیی سـاتی کـە ڕەنگدانـەوەی هەمـوو کۆپلەیەکـی گێڕدراوەیـە لـە سروتەکـە، ئەرکێکـی هاوشـێوە ڕادەپەڕێنـێ: مێـردی زینـدوو بەهـۆی مـردنی هاوژینـی، تۆڵـە دەکاتـەوە و مامەڵـەی نێـوان خواوەنـدی مـەزنی نێرینـە دەبێتـە هـۆی لەناوبـردنی مێینـە و دواتریـش ئاماژەکـردن بـە زەوی وەک جوگرافیایەکـی پیـرۆز. بینینـی ئەمـە وەک ڕێبەرییەکـی ژنانـەی هیندۆسـیی کلاسـیکی یـان کەلتـوری هینـدی کـە لـە دەوری خواوەنـدا جێگـەی گرتـووە- goddess-centered، لـەم سۆنگەیەشـەوە ئافـرەتی فێمینیسـت لـە ڕووی ئایدۆلۆجییـەوە یـان ناوەندێتـی ئیتنیکـی پێچەوانـە لـە زگماکـەوە پیسـبووە، بـەو پێیـەی کـە ئیمپریالییـە، ئـەوا وێنـەی شـەڕکردنی نورانیـی دایکـە دورگا دەسـڕێتەوە و وەبەرهێنـان لـە نـاوی ڕاسـتەقینەی سـاتی دەکا، بـە بـێ هیـچ دەلالەتێـک، تەنیـا سروتی سـووتاندنی پیرەژنێـک نەبـێ

کـە وەک قوربـانی دەسـوتێنرێ کـە دەکـرێ دوای ئەمـە ڕزگار بکـرێ. ڕووبەرێـک ناهێڵێتـەوە کـە لـە ڕێیـەوە بابـەتی ژێردەسـتە قسـە بـکا.

ئەگـەر چەوسـاوەکان لـە سـێبەری سـەرمایەداریی کۆمەڵایـەتی وەکـو پێویسـت و بەبـێ پێنـاو ئەگـەری گەیشـتنیان نییـە بـە بەرگرییەکـی «دروسـت»، ئایـا لـە توانـای ئایدۆلۆجیـای سـاتی دا هەیـە لاگیـری هـەر نموونەیـەک بـکا لـە مومارەسـەی دەسـتێوەردان کـە خـۆی لـە مێژوویەکـی پەراوێزخـراوەوە هاتـووە؟ بەوپێیـەی ئـەم وتـارە کار لەبـارەی ئـەو فیکرەیـە دەکا کـە هەمـوو ئـەو نۆسـتالۆژیا ڕوونـە بـۆ ڕەچەڵەکـە لەدەسـتچووەکان کارێکـی جێـی پرسـیارە، بەتایبـەتی کـە وەک زەمینەیـەک وایـە بـۆ بەرهەمهێنـانی ئایدۆلۆجیـای دژ بـۆ باڵادەسـتیی، پێویسـتە بـەردەوام بـم، تـا نموونەیـەک پێشـکەش بکـەم.[1]

---

(١) هەڵوێسـتی ڕەتکـەرەوەی نۆسـتالۆژیا وەک بنچینەیـەک بـۆ بەرهەمهێنـانی ئایدۆلۆجیـای دژە باڵادەسـتی، پشـتگیریی بەکارهێنـانی نەرێنـی نـاکا، لـە چوارچێوەی ئاڵۆزیـی ئابووریـی سیاسـیی هاوچەرخـدا، ئەمـە تاڕادەیەکـی زۆر جێـی گومانـە، بـۆ نموونـە تـاوانی چینـی کرێـکاری هینـدی کـە ئـەو بوکانـە دەسـوتێنن کـە مارەیـی کەمیان لەگـەڵ خۆیان هێنـاوە و دواتر واپیشـاندەدەن، بـۆ بەجێگەیانـدنی نەریتـی سـاتی کارەکـەی کـردووە. ئەوپـەڕی بانگەشـەکردن بـۆ ئەمـە لاگیرییـە لە ژمارەیەک نیشـانەی سـیمیایی لەگـەڵ بابـەتی مێینە وەکو دالێـک، ئەمـەش جارێکـی دیکـە دەمانگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەو گێڕانەوەیـەی ئێمە ئاشـکرامان دەکـرد. ڕوونـە کە لەسـەر مـرۆڤ پێویسـتە کار بۆ وەسـتاندنی تاوانی کوشـتنی بـووک بـکا بـە هەمـوو شـێوەیەک. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگەر ئـەم کارە بەهـۆی نۆسـتالۆجیایەکی لێنەکۆڵـراوە، یـان پێچەوانەکـەی ئەنجامـدرا، ئـەوا هـاوکاری ئـەو چالاکییـە دەبـێ لـە گۆڕینـی ڕەگەزیـی/ مێینـە، یـان بـە ڕەهایی ئەندامـی زاوزێ وەکـو دالێـک شـوێنی بابـەتی مێینـە دەگرێتـەوە.

(ئـەو نموونەیـە لێـرە دەیهێنمـەوە، پەیوەندییـی نییـە بـە پەیوەندیـم بـە هەندێـک لـە خوشـکە هیندۆسـییە توندوتیـژەکان، لەبـارەی داڕمانـدنی خـود. پێناسـەی هیندیـی بەریتـانی بـەوەی کـە هینـدۆس لـە یاسـای هینـدۆسی یەکێکـە لـە نیشـانەکانی شـەڕی ئایدۆلۆجـی بەریتانـی لـە دژی دەسـەڵاتدارە موسـڵمانە مەغۆلـەکان لـە هینـد، بەیەکدادانێکـی گـەورە ڕوویـدا لەسـەر ئـەو بنەمایـەی ئـەو شـەڕەی کـە هێشـتا کۆتایـی پێنەهاتـووە، هەوڵـی دابەشـکردنی نیمچـە کیشـوەرەکەی دەدا، سـەرەڕای ئەمـەش و بەپێـی بـاوەڕی مـن، نموونـەی تاکـی لەمجـۆرە، نوێنەرایـەتی شکسـتێکی کارەسـاتبار دەکا کـە وەک نموونـەی خۆتێهەڵقورتاندنـن، چونکـە من بەمشـێوەیە لـە بەرهەمهێنـانی نموونـە دەپرسـمەوە. لـە لایەکـی دیکـەوە، دەکرێ ئـەم نموونانـە کـە وەک بابـەتی شـیکاری گوتـاری ڕۆشـنبیر وان کـە لـە خـودی خـۆی دانابـەزێ، تیشـک بخەنەسـەر بەشـێکی دەقـی کۆمەڵایـەتی، بـەڵام بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی).

بهوڤانیسـواری بهـادوری Bhuvaeswari Bhaduri کچێکـی گەنجـی تەمـەن شـازدە یـان حەڤـدە سـاڵان بـوو، لـە شـوقە ئاسـاییەکەی باوکـی لـە باکـوری کالکوتـا لـە سـاڵی ١٩٢٦ خـۆی هەڵـواسی. خۆکوشـتنەکەی نهێنـی بـوو، چونکـە بهوڤنیسـواری لەوکاتـەدا لـە سـوڕی مانگانـەدا بـوو، ڕوونیشـە بابەتەکـە پەیوەنـدی نەبـووە بـە سـکپڕیی ناشـەرعی. دوای تێپەڕینـی نزیکـەی دەیەیـەک، ڕوونبـووەوە کـە ئـەو کچـە ئەنـدام بـووە لـە یەکێـک لـەو گروپانـەی بەشـداریی زۆریـان لـە خەبـاتی چەکدارییـدا کـردووە، لـە پێنـاو ڕزگاریـی هینـد و دواجـار داوای ئیغتیـالی سیاسی لێکرابـوو و ئەویش نەیدەتـوانی ئەرکەکـە ڕەتبکاتـەوە و درکیـشی بـەو بـاوەڕە کردبـوو کە

گروپەکـەی پێیـان هەبـوو، بۆیـە خـۆی هەڵـواسی.

بهوڤانیســواری دەیــزانی مردنەکــەی وەک ئەنجامــی خۆشەویســتییەکی ناشــەرعی لێکدەدرێتــەوە، بۆیــە چاوەڕێــی ســەرەتای بێنوێژییەکــەی کــردووە. لــە کاتی چــاوەڕوانی، ڕەنگــە بهوڤانیســواری ئــەو براهماکارینیــەی هەوڵــی ئــەوەی دەدا ببێتــە هاوژینێکــی ڕووســوور، دەیــەوێ دووبــارە دەقــی کۆمەڵایەتیــی خۆکوشــتنی ســاتی بــە شــێوەیەکی دەســتکاریکراو بنووســێتەوە. (یەکێـک لـە لێکدانـەوەکان بـۆ ئـەو کارەی کردوویـەتی بریتییـە لـەو خەمۆکییــەی تــووشی بــووە بەهــۆی گاڵتەپێکــردنی شــوبراکەی کــە بــەردەوام پێیگووتــووە ئــەو گــەورە بــووە و چیــدی ناتوانــێ ببێتــە دایـک). ئـەم پاڵنـەرە بـە ئەنقەسـتەی خۆکوشـتنی ئافرەتـان لـە ڕێـی بەرگەگرتنـی ناخۆشـییەکانی لاگیریـی گەورە (نـەک تەنیـا نکۆڵیکردن) گشـتێنراوە لـە تۆمـاری فسـیۆلۆجی بـۆ جەسـتەی و زیندانیکـردنی لـە سـۆزێکی ڕێگەپێـدراو لەلایـەن تاکـە نێرینەکـەوە. لـە کـۆی کارەکەدا هەڵسـوکەوتی کچەکـە پوچگەرایانەیـە، بەوپێیـەی لەبـاتی ئـەوەی ببێتـە حاڵەتێـک بـۆ سـەلامەتی عەقـڵ، بووەتـە حاڵـەتی هەڵچـوون. جووڵـەی چاوەڕوانکـردنی سووڕی مانگانـەشی، لـە بەراییـدا، کودەتایە بەسـەر قەدەغـەی مـافی بێـوەژن کـە ناتوانـێ لـەکاتی بێنوێژیـدا خۆی بکاتـە قوربـانی، پێویسـتە ئـەو بێوەژنـە پیسـە چـاوەڕێ بـکا، تـا ڕۆژی چـوارەم و کاتێـک پاکبـووەوە، خـۆی بشـوات، ئینجـا دەتوانـێ داوای ئیمتیـازە بێهاوتاکـەی بـکا.

لــەم خوێندنەوەیــەدا، خۆکوشــتنی بهوڤانیســاری بهــادوری لەبـارەی ژێردەسـتەیەکە کـە دەیـەوێ دووبـارە، بـەڵام بـە نادڵنیایـی، دەقـی کۆمەڵایـەتی خۆکوشـتنی سـاتی بنووسـێتەوە، بـە هەمـان بـڕی

بەسەرهاتی باڵادەستی تێکۆشانی خێزانیی تورەی دورگا. ئیمکاناتی موعارەزەی پەرەسەندوو لەسەر ئەو بەسەرهاتەی دایکە خەباتکارەکە زۆر جێی دڵنیاییە و لە لایەنی گەل و لەکاتی وتاری سەرکردە نێرینەکان و بەشدارییان لە بزوتنەوەی سەربەخۆیی وەبیردەهێنرێنەوە، چونکە ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ئافرەتی ژێردەستەوە هەیە، نە دەکرێ گوێیان لێبگیرێ و نە بشخوێنرێنەوە.

من لەڕێی بەستەرە خانەوادەییەکان زانیاریم لە بارەی ژیانی بهوڤانیساری دەستکەوت. بەر لەوەی بە بەرفراوانی لێپێچینەوە لە خانەوادەکەی بکەم، داوام لە ژنێکی بەنگالی کرد کە فەیلەسوفە و لە زمانی سانسکریتیدا پسپۆرە و بەرهەمە فیکرییە بەراییەکانی تەقریبەن لە بەرهەمەکانی من نزیک بوون. لەسەرەتای کارەکە دوو کاردانەوەم دەستکەوت: (١) بۆچی تۆ بایەخ بە بهوڤانیساری داوەشاو دەدەی، لەکاتێکدا سایلسواری و راسیسواری کە دوو خوشکی ئەون، بەختەوەر دەژین؟ (٢) لە منداڵە خوشکەکانیم پرسی، گوتیان پێدەچێ خۆشەویستییەکی نهێنی بێ.

بۆ ئەمە هەوڵمدا لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دریدا بەکاربهێنم و تێشی بپەڕێنم، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە پێی شاگەشکەم، چونکە فێمینستە. لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوەی ئەو پرسەی باسمکردووە، مۆرفۆلۆجیاکەی ئەو پێداگرتر و بەسوودترە لە تێوەگلانی فۆکۆ و دۆلوزی دەمودەست و جەوهەری لە زۆر لە پرسە ‹‹سیاسی››یەکان، بانگەشەی ئەم دووەی دوایی ‹‹بنە ئافرەت››، کە ڕەنگە کاریگەرییەکەیان زۆر مەترسیدارتر بێ

لەسەر ئەکادیمییە ئەمریکاییەکان بەو پێیەی ڕادیکاڵی و گەرموگووڕبوون. دریدا ئاماژە بە ڕەخنەی ڕادیکاڵی دەکا لە ڕێی دەستبەسەرداگرتنی مەترسیدار لەسەر ئەوانی دیکە لە پێناو وەرگرتنی. ئەو لە بنەچەدا خوازەی درکاو دەخوێنێتەوە. داوای دووبارە نووسینەوەی پاڵنەری بنیاتگەرایی یۆتۆپی دەکا، بەوەی بریتییە لە ((کردنی ئەو دەنگەی ناوەوەمان بە هەڵچوون، بریتییە لە دەنگی ئەوی دیکە لە ئێمەدا))، دەبێ لێرەدا دان بە کەڵک وەرگرتنە درێژخایەنەکەمدا بنێم کە پشتم بە دریدا بەستووە کە وا دەردەکەوێ من لای هەردوو نووسەری هەردوو کتێبی مێژووی ڕەگەز و هەزار گرددا نایبینمەوە.[1]

---

(١) کتێبی ‹‹دەسەڵات و خودێتی لای فۆکۆ-١٩٨٤››م نەخوێندووبوویەوە کە پیتەر دێوس نووسیویەتی:

Peter Dews, "Power and Subjectivity in Foucault", New Left Review,144 (1984)

تا لە نووسینی ئەم وتارە بوومەوە، بینیم کتێبەکە لەبارەی هەمان بابەتە و زۆر خاڵی هاوبەش هەن لەنێوان ڕەخنەکانی ئەو و هی مندا. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەمان ئەو ئاستەی دەتوانم گەواهی بدەم کە ئەو لە وتارە کورتەکەیدا بە تێڕوانینێکی ناڕەخنەگرانە لەسەر تیۆرەکانی ڕەخنە و نێوان ئەو خودێتییەی کە زۆر بە ئاسانی دەکرێ بگۆڕێ بۆ تاکێتی لە بابەتێکی مەعریفیدا. دێوس باسی نەریتی مارکسیزم و بابەتی سەربەخۆ دەکا کە هی من نییە. سەرەڕای ئەمەش گێڕانەوەی لەبارەی ‹‹تەنگژەی قۆناغی دووەم لە قۆناغی پاش بونیادگەری بە گشتی››، چونکە پشتی بە دریدا نەبەستووە، ڕەنگە بە پووچی دابنێم، چونکە دریدا دژی دابەشکاریی زمان بووە هەر لە کاری یەکەمییەوە. ‹‹پێشەکی›› لە ئیدمۆند هۆسرل، بنەچەی ئەندازە، لەڕێی جۆن لیڤی (ستونی بروک، نیورک: نیکۆلاس هایز، ١٩٧٨)

ژێردەستە ناتوانێ قسەبکا. هیچ فەزڵێک لە لیستی جلشۆردنی جیهانیدا نییە بۆ «ئافرەتان» کە ڕەگەزێکی گوێڕایەڵن و نوێنەرایەتیکردنیان کۆتایی پێنەهاتووە. ئافرەتی ڕۆشنبیر ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە، نابێ بە گەشەسەندوویی خۆی لێ بێبەری بکا.

---

Edmund Husserl. The Origin of Geometry, trans. John Leavy (Stony Brook, N.Y: NicolasHays, 1978)

ئەوەی کە بەتەواوەتی ئەم شرۆڤەیەی نایاب کردووە، بە چاوپۆشین لەو مەترسیەی لێیم هەیە، ئەو بابەتەی کاری فۆکۆ دەخاتە مێژووەکەی، بریتییە لە بابەتی لاسایی ئەوروپی (ل٨٧، ٩٤)

## ناسنامەی پرۆژە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.